# شیعری کراوە

لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا

پێشکێشە بە:

سیدرا و زمانی سیدرا، ئەو زمانەی تەنیا من و
ئەو لێی تێ دەگەین.

# شیعری کراوە

له ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا

سەلاح حەسەن پاڵەوان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

سەلاح حەسەن پاڵەوان
شیعری کراوە – ڕەخنە و لێکۆڵینەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤٠
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧٠ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: بۆکان نووری سەعید

# وردبوونەوەیەک

خوێندنەوەیەکی قووڵی هەر تێکستێکی شیعری ئاسانە کاتێک کە ئەو شیعرە بە ریتمێک دەڕوات و لە پێوەندییەکی زنجیرە ئاسای بەدووی یەکداهاتوودا بن و بەشەکانی تەواوکەری یەکتری بن، یان رۆمان ئاسا داستانە شیعرێک، یان حەکایەتێکی شیعری و یەک هەستی شیعری بن لە دوو توێی رووداوێکی دوور و درێژدا، بەڵێ ئەو کاتە ئاسان دەبوو، قسەکردن لە شێوەی لێکدانەوە و قووڵایی و شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆد و ریتمەکانی و دووبارە خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەی کە شاعیر هۆشمەندانە و ناهۆشمەندانە بەکاری هێناون.

بەڵام هەندێ شیعر خوێندنەوە و شیکردنەوەی بنیاتەکەی و هەڵوەشاندن و دووبارە رەخنەلێگرتنی شێوەی داڕشتن و دەربڕینەکانی کارێکی گران دەبێ گەر هاتوو زنجیرەی شیعری ئەو شیعرە لە شێوەک لە شیعرییەتدا پێکەوە بەند بن تا بابەت و گرێچن و گێڕانەوە شیعرییەکان، کارێکی گران دەبێ ئەگەر ئەو قەسیدە درێژە سەرەتای هەر شیعرێکی سەرەتا بێ بۆ شیعرەکانی تر و کۆتایی لە هەر شیعر و سەرەتا لە هەر شیعرێکی تردا بدۆزیتەوە، هەروەها کارێکی گران دەبێ ئەگەر هاتوو ئەو شاعیرە هیچ کۆمەڵە بنیاتێکی نامەئلوفانە پێکەوەیانی نەبەستێتەوە، بەڵام ئەو کاتە کارەکە ئاسانە ئەگەر تۆ بەوە بگەیت کە ئەو شیعرە کۆمەڵێ کەلێنی هونەری تێدایە کە تەنیا ڕەخنە دەتوانێ بیدۆزێتەوە.

دیوانی "سەد و یەکشەوە" ی سەباح رەنجدەر لەو شێوە دیوانەی سەرەوەیە کە پێویستی بە چەندبارە خوێندنەوەی قووڵی زمانەوانی و فیکری و مێژوویی و کولتووری هەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی سیمیۆلۆجیانە هەیە،

خوێندنەوەی شێوەی بیرکردنەوە و دارشتنەکانی خودی شاعیر، ئەو ژمارە و ناو و ئەو بەسەرهات و شیعر و شاعیر و گیانلەبەرانەی بەکاری هێناون.

بەســـەرهاتی نێـــو دیوانی "ســـەد و یەکشـــەوە" بەســـەرهاتی شـــەو و ڕووداوەکانێتی، بەسەرهاتی هەموو ئەو مێژووەیە کە شاعیر لەگەڵیدا ژیاوە، ئەگــەرچی لەم دیوانەدا ئەوەی پێــوەندیی بە شـــەوەوە هەبێ تەنیــا هەشت ئاوڕدانەوە بۆ شەو هەن وەک شیعرەکانی "ئاگردان، خەوتن، چاو، مۆتەکە، حەکایەت، ئەستێرە، کاتژمێر، چلچرا"، بەڵام ئاماژەکردنێکیش هەیە، بۆ هەموو ئەو شتانەی پێوەندیی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤیان بە شەوەوە هەیە، وەک تاریکی و خەم و زیندانی و حەسرەت و ڕەشبینی و وەڕسی و گریان و قفڵ و خۆکوشتن و زەلیلی و خنکاندن و دڵتەنگی و حەسرەت. لە بەرامبەر شتە جوانەکانی تری وەک مێوان و ئەشق و شیعر و سوپاس... هتد.

پێش ئەوەی بچمە نێو بەسەرهاتی دوور و درێژی ئەم کارە نوێیەی سەباح ڕەنجدەر، حەز دەکەم بۆ ساتێک زمانی شیعریی ئەم شاعیرە لەم دیوانە شیعرییەدا لێک بدەمەوە، زمانی ئەم دیوانە بازدانێکی سیمیۆلۆجیانەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەو بازدانە لە دیوانەکانی تری وەک (زێوان و خەون وا خۆی گێڕایەوە)، بەدەرناکەوێ، ئەویش بەهۆی چەقبەستنی شاعیر بەدەوری زمان و وێنە زمانەوانییەکاندا، بەڵام لێرەدا ئەم چەقبەستنە دەگوێزرێتەوە بۆ نێو زمان و بابەت، ململانێی نێوان زمان و زمان نییە بە ئەندازەی ئەوەی ململانێی نێوان میتافۆرم و بابەتییە زمانەوانییەکانی شاعیرە، لەم دیوانەدا دەوڵەمەندی زمان لە وشەکان و ململانێی نێوان ڕستەکاندا دەرناکەوێ، بگرە لە نێوان بابەت و مۆسیقا زمانەوانییەکاندا دەردەکەون، لێرەدا شاعیر هەوڵی داوە خۆی لە گەمەکردن بە زمان قورتار بکا و خۆی هاویشتووەتە نێو گەمەکردن بە بابەتەکان لەنێو جوغزی زماندا، زمان دەبێتە سەرچاوە نەک سەرچاوە ببێتە زمان، لە دیوانەکانی پێشوودا شاعیر گرفتی گەورەی لە بەکارهێنانی زمان بووە، بەڵام لێرەدا گرفتەکە دەڕواتە نێو وشە و بابەتەکان و زمانیش لێرەدا وەسیلەیە نەک مەبەست.

زۆربەی زۆری گەمەکانی زمان لای شاعیر سەرچاوەی لە پێوەندییەوە وەرگرتووە، پێوەندیی لە نێوان مێژوو، کلاسیکیەتی شیعر و توانەوەی بابەت لەنێو بەسەرهاتەکاندا، کەسایەتی و دەستەواژەوە بابەت و پێوەندییەکان دەبنە شێوازێک بۆ نوێبوونەوە نەک بۆ دووبارەبوونەوە، توانای سیمیۆلۆجی زمان وای کردووە، کە دووبارەبوونەوەی لە شیعرەکانی شاعیردا دەرنەکەون، لێرەشدا دەستووری زمان وەکو جاران تێکناشکێنرێ، بگرە دەستووری زمان دەوڵەمەند دەبێ بەدووبارە نەبوونەوەی ڕستە سواوەکان. گرفتی گەورەی شیعری نوێی کوردی خۆی لە سوانەوە و سوورانەوە لە تاکبازنەییدا دەبینێ.

زمانی تاکبازنەییی شیعری کوردی تووشی دووبارەبوونەوەی یەکشێوەیی زمان کردووە، هەربۆیە شێوەشیعرییەکانی نێو شیعری کوردی زۆر لەیەک دەچن، ڕوویان پێش ئەوەی دەرکەوێ ناسراوە، زۆربەی سیماکانیان لە یەک دەچێ، دەستەواژەکان تەنیا گۆڕانی جێگۆڕکێی بەخۆیانەوە دەبینن، بەڵام ئەم شێوەیە لەنێو کاری هەندێ لە شاعیرانی کورددا گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، تاکبازنەییاین شکاندووە و لە ڕووبەری فرەبازنەییدا دەسوڕێنەوە کە ئەمەش دەکرێ لە هەندێ لە کارەکانی شاعیرانی وەک: (هاشم سەڕاج و سەباح ڕەنجدەر و ئەنوەر مەسیفی و جەمال غەمبار و بەرزان هەستیار و ... هتد) ببینرێ، تێکشکانی ئەو تاکبازنەییە ڕووبەرێکی بەرفراوان دەگرێتەوە، وەک دەرچوون لە یەکتاکی و یەکمەودایی زمان و توانەوەی شیعر لەنێو بابەتەکان نەک بابەتەکان لەنێو شیعردا، سوورانەوە لە نێو کولتووردا بەشێوەی سوڕانەوەی ئاسۆیی و نەک ستوونی و دۆزینەوەی یاقووتەکانی وشە لەنێو ڕستەدا، ڕستەی شیعری نابێتە سەرەتا، بگرە دەبێتە دووبارەبوونەوەی هاتوچۆ لەنێو سەرەتا و کۆتاییدا، لای ئەم شاعیرە فرەبازنەیی وای کردووە، ماندوویی شیعری پێوە دیار نەبێ، ماندوویی شیعری پەلکێشی ناکات بۆ نێو خۆخواردنەوە و دووبارەبوونەوەی ماندووکەر، بگرە پەلکێشی دەکات بۆ ڕووبەرێکی بەرفراوان و زێدەتر وزەیی شیعری پێ دەبەخشێ، هەربۆیە دەبینین وێنەکان لەنێو ئاوێنەی هەمەچەشنی قۆقزی و تەخت و سێمەوداییدا

دووباره دەبنەوە، سەرچاوەکانی ئەو سەرچاوانەن دەوڵەمەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییان پێوە دیارە، دیارە جارجاریش دەکەوێتە نێو شێوە ونبوونیێکی شیعری، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە تواناکانی لەدەستداوە، تێنەگەیشتن لە هەموو ساتەکان وای لێ دەکات، وردە وردە تووشی لەدەست دانی زەمەن بێ، لە دەستدانی زەمەن وای لێ دەکات، خۆی لەنێو شڵەژانی زماندا ونکات، شڵەژانی زمان ڕوو دەدات، ئەم شڵەژاویە دەیخاتە نێو دوو دەرگەوە، دەرگەی دەرچوون بەرەو قووڵبوونەوە لەنێو ئەو شڵەژاوییە، یان دەرگەی دۆزینەوەی سەرەدەزووی بابەتەکان و لە کۆتاییدا چوون بەرەو مەودایەکی بەرفراوانتر.

بەپێی مارتن هایدگەر مرۆڤ زمان بەکار ناهێنێ بگرە زمان لە میانەی شتەکانەوە خۆی دەگێڕێتەوە، زمان لای شاعیری کورد ئەو ئەرکە بە زمان نابەخشێ کە خۆی قسە لەسەر خۆی بکات، بگرە شاعیری نوێی کوردی ئەو ئەرکە بەخۆی دەبەخشێ، دەبینین لای (نالی و مەحوی و سالم و ناری) و زۆر لە شاعیرە دێرینەکانمان ئەم ئەرکەیان بەپێی وتەی هایدگەر بەخۆیان نەبەخشیوە، بگرە لای ئەوان زمان خۆی شەرحی دڵی خۆی دەکا، زمان بابەتەکان پەلکێش ناکات، بگرە بابەتەکان زمان پەلکێش دەکەن، ڕوحی شیعری لەنێو زماندا زیندووە ئەگەر هاتوو زمان توانی دەسەڵات لە شاعیر بسەنێتەوە، مانای وایە نەمری بۆ خۆی تۆمار دەکات، هەر بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو دەرگایانەی زمانیان لێ دێتە ژوورەوە زمان و دەسەڵاتی زمان خۆیانن نەک شاعیر، زۆر ئازاد و سەربەخۆن و نەمری بەخۆیان دەبەخشن، دەبینین ئەو شیعرانەی کە بابەتیان سەپاندووە بەسەر شیعردا شیعر و توانای شیعریان تووشی ئیفلیجبوون کردووە، هەر بۆ نموونە بڕوانینە جیاوازی نێوان شیعرە پڕ مەوداکانی (شێرکۆ بێکەس) و ئەو شیعرانەشی تەکلیفی لە خۆ کردووە بیاننووسێ: (وەک شیعرەکان سیاسی و بە سیاسیبووەکانی)، بۆیە ئەگەر زمان توانی ئەو ئەرکە لە شاعیر بسەنێتەوە مانای وایە ئەو دەیەوێ داهێنانێ لە خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنێ.

لای شاعیر (سەباح ڕەنجدەر) شیعر دەبێتە سەرەتا و بەنێو دەریاکانی کۆتاییدا هەنگاو دەنێ، هەروەها زمانیش بەپێی ئەوەی کە پۆل ریکۆر دەیڵێ زمانی شیعری مانای زیاتر دەبەخشێ، لەم رووەوە شیعر و کۆدەکانی زمان لای شاعیر مانای زیاتر دەبەخشن لەبەرئەوەی لە زمانی سادە جیا دەبنەوە، دەچنە جیهانی پەنهانی نێوان خوێنەر و گوێگرەوە، زمان ئەو رووبەرە بەجێ دێڵێ کە پێی دەوترێ لاسایکردنەوەی سادەی شتەکان، یان دووبارە شەرحکردنەوەی ڕووداو و دەستەواژەکان، نەخێر زمان لێرەدا دەبێتە دەروازەیەک و لەوێوە دەرگە بە رووی هەموو ئەو شتانەدا دەکاتەوە کە پێی دەوترێ خولقاندنی زمان لەنێو ڕوحی زمان. بەوتەی پۆل ریکۆر شیعری کۆنکریتی ئەرکی خوێنەر سەخت دەکا، هەر بۆیە کۆنکریەتی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەوەدایە کە شاعیر شتێک زیندوو دەکاتەوە کە لەدەست دەرچووە، یان بەسەرچووە، یان ئەوەی ئەو دەیخاتە ڕوو شتێکە کە نهێنییە تەنیا لە نێوان خوێنەر و شاعیردا ئەو نهێنییە ئامادەیە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر پێوەندیی هەن لەمیانەی پێوەندیی نێوان من و ئەودا ڕوو دەدەن، بۆیە قسەکردن لە توانای شیعری وا دەکات کە هەمووکات بۆ زمان بگەڕێینەوە، گەڕانەوە بۆ زمان گەڕانەوە بۆ ئەسڵی مەسەلەکان، گەڕانەوەیە بۆ چیرۆکی ئەو بەسەرهاتانەی کە مرۆڤ لە نێوان زەمەنەکاندا ون دەکەن و لە نێوان خود و بیرکردنەوەدا جێگەیەک بۆ خۆیان داگیر دەکەن.

گەورەترین گرفتی شیعری ئێمە لەوەدایە کە بە کەمی دەڕوانینە زمان، ئەمە نەک گرفتێکی تایبەتە بە نەتەوەیەک، ئەم گرفتە لە هەموو شیعری نەتەوەکانی تردا ڕەنگی داوەتەوە، بە کەم ڕوانینە زمان بە کەم ڕوانینە شیعرە، واتە شیعر و زمان لەیەک حاڵەتدا پێکەوە دەڕۆن و لەیەک حاڵەتدا پێکەوە دەست پێدەکەن، مانای وایە شیعر هەوڵە بۆ دووبارەکردنەوەی زمان و دووبارەکردنەوەی پێوەندییەکان، دووبارە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانەی کە نێوانەکان پڕ دەکەنەوە.

زمان هەوڵە بۆ هاتنە خوارەوە لە ئاستێکی بەرزی داهێنان بۆ ئاستە نزمەکانی، ئەمەش خۆی لە خۆی بەکەم ڕوانینە بۆ زمان، زمان پێشتر هەوڵ

بووه، بۆ دووبارەکردنەوەی ڕۆڵی زمان و گەورە ڕوانینە زمان، هەوڵ بووە بۆ پێشکێشکردنی ڕۆڵێکی مەزن و بە زمان و پێوەندییەکانی زمان، هەوڵ بووە بۆ دووبارە تێکدانەوەی پێوەندییەکان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە زمانی ئاساییدا هەبوون.

لە شیعری نوێی کوردیدا زمان هەوڵ دەدا ئەو ڕووبەرە بەجێ بێڵێ کە پێی دەوترێ زمان و هەوڵ دەدا خۆی بهاوێتە نێو گەمەی دەرەوەی زمان، واتە لە دەرەوەی زمان گەمە بە زمان بکات و لە دەرەوەی زمان باس لە ژیان و داهێنان بکات، لە شیعری نوێی کوردیدا هەندێ هەوڵی پڕ تەوژم هەن کە لەنێو زمانەوە دەردەپەڕن و یارییەکانی خۆیان نیشان دەدەن، شاعیر لە (زێوان و خەون وا خۆی دەگێڕایەوە) دا دەیەوێ ئەو سنوورەی نێوان واقیع و ژیان لە شیعرەکانی بە زمان و کارکردن لەسەر زمان بنوێنێ، هەر بۆیە ئەو لەنێو زمانەوە کارەکانی خۆی دەکات و لەنێو زمانەوە پێوەندیی دادەمەزرێنێ، بۆیە مۆرکی داهێنان توانا و هەوڵەکانی بەجێ ناهێڵێ، هەوڵەکانی یەخەی دەگرن، بۆ ئەوەی بەرەو نێو زمانی بەرن.

لەم دیوانەیدا هەوڵ دەدەم ئەو توانایە بدۆزمەوە کە خۆیان لەنێو زمانی ئەودا شاردووەتەوە، ئەو زمانەی کە ئەو لە دەرەوەی زمانەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات نەک لە ناوەوەی زمان، ئەو زمانەی کە دەیەوێ بازنەکانی داهێنان و بیرکردنەوەی خۆی بەرفراوان بکات، پاشان باس لەو هەوڵانە بکەم کەم تا زۆر لە هەوڵەکانی پێشووتری جیاوازییەکی تێدایەوە، لە هەوڵەکانی پێشووتری جیاوازیەک بە سیما و پێوەندیەکانییەوە دیارە.

# سپی و ڕەش

پێش هەموو شتێ دەمەوێ لە ناونیشانی دیوانی شیعری (سەد و یەکشەوە)ەوە دەست پێ بکەم، لە هەمـوو پێـوەندییـەکی نووسین و بەکـارهێنانی وشـە بۆ دەربڕینی پێوەندییەکان. پێوەندیی نێوان ڕەش و سپی دەردەکەوێ، یەکەم لە پێوەندیی دەرەکی و دووەم لە پێوەندیی ناوکۆییدا، لەم ناویشانەدا بەرامبەر ناوێکین، یەکسەر زەمەنێک لە(ڕەشی)مان بەبیر دێنێتەوە کە ئەویش ژمارەی شەوەکانە کە بریتییە لە ۱۰۱ شەوە، دیارە شەو ئەو سیمبۆلە تاریکەیە، کە دەربڕینی کاتێکە، کاتەکەش بێگومان لەگەڵ خۆیدا نەمانی ڕووناکی دەگەیەنێ و بۆ خـۆشی دەربڕینە لە کـوژانەوەی سـاتە ڕوونەکـان، وەک ڕۆژئاوابوون و چاوداخستن و نەمانی ڕووناکی و کوژانەوە و خامۆشبوونی چرا و... هتد، ئەم ناوە بۆ ئەو ساتانەمان دەگەڕێنێتەوە کە لەمیانەیانداڕووداوەکان گۆڕانیان بەسـەردا دێ، دیارە لەم دیوانەدا شـاعیـر دەیەوێ بەڕاستی دەنگێک بێ بۆ گێڕانەوە لە شـەوەکـاندا نەک دەنگێک بێ بۆ دەربڕینی سـەد و یەک ڕووداوی ڕڕەش، بەڵام لەم نێوەندەدا دەبینین بەکارهێنانی ئەو سیمبۆلانەی کە پێوەستن بە شەوەوە بریتین لە: (خەون، مانگ، سێبەر، چرا، ئەستێرە، مۆم، گڵۆپ، چلچرا، شقارتە، شەو، تریفە، کاتژمێر، شەمشەمەکوێرە، تەختەی نووستن....)، شاعیر ٦٩ جار ئەم هێمایانە لە سەد و یەک قەسیدەکەیدا دووبارە دەکاتەوە، هەروەها لە سەرتاپای قەسیدەکەدا لە بەرگەوە بۆ دوا شیعر کـە شـیـعـری "پوولفرۆشـە" ۱۳ جـار وشـەی شـەو بەکـار هێنراوە، دیارە بەکارهێنانی ئەم ژمارانە و بەم شێوەیە هێمایە بۆ ئەوەی کـە شـاعیـر هۆشـمـەندانە دەیەوێ لەلایەک دەربڕینێک بخـاتەڕوو لەربارەی ڕەشـێـتی حاڵەتەکان و لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی ژمارەی تاکەکان، ژمارە تاکەکانی

وەک ١، ٣، ٩ کە تەعبیرێکی ڕەشبینانەن، لە ژمارەی سێ دا هەردەم ڕووداوە دڵتەزێنەکان دووبارە دەبنەوە وەک (جیابوونەوە و سوێندکەوتن، کۆتایی و دابڕان)، هەروەها خودی ئەم ژمارەیە ئاماژەیە بۆ ڕووداوە شوومەکان. سەد و یەکشەو نایەوێ وا دەرکەوێ و نەیویستوە وا دەرکەوێ، بەڵام لە ئەنجامی ژماردنی ئاماژەکانی شەو هەستمان بەوە کرد کە ئەم ژمارەیە بەم شێوەیە هاتووە، بەهەرحاڵ ئەگەر ئەمەش وا نەبێ دەربڕینەڕەشەکان، واتە باسکردنە دڵتەزێنەکان لەنێو ئەم قەسیدەدا زاڵن بەسەر ڕووداوە سپییەکان، تەنانەن لە ژمارەکەشە تەنیا یەک ژمارەی جووت دەبینی کە ئەویش (٦) شەشە، هەروەها ڕووداوی گەشبینانە لە شێوەی بیرەوەری و یادکردنەوە دەردەکەون، بۆ نموونە بڕوانە ناونیشانە ڕەشەکان: (قەفەس، زیندان، سێتار، شڵەژان، تکا، گریان، وەڕسی، قفڵ، خۆکوشتن، نەگەیشتن، قەلەڕەش، قەقنەس، زەلیل، قولاب، خنکاندن، تۆڕ، مۆتەکە، دڵتەنگی، شەهید، حەسرەتدار)، هەروەها ناونیشانە سپییەکانیش وەک : (مێوان،ڕەنگ، مەشق، بەردەنوێژ، بزرنەبوون، سوپاس، خەوتن، دڵ، خاڵ، ڕوان، چاو، نەخش، مەلەوانی، برنووتی، چاندن، شوێن، بەرزبوونەوە، کۆتر، داوا، سادەبوونەوە، ئاشنایی، ئاوریشم، مەشخەڵ، بەخشین، پەڕاندنەوە، سۆما، پاککردنەوە، حەسانەوە، گۆرانی، شاخ، نەمری، مانەوە، زانین، خوان، ئەستێرە، ئاشق، نەترسان، سوێند، سلاو، چلچرا، پوولفرۆش)، دەبینین لەمیانەی ناونیشانەکاندا ئەوانەی ئاماژەی سپین زۆرترن لە ئاماژە سیاکان، لە کاتێکدا ناونیشانی دیوانەکە باس لە ١٠١ شەو دەکات.

بێگومان لە نێوان سپێتی و ڕەشێتیشدا نێوەندێک هەیە کە بەشدار دەبێ لە هەردووکدا ناونیشانەکانی وەک : وێنە، شیعر، چارەنووس، دەکرێ لە یەک کاتدا دوو ڕۆڵ ببینین، چارەنووسی ڕەش، یان چارەنووسی سپی، وێنەی جوان، یان دزێو، بەڵام ناکرێ زیندان سپی بێ، یان خنکاندن سپی بێ، یان ئاشنایی ڕەش بێ، یان مەشخەڵ ڕەش و بەخشین دزێو بێ.

بێگومان لەم ژمارپاریەدا مەبەستمان دابەشکردن نییە، بە ئەندازەی ئەوەی دەستنیشانکردنی ئاماژەکانە لە ناهۆشمەندیی شیعرەکاندا، بەڵام ئەگەر

وردبینانە لە مەسەلەی چەرم و سیایی (ڕەشێتی و سپێتی) بکۆڵینەوە دەبینین لە ناوکـۆیی شـیعـرەکـاندا پێـوەندییـەکی پتـەوی شـەو و ڕووداو هـەیە، زۆر لە گێڕانەوە خۆش و سپییەکان لە شەودا ڕوو دەدەن، زۆر لە بەسەرهاتەکان باس لە چۆنییـەتی ڕووداوەکان دەکـەن، باس لە ورووژان و هەڵـهێنـجانی ژانەکـان دەکەن، لە هەمـوو بەسـەرهاتێک چ باس لە (سـالم، نالی، دیلان، ئاراس عـەزیز عـەبدوڵا،....هـتد) بووبێ، لەگـەڵ خـۆیدا دوو شـێـوە هەست دەبینین هـەسـتێک گـەشـبـینانە و لە شـەقـامـەکـانی پێکەنیندا پیـاسـەیان لەگـەڵ دەکـات، بەڵام حـوزنێکی ناوکۆی تێدایە، کە لە شـاعیر نابێتـەوە، پەلی دەگرێ و لە کوچە و کۆڵانەکانی هـەولێر و سلێمـانـی و خـاک و خـۆڵدا پیاسـەی پێ دەکات، ئەوێک بەهـەمـوو هێـمنییـەوە باس لەو دڵتـەنگیـانە دەکات، بەڵام هـەوڵیش دەدات سـاتە گەشبینییەکان وێنا بکات.

ئەو زاتانـە لەنێـو شـیـعـرەکـاندا پێـوەی دەناڵێن و پێـوەی نـاڵاون، بەڵام لە هەمـان کـاتدا پەڵە سـپـیاییـەک بەسـەر سـەری ئەو شـیـعرانەدا دەبینین کـە لە فـەلەکی ئەواندا دەسـووڕێنەوە، شـاعیـر بەوەش ناوەسـتێ بگرە دەست دەخـاتە نێـو دیوان و ماڵ و باخـچە و کتێبـخانەوە و ڕوحی هـەمـوو بیـرەوەرییەکـاندا تا بتـوانێ لەنێـو تاریکی و ڕەشـییـەکـاندا ڕووێکی گـەشـبین بدۆزێتـەوە، یان لەنێـو سپییـەکاندا ئەو نهێنیانە بدۆزێتەوە کە خـۆشی جار جـار لێیان حـاڵی نابێ و بێزاری دەکەن و چراکانی لێ دەکوژێنەوە.

مێوانێکی یەک دوو ڕۆژیم....(شیعری مێوان لا ١١)
تێکەڵبوونی ڕەنگەکان دڵخۆشی عاشقە.... (ڕەنگ)
بۆ ڕوونبوونەوەی سێبەری مۆمی لەدایکبوون
ڕووناکییەکی ناوازە و پاراو
لە ماڵ گەش و بڵاودەبێتەوە.. (مەشق...لا ١٥)
شەوقدانەوەی چرا لەناو ئاو
دڵی بزێو و گەرمیی ماسییە لە شادومانی مەلەدا... سێتار...لا٢٥)

ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەو هێمایانەی کە تێیدا ئاماژەی ڕاستەوخۆیە بۆ سیمبۆلەکانی ڕۆژ، وەک باسکردن لە ڕۆژ و هەتاو و بەیانی و ئێواران و نیوەڕۆ و گەرمی و ئاسمانی شین و قرچەی گەرما، ئەم هەموو سیمبۆلانە دەتوانن لەم چەند نموونانەی خوارەوە بەدییان بکەین:

با بە هیوابین بۆ بەرزبوونەوەی
خۆر لە ناخمان کە ڕەنگ کراوە بە ڕەنگی... ڕوان.ل٣٥

چەندە لە نهێنی ئەو شیعرانە بکۆڵینەوە کە بە دەست تەنیاییەکانی شەو و سەرەتاییەکانی ڕۆژەوە دەناڵێن، ئەوە دەبینین تەنیا لە پاڵ ئەو سەرەتاییانەدا پاشماوەی ئەوە هەیە کە هەموو دەرگەکان بەڕووی تاریکییەکاندا بکرێنەوە، لە تەنیاییەکاندا کاتێ کە شەو دەبێتە سەرچاوە هەموو دەرگەکان دەکرێنەوە، پێویستییەکان سەرەونگوون دەبن، گۆڕانی ئەستێرەناسی شەو و ڕۆژ گۆڕانی مەبەستەکان نییە بە ئەندازەی ئەوەی جووڵەیەکی بێ مەبەستە، بەڵام ئەم جووڵەیە گۆڕانی فیزیکی و دەروونی لای مرۆڤ بەجێ دێڵێ، پێوەندییەکان بۆ هەست و دەربڕین دەگۆڕێن، ئەم گۆڕانە لەلای کەسێکی نابینا و کەسێکی بینەندە (چاوساغ) جیاوازیەکانی زۆر مەزنەنی هەیە، ئەوەندەی ساتە هەنووکەیەکان لەم حاڵەدا ڕۆڵ دەبینن، ساتە ناهەنووکەییەکان نایبینن، لێرەدا حاڵەتە بینراوەکان ڕۆڵێک ناگێڕن، لای ئەم شاعیرە شەو بۆ مەبەست دەگۆڕێ، سەد و یەکشەوە دەبێتە دوو کەرتەوە کەرتێکیان بەسەرهاتە سپی و گەش و جوانەکان و باسکردنی کەسە پاراو و دڵناسک و هەست مەزنەکانە و بەشەکەی تریشی ڕەشەکانە، داچوونە بەرەو ناخە ڕەش و ڕووداوە ڕەش و تاریکەکان، بەسەرهاتە تاریکەکانی ژیان، بۆنی ئەو گوڵە ڕەشانەیە کە لە شەوی ڕەشپۆشی تەرمە لەبیرکردووەکان بە ئەسپایی لە بن گڵەوە سەردەردێنێ و وەک تەرم هەڵگرێ لە پەنایاندا بیرەوەرییەکانیان بە بیر دەخاتەوە، ئەو بیرەوەرییانەی باس لە ماچی دۆڕاو و

دەستی بێ ئەمەک و کزەی سەرما دەکەن، لە ناواخنی ڕەش و سپی و چەرم و سیاییەکانی سەد و یەکشەودا ئەو یادەوەریانە دێنە ئاراوە کە لە زنجیرەیەک ئەستێرە دەچن و ڕیز کراون لە زنجیرەی شەقامێکی نامۆ دەچن کە بە بیابانێکی تەنیادا درێژ دەبنەوە و لە نێوان ئەو هەموو پەنایانەدا درکێک گوڵێک درەختێک دەکەنە هاوەڵیان، مێروویەک مارێ دووپشکێ ژیژکێ بەسەر پشتیدا دەڕوا، یان مارمێلکێ کوللەیەک لێیان دەپەڕێتەوە. ئەو شەو و ڕۆژانەی کە لە سەد و یەکشەوە دێنە پێشەوە لە گیانی مێژووەوە کات وەردەگرن و لە ڕوحی مێژوەوە باس لە تەنیاییەکانی ژیان دەکەن.

سەد و یەکشەو لەوەدا ناوەستێ تەنیا باسێک بێ، بگرە لە ڕوحی مێژوودا دەچێتە نێو ڕۆحی شیعر و تابلۆ و جوانی باس لە یەکەمین مامۆستا و یەکەمین کوشتن و یەکەمین لەدایکبوون دەکەن، باس لە هەموو ئەو دەنگانە دەکەن کە ماچی ئێواران و شەوانیان بیر چووەتەوە، باس لەو کۆرپانە دەکەن لە پەنا گۆڕ و مزگەوت و بنمێچەکاندا بێ ناز فڕێ دەدرێن، ئەو ڕۆحانە هەر بە نامۆ لەدایک بوون و بە نامۆیش مەرگیان لە کۆڵ کرد، بێ هۆ نییە ئەو هەموو ڕەش و تاریکییە لای شاعیر وەک گرافیکێکی مەزن تێکەڵ بە یەکتری دەبن، وەک ئەو گیانانە نمەک دەرژێتە سەر برینەکانیان و بەردەوام بەدووی تەسکینییەوەن. وڵات ڕەش و زەوی ڕەش و کۆڵان ڕەش و ماڵ ڕەش و سیاسەت ڕەش، بەڵام خۆڵی وڵات سپی و دارستانی گەشاوە و منداڵانی چاوگەش و کۆترەکانی سپی. سەدو یەکشەو لەخۆڕا لە پەنای بیرەوەری نیشتمان و مرۆڤی نیشتماندا دانانیشێ، ئەوەی سەرنجی ئەم کتێبە بدات ڕێک لە تەسبیح دەچێ هەموو دانەکانی یەک شێوەیان هەیە، بەڵام هەر یەکەیان لە نێوان پەنجەکاندا تامێک و هەستێکی تایبەت دەبەخشێ، باس لە بەسەرهاتێک و لە بەردێکی تایبەت و درەختێکی تایبەت دەکات، هەروەک چۆن ئەو دەنکە تەسبیحانە هەر یەکەیان سەر بە گوزەرێک و مێژوویەک و بەسەرهاتێکی تایبەتن ئەو دەنکانەش هەروان، باس لە چیرۆکێکی تایبەت دەکەن، هەموو شیعرەکان یەک دەزوویان هەیە ئەو دەزووەش ئەم سەد و یەک دەنکە بەسەرهاتانەی کۆ

کردووەتە، دەزووەکە سێ مادەی سەرەکین، ئێستێتیکا و مێژوو و پێوەندی.

ئەوەی پێکەوەیان دەبەستێ خۆشەویستی و یادەوەری و بیرکردنەوەیە ئەوەی وەبیریان دێتەوە ئەو پێوەندییانەن بەردەوام وەکو ڕوح لێیان نابێتەوە.

سپی و ڕەش پێوەندییەکی نەپچڕاوەی نێوان پەڕاو و پێنووس نووسراو و نەنووسراو ڕەش و سپییە، ئەوەی لەسەر دێرە شیعرەکاندا پەرش بووەتەوە تەنیا ئەو وشە ڕەشانە نین، بگرە ڕەشاییەکی تری ناوکۆش هەن، واتە ڕەشاییی دابەشبوونی وشەکان بەسەر سپێتی کاغەز و ڕەشاییی ئەو وشانەی لە سەرەوە جیامان کردەوە رەشایی دەربڕینی هەستەکانن، سپییەکانیش هەر بە هەمان شێوە دابەش بوون لە نێوان ڕەشاییی وشەکان و هەستەکان و ئەو ئاماژە و نیشانانەی کە پڕن لە گەشبینی و خۆشییەکان.

لە لاپەڕە ١٠٠ دیوانەکەیدا کە شیعری مەشخەڵە دەموچاوی ژنێکی دووگیان دەبینین، ئاگای لە هەموو شتێکە هەموو شتە گەشبین و سپی و ئومیدەکان، خۆی بە یەکجاری داوەتە بەر خۆر و چاوەڕوانی کەسێکە و ناونیشانی هەموو کەسێک دەزانێ، زۆر گەشبینە پشکوتنی گوڵی لە دەست ناچێ، کەچی لە شیعری"خۆکوشتن" لە لاپەڕەی ٧٢ دەڵێ:

بڕیارم داوە خۆم
بۆ دیداری مردن ئامادە و پۆشتە و پەرداخ بکەم
هەرچی هەستم بەرانبەر رووخساری گەورەی هەیە
لە رستەیەکدا وەک دەمەوئێوارە سووری هەڵگەڕێنم
خۆشەویستێکی کەتە و بەترسی
پاشان ژیانمی پێ دەبەخشم
باڵندەیەک بەژوور سەرمدا ڕەت بوو
شوێنی وچانی لە بەهەشتی ونبوودا دۆزیبووەوە
مووروو ڕژا و زەوی خاڵدار کرد..(سەد و یەکشەوە..لا ٧٢)

ئامـادەبوون بۆ دیداری مـردن، ئامـادەبوونە بۆ کـوژانەوە، کـوژانـەوەی مـۆمی تەمـەن، ڕووناکـی ژیان، ڕاکشـان بە ئارامی لـەنێو گۆڕی تاریکدا ئـامـاژەیە بۆ ئەوپەڕی نامـۆیی و ڕەشبـینی کە ئەمـەش دواوێزگەی نائومێدییە، بۆیە شـاعیر لەو هەمـوو تاریکییـەدا کە خـۆی بـۆ ئامـادە کـردووە، دەزانـێ کە ژیان جـوانە و بەبەخـشین و کـوشـتنی خـۆی ژیان جـوانتـر دەبـێ، ئەمـە لێـرەدا بریتـیـیـە لە خزمـەتکردنی تاریکی بـۆ ڕووناکی، واتە شـە و ڕەشی دەبێـتە سـەرەتایەک بۆ خۆشییەکان.

ئەم شـێوە مـامـەڵەکردنـە ئەگەر وەک کـارێکی ئاسـایی تەمـاشـای بکەیت، گۆڕانکاری لە نێوان هەست و پێوەندییەکان شـێوەیەکە لە مامەڵەکردنی نێوان شـتـە دژبەیەکـەکـان، واتە لە نێـوانی دڵ و مـەرگ، هـەور و هەتا و، تیـشـک و تاریکی لە نێوان هەموو ئەو دژانە پێوەندییەک دروست دەبێ، واتە شەو، ڕەش، خـەم، خۆکوشتن، سیـمـفۆنیـاییـیەک نین مـیلۆدییـەکەیان لەو جێگەیەدا بێت کە گـوێگر بێـزار بکەن، نەخـێـر سـەرەتان بـۆ بەخـشـینی خـۆشی بەیـەکتـر، واتە شتەکان لێرەدا دەکەونە خزمەتی یەکتری:

ئەستێرەی تاریک و ڕوون– نائومێدی نابەخشێ
شەو و ڕۆژ وەکو یەکیان لێ دێت (شیعری تکا ل٣٢)
گوێتان مەخەوێنن
قسەی ناو حەکایەتەکان گەرمە و دەیدرکێنم (شیعری گۆزە ل٤٥)

ئەگـەر ئەو دژایەتیـیـە سـەرەتاییی ملمـلانێـیەکی دوولایـەنەی نێـوان شـتـە دژ بەیەکـــەکـــان بێ لـە هەمـــان کـــاتدا هەوڵە بۆ خـــوێندنـەوەی پێـــوەندییـــە سـەرەتاییـیـەکانـی نێوان هەمـوو هەنسک و بـزەیەک، پێوەندی نێوان هەمـوو دڵشکان و مـاچێک، مـاچ و دڵشکاندن سـەرەتان بۆ توانەوەی سنووری نێـوان ڕەشـی و تاریکی، چاوەڕوانی و ئومێد دەرگەیەکە بەڕووی نەمانی تاریکی ڕەها و سپێتی ڕەهادا دادەخرێ.

# سێبەر و گۆڕینەوە

یەکێک لە گرنیگترین ئاماژەکردن بە ڕەشی و تاریکییەکان کە ڕووی ئەرێنی و نەرێنی بنوێنێ پێوەندیی نێوان سێبەر و زەوییە، ئەم پێوەندییە دەچێتە نێو هەموو ئەو پێوەندییانەی کە خۆیان لە شێوەی ڕێکخستن و پێکەوەژیاندا دەبیننەوە، لێرەشەوە شیعری سەد و یەکشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لینکانەی کە پێوەندییان بە ڕەش و سپێتییەوە هەیە، بەکارهێنانی سێبەر لای شاعیر کۆمەڵێ دەلالاتی سیمیایی و سایکۆلۆژی هەیە، سێبەر پێوەندییە لە نێوان واقیع و خەیاڵ، بیرکردنەوە و کوژانەوە، ساتەکانی دڵتەنگی و خۆشی، هەڵهاتن لە گەرما و گرمۆڵەبوون لە بن ساباتی سێبەردا، هەموو ئەمانە شاعیر لە ڕێگەی کۆمەڵێ پێوەندیی پێکەوەیانی دەبەستێ، لەم شیعرانەدا پێوەندییەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە:

مەشق _ سێبەر لەگەڵ مۆم
ئاگردان– سێبەر لەگەڵ ئاگردان
بزرنەبوون– سێبەر لەگەڵ مانگ
زیندان– سێبەر لەگەڵ دیوار

ئەم پێوەندییانە بریتین لە گۆڕینەوەی هێزی نێوان خۆیان و کەم تا زۆر ململانێن لە نێوان ڕووناکی تاریکی، هەموو سێبەرەکان تاریکین واتە ڕەشن و هەموو ئەوانی تر وەک مۆم و ئاگردان و مانگ نیشانەی ڕووناکین، هەموو ئەوانە شوناسنامەکەیان لە سێبەردا دەناسرێتەوە، سێبەر ئاشکراکەرێکە دنەدانی ئەو کاریگەرییانەن کە بوونەتە هۆی دروستکردنی سێبەر، سێبەر

هەردەم پاشکۆ و دەرئەنجامە، یان دەرئەنجامی ئەو مادانەن دەکەونە بەر ڕووناکی، یان ئەو ڕووناکییەی دەکەونە بەر مادەکان، ڕێک لە جوولەوە پەیدا دەبێ بەبێ جوولەی یەکێک لەو دووانە سێبەر لەدایک نابێ، سێبەر شتێکی ئەزەلی نییە، شتێکە دەمرێ و دەژێتەوە، ئەگەر ڕووناکی ڕێبوارێک بێ سەرلەبەیان بێ و ئێواران بڕواتەوە، ئەوە سێبەر لە بوونەوەرێک دەچێ لەپڕ لە جێگەیەکەوە سەرهەڵدەدا، لێرەوە شاعیر ئەو ڕوحە بەبەر سێبەردا دەکات تا پێوەستبوونەکانی لەگەڵ شەو و ڕۆژدا ئاشکرا بکات، لەگەڵ تاریکی و ڕووناکیدا ئاشکرا بکات.

پاشان شاعیر لە بەکارهێنانی هەر سیمبۆلێکی تاریکی یەکێکی ڕووناکی لە بەردەمدا قووت کردووەتەوە، نیشانەکانی ڕووناکی زۆربەی شیعرەکانی داگیر کردووە بەشێوەیەکی بەرفراوان سروشت دەبێتە ئەو شتەی کە ڕووناکە، بەڵام ئەوانەی کە تاریکین زۆربەیان دەسکردی دەرەوەی سروشتن، کەواتە بۆ شاعیر ئەوەندە گرینگە لە کەسایەتییە سروشتییەکان کەسایەتی گەشبین و ڕەشبینییەکان دروست بکات، بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا ئەوەش دەڵێ کە سروشت ئەگەر هەڵگری هێما ڕەش و تاریکەکانیش بێ سیمبۆلێکی پێویستە، شەومان دەوێ تا بخەوین و جوانی مانگ ببینین و بە ئەستێرە ئاشنا بین، شەومان دەوێ تا ژووانەکانی نهێنی دڵداری و سێکس و سیاسەت ئەنجام بدەین، شەومان دەوێ تا فڕینی پەروانە و تریسکەی ئەستێرە و تریفەی مانگ و ئاوابوونی هەتا و ببینین، هەڵهاتنی ڕۆژ ببینین، شەو جوانە تا لە ڕوحی مۆم و چرا و بێدەنگی بگەین، بۆیە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هەر شێوە شیعرییەک لێکدانەوەی پێوەندییەکانە.

ئەو هێمایانەی کە شەو و تاریکییان تێدا کۆبووەتەوە بەشداریکردنێکی دەوڵەمەندن لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕووناکی بەرپا دەکەن، مۆم و ئاگر کە دوو هێمای دەستکردی مرۆڤن، هەمووکات لە پێوەندیی لەگەڵ مرۆڤدا دێنە نێو ڕوحی شیعرەکانەوە، لە شیعری مەشقدا (لا ١٥) ئەرکی مۆم بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەدایکبوون، لە شیعری ئاگردان (لا١٨) کۆمەڵێ کەس لە

سێبەری پەیکەردا ئاگر خۆش دەکەن، لە شیعری ناوچەوان (٢٩٧) کەسێک بەرانبەر بە گڵۆپەکانیش مۆم ئاگر دەدات و هەموو هیوایەک لە دڵی تۆمار دەکات، لە شیعری "بزرنەبوون...(١٩) لە سێبەری مانگدا شتە سەیروسەمەرەکانی دەوروبەری خۆی دەبینێ و سێبەر دەگۆڕنەوە، گۆڕینەوەی سێبەر وەک گۆڕینەوەی ڕوحە وەک دووبارە مردن و ژیانەوەیە، لە شیعری"زیندان.٢١ ," ململانێیەکە دەبێتە نێوان دیوار و مۆم و سێبەر، سێبەر دەیەوێ خۆی لەو ڕۆحە تاریکە ڕزگار بکات کە دیوارە، دیوار لە ڕێگەی مۆمەوە ئەو بەرزاییاینە دەبڕێ کە پێی دەگوترێ ژیان، لە "گریان.٤٧ ," ئەسپ و مانگ لە ڕێگەی سێبەرەوە دەبنە هاوڕێ خۆی لێرەدا پێوەندییەکە پێچەوانە دەبێتەوە ئەوەی سێبەر دروست دەکات مانگە، بەڵام ئەم جارە خۆی دەبێتە سێبەر بۆ پەیداکردنی هاوڕێ، تەنیایی مانگ تەنیایی ساتە مردووەکانی جوانی، جوانی هەرچییەک بێ بەتەنیا دەپرووکێتەوە، بۆیە غاردانی مانگ و ئەستێرە لە شەودا یەک دەگرنەوە، "پەڕاسوو.٩٤" سێبەر و خەون دوو باری پێکەوە گرێدراون، کاتێ لە بن سێبەری زەویدا مرۆڤ دەنوێ شەو دادێ کاتێ زەوی لە بن سێبەری مرۆڤدا دەنوێ ژیان نوێ دەبێتەوە، شیعر دەیەوێ بڵێت هەموو لە ناو قۆزاخەی زەویدا دەنووین، ئەو قۆزاخەیە ئاوریشمە و لەناو خۆیدا دەمانپێچێتەوە، لە شیعری "قولاب.." دەڵێ:

سێبەری مردن دەخەنە سەر
دەموچاوی مانگ لە مەنگی ئاودا
ئاوهایە سنجاقی مراد
لە دوو گردی پەرییان بدەیت.

لە شیعری "زانین..١٤٦" جیاوازی لە نێوان سێبەری بەرز و نزم دەبینین، سێبەرێک ڕێک لەو ڕوحە دەچێ کە دەیەوێ لە گیان بێتە دەرێ و چاوەڕوانی دوا مۆڵەت دەکات، سێبەر لەگەڵ مرۆڤ و شتەکاندا گەورە دەبێ و بچووک

دەبێتەوە، کە ئەمەش هارمۆنیای ژیان و سروشت و بیرکردنەوەیە، ئەوەی کە ڕستاوە تەنیا مردنە سێبەری مردووش سێبەرێکی نەگۆڕە.

سێبەر لای شاعیر تەنیا سێبەر نییە بەرامبەر بە ئاگر و ڕووناکی، بگرە سێبەر لە ئەنجامی گۆڕانکارییە دەروونییەکانیشدا دروست دەبێ، سێبەرێک هەیە لە ناخدا دروست دەبێ پاش ئەوەی کە ڕووناکییەکانی دڵ ڕێگەی خۆشیان لێ دەگیرێ، پاش ئەوەی کە خۆشییەکانی دڵ دەبنە بەشێکی پساوە لەو خۆشییانەی کە تێکەڵ بە زەردەخەنەکان دەبن، شاعیر هەروا بە بێدەنگانە نەیویستووە بێدەنگییەکان بشکێنێ، بگرە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە شێوەیەک لەگەڵ شتەکانی تردا ئەو گۆڕانکارییە دەبینێ.

پێوەندییەکانی نێوان تاریکی و ڕووناکی تەنیا لە سێبەر و ئاگردا نییە، وەرزەکان هەندێ جار دەربڕی ئەو هەستە شاراوانەی نێوان ڕووناکی و تاریکین لەگەڵ یەکتریدا، زستان هەمووکات لایەنە تاریکییەکانی دێتە نێو شیعرەوە ئەم سیفەتێکی باوی شیعرە، نەک تەنیا لە شیعری کوردی لە زۆربەی شیعرە جیهانییەکانیش زستان بە سیفەتەکانی هەوری تاریک و هەورە برووسکە و تاریک و ڕوونی ڕۆژەکانی زستان، هەروەها هەموو هێما ڕەش ئامێزەکان لە بابەتی کرێوەی بەفر و بەستەڵۆک و ڕەشەبا و هەوری چڵکن و لێزمە باران.

سەدوویەکشەوە بەسەرهاتی ئەو ساتانەیە کە پێوەندییەکان لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ دەبن، تێکەڵبوونی پێوەندیی نێوان هەموو ساتە ساکارەکانی ژیان و خەون، سێبەر و هاوەڵ سێبەرەکان، ئەمانە دەتوانن سەرەتاییەک بن بۆ پێوەندی نێوان تاریکی و ڕووناکی، شیعری کوردی هەر لەلای مەلای جەزیرییەوە کە باس لە یەکەتی بوون دەکات، ئەم ململانێیەی نێوان تاریکی و ڕووناکی لە پێوەندیی نێوان بوون و نەبوون دەبینێ، بوونی خوا لە ڕووناکی و تیشک و هەتا و نەبوونیش لەدەستدانی بڕوایە کە نوێنەرەکەی شەیتانە و تاریکییە کە گۆڕ دەنوێنێ و تاریکی ناو گۆڕ، یان ئەحمەدی خانی دەڵێ:

نووری تو د قـەلبیٚ عـاشـقیٚ زار
ناری تو د قــەلبیٚ عــاشــقیٚ زار
شەمعی تە ژ قسمیٚ نوور و ناری
شـەمـسیٚ ژ عـەیان تو پەردەداری

ئاماژەکانی نێو شیعری خانی لە بۆ ڕووناکی بەکارهێنانێکی سیمیۆلۆژیانەی هەمــوو ئەو زاراوانەن کــە پێوەندییـان بە ڕووناکی و تاریکیـیـەوە هـەیە، ئەو ڕووناکی لە خـوا و نوور و رووی عـاشــقـدا دەبینیٚ و تـاریکیش بەشــێکە لە دژەکەی ئەو، شاعیرانی دێرین زۆر بەوردی لەم مەسەلەیە کۆڵیونەتەوە، بەڵام لای سەباح ڕەنجدەر تاریک و ڕوون زاراوەیەک و ڕەنگدانەوەیەکی تری ڕەش و سپییە، خەم و خۆشییە، پێکەنین و گریانە، هەڵکردن و کوژانەوەیە، لە شیعری "شڵـەژان لا٢٧" تاریک و روون بزر دەبیٚ، بەڵام نائومێد نییە بەوەی کە ڕۆژێک دێت دەیدۆزێتەوە:

کەڵەباب و ئەستێرەی تاریک و ڕوونی بزر کرد
شڵەژاو و ترسێک
دانەوێڵە کۆکراوەکانی لیٚ کرد بە گوللەی ڕاوچی

بەڵام ئەو تاریک و ڕوونـە، شێوە رووانینێکە بۆ گەڕان بەدوای فـینۆمـینەکانی زمان بۆ دەربڕینی ژان و خۆشییەکان، کەسەری و سەرفرازییـەکان و شایی و شین:

هیچ شتێکیش لەم زەمینە بیٚ کەسەدا تەواو نابیٚ
لێت نا ئومێد نیم ئەی ئەستێرەی تاریک و ڕوون.."لا ٢٧، شڵـەژان، سەد و یەکشەو"
ئەم شـێوە بەراوردکارییـەی نێوان دیاردە و وشـەکـان لە شـیـعری "خەوتن...لا٢٦" و "ناوچەوان...لا٢٩"و"تکا..لا٣٣"و"ڕژان..لا٤٠"..

داگیرساندنی چرا و کوژاندنەوەی لە شیعرەکانی زۆر دووبارە دەبنەوە، دووبارەبوونەوەی سوارێکە کە لە بۆراقەوە دێتە خوارێ و سەردەکەوێ، کە چرا دەکوشێتەوە، تاریکی دەبێتە میوان، بەڵام نامەئلوفیەت لەوەدایە کە کوژانەوەی چرا هەندێ جار دەبێتە سەرەتای نواندنی دڵسۆزی، لەبەرئەوەی مانگ رۆڵی بەخشینی ڕووناکی دەبینێ، ئەگەر لە سەرتاپای شیعرەکانی دیوانی "سەد و یەکشەو" تێبینی ئەوە بکەین کە خشتەیەکی بنیاتگەریانەی ئاسایی هەیە لە نێوان دوو دژەکانی تاریکی و ڕوونی وەک : (هەتاو، چرا، مۆم، ئاگر، هەڵهاتن، داگیرسان، دۆزینەوە، بێداربوون، گەشبینی، پێکەنین) بەرامبەرەکەیان کە وشەکانی (مانگ، کوژانەوە، توانەوە، خۆڵەمێش، ئاوابوون، دامرکاندنەوە، ونبوون، نووستن، رەشبینی، گریان)، لە زۆربەی شیعرەکاندا نێوەندێک هەیە کە سیستەمی ئەم دوو دژەیە دەشکێنێ، بەرامبەر هەریەک لەو دوو دژانە بارێکی تر هەیە، کە ئەمەش بۆ خۆی بازنەی لێکدانەوە شیعرییەکان دەوڵەمەندتر دەکات: بەرامبەر بە مانگ و هەتاو (ئەستێرە)، بەرامبەر بە چرا و کوژانەوە (پەروانەی تیشکدار هەیە کە دەژی و دەمرێ)، بەرامبەر بە مۆم و کوژانەوە (تریفەی مانگەشەو) هەیە، ئاگر و خۆڵەمێش (گەرمبوونەوە)، هەڵهاتن و ئاوابوون (وەستانی زەمەن)، داگیرسان و دامرکانەوە (خۆشەویستی)، ونبوون و دۆزینەوە (نەناسینەوە)، نووستن و بێداربوون (خەون)....هتد، بەم شێوەیە، مامەڵەکردنێکی رەنگ ئاسا و هەستئاسایانە لە نێوان گشت پێوەندییەکاندا رەنگ دەداتەوە، هەر بۆ نموونە تاریکی و ڕوونی لای شاعیر بۆ حاڵەتی زۆر سەیر دەگۆڕێ، زۆر جار لە تاریکییەکاندا خۆشییەکان و سپی و ڕووناکییەکان دەدۆزێتەوە، خەوتنی ژوورە تاریکەکان، پاراستنی ئەوە لە چاوەکان ئەوانەی ئەهریمەنین تێدایە، کاتێ کە چاو نابێ گرینگ نییە لەبەرئەوەی گیان بەچاو نادۆزرێتەوە، بگرە گیان بەهەست دەدۆزرێتەوە، گوڵەبەڕۆژە لە شیعری " ئاشق..لا١٥٢" ملکەچترین عاشقە، لەبەرئەوەی عاشق دەبێ لە شەودا وێنای عیشقی خۆی بکات، بەڵام ئەو لە شەودا عیشقەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، دڵ وەک هەردەم کە لێ دەدا، دڵ و ژیان

دووانەیەکی زیندوون پێکەوە، بەڵام لە "گفتوگۆدا ..لا١٣٦"دڵ دەچێتە لای چەپ و پێش هەتاو هەڵدی لە کاتێکدا لۆجیکی هەڵهاتنی دڵ خورپەیە، بەڵام خورپەیەکی هەمیشەیە نەک هەڵهاتن لەگەڵ زەمەندا، لە نێوان ژیان و بینیندا چاو هەیە، لە نێوان زیندوویی و نەمری هەناسە هەیە، بەڵام سێیەمی هەموو ئەمانەش بەختەوەرییە، کە نەمری دەبەخشێ، نەک هەناو بینین،

بەختەوەری هاورێیەتی کردم
خۆڵ و شتەکانی دیکەش گرینگن......سەد و یەکشەوە "نەمری"لا ١٣٥

وێڵبوون هەموو کات پێوەستە بە کەسەری و رێ ونکردن و نەزانین و ناشارازەیی، بەڵام لە شیعری "دڵتەنگی..لا١٢٩"

هەر رێگایەک وێڵبوونێکی بەدواوەیە
وێڵیشە دەتگەیەنێتە قووڵاییی گیان
دوای لەدایکبوونی حەمدی
خوێن لە ناخی چڵ رژا
زەوی بە شەونم تەڕ بوو
ڕۆژ نیوەی تەمەنی بەدیار زەوییەوە ڕادەوەستێت و دادەمێنێ
شتێک بدۆزێتەوە
نەیدۆزێتەوە......(سەد و یەکشەوە لا ١٢٩)

ڕەنگ بەردەوام بە بینینەوە پێوەستە، کاتێ باس لە مادە و ڕەنگ و وێنەکان دەکەین، چاو و دیدە و بینیمان بیر دەکەوێتەوە، ئەم دیاردەیە پێی دەوترێ شتە بینیارییەکانی شیعر، شیعر کاتێ کە دەبینرێ، دیمەنەکان لەگەڵ خۆیاندا کۆ دەکەنەوە، بەڵام وەک دژێکی نێوان دژەکان لە زۆربەی شیعرەکانی سەدو یەکشەوە بەخشینی دیاردەیەک هەیە کە بوونی نییە، هەندێ شت هەن

بێ ڕەنگن لای ئەو دەبنە ڕەنگ، دەنگ نین دەبنە دەنگ، گیانلەبەری ڕاستەقینە نین دەبنە گیانلەبەری ڕاستەقینە، ڕەنگی ئاو، ڕەنگی شیعر، ڕەنگی خوا ڕەنگی زەوین تا ڕەنگی ژیان و واقیع، باس لە دەنگی بێدەنگی و پێکەنینی مەرگ و حیلکەحیلکی شەو دەکات، باس لەو دیمەنانە دەکات کە دیمەن نین، ئەو ساتانەی کە سات نین، ئەو زەمەنانەی کە زەمەن نین، پەنابردنە بەر بەکارهێنانی ئەم شێوە وێنانە، بۆ شاعیر مەودایەکە لە هەوڵی دووبارەکردنەوەی خەیاڵ لە شتە نەبینراوەکاندا و هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی پرسیارە زیندووەکان کە خەریکن دەمرن.

تاریکی و ڕوونییەکانی سەد و یەکشەو لە هەموو ئەو شیعرانەدا ئامادەن کە باس لە مەسەلەکانی هەڵگیرسان و دامرکاندنەوە دەکەن، ئەو شیعرانەی کە ئەم دیمەنانە وێنا دەکەن، دەکرێ لە شێوەکانی داگیرسان و کوژانەوەی هەتاو و ئەستێرە و مانگ و ئاگردان و مەشخەڵ و شەو و ڕۆژ دا دەرکەون کە لە شیعرەکانی "مێوان" و "مەشق" و "ئاگردان" و "سێتار" و "خەوتن" و "ناوچەوان" و "خاڵ" و "وێنە" و "یاداشت" و کۆمەڵی شیعری تردا دەردەکەون.

دوو شێوە وێناکردنی تاریکی و ڕوونییەکان هەن، یان شتە بینراوەکانی بینین و نەبینراون، کە شتە سەرەکییەکانن وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد، یان پاشکۆکانی ڕووناکی و تاریکین، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەیەکی دەروونی بەسەر سەرتاپای شیعرەکانەوە بەجێ هێشتووە ئەم پاشکۆیانە دەکرێ بکرێنە دوو بەشەوە بەشێکیان ئەو پاشکۆیانەن کە بەشداری لە کەش و هەوای تاریکی و ڕوونییەکە دەکەن هەشن کە هۆکاری ئەو تاریکی و ڕوونەن، لە سەرتاپای دیوانی "سەد و یەکشەوە" چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم پاشکۆیانە دەبینەوە، ئەوانەی کە بەشداری لە کەش و هەوای تاریکی و ڕوونییەکە دەکەن پاشکۆکانی ڕووناکی بریتین لە، تیشک، شەوقدار، گەشانەوە، ڕۆشنایی، گەرموگوڕ، پرشنگدار، سووتان پاشکۆکانی تاریکی سێبەر، نووستن، کوژانەوە، شووم، تەنگبوون، خامۆش،...هتد.

بەڵام هۆکارەکانی تاریکی و ڕوونی بریتین لە تریفەی مانگ، خۆر، چلچرا،

مـۆم، مـەشـخـەڵ، ئاگـر، بەیانی، گـڕ، یاقـووت، برووسـکە، تونێـڵ، کـشـانی ئەستێرە، تابووت، ڕەشنووس، گڵۆپ، گوڵە ئاگر، هەور، ئێوارە، شەو.

هەمـوو ئەم شـێوە مـامـەڵەکردنە تەنیـا لە بەکارهـێنانی وشـە و دەسـتـەواژە و پێوەندییەکاندا دەرناکەون، بگرە لەسەر ڕووبـەری پەڕەکاندا ڕووبەری سپی و ڕەش دابەشبوونێکی هەستیارانە دەبینین، ئەو شیعرانەی کە گەشن و دەربڕی ڕووداوە گەشـەکانی ژیان دەکەن، ڕووبەری سپێتی زۆرتر داگیـر کردووە، بەڵام ئەو شـیـعـرانـەی کـە تاریکن و باس لـە ژیان و سـاتە ناخـۆش و دڵتـەنگەکـان دەکـەن، زۆر بەرفـراوانتـرن، ئەمـەش بۆ خـۆی پێوەنـدییـەکـە لە بـەکارهێنانی ڕووبەری تاریکی و ڕوون.

# ڕووبەری تاریکی و ڕوون

دیوانی سەد و یەکشەوە، ڕووبەرێکە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی ١٠١ ڕووداو، ١٠١ خەم و خۆشی و بیرکردنەوە، لە زۆربەی زۆری بەسەرهاتەکانی نێو ئەم سەد و یەکشەوەدا چەندان جار وشەکانی شەو و ڕۆژ بەکار هاتوون، بەڵام لە پاڵ ئەوانەشدا، دەربڕینەکانی شەو و ڕۆژ گۆڕاون بۆ ڕووناکی و تاریکی و گەش و ڕەش، ئەمەش وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە ڕووبەری شیعرەکانیشدا ڕەنگ دەدەنەوە، شاعیر تەنیا پەنای نەبردووەتە بەر بەکارهێنانی دەربڕینی هەستیارانەی نووسراو و وشەی بەکارهاتوو بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆی، بگرە لە زۆر لە شیعرەکاندا، پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی ڕووبەر بۆ دەربڕینی هەستی تاریکی و ڕوونی لەنێو شیعرەکانیدا، لە هەندێ شیعردا بەکارهێنانی ڕووبەر بۆ وشەکانی ڕووناکی زۆرترن تا تاریکی و لە هەندێکیشیدا بەپێچەوانەوە، هاوسەنگییەک هەیە، ئەم هاوسەنگییە ئەو پێوەندییە دەشکێنێ کە پێی دەگوترێ زاڵبوون، سیمای گەشی دووانەیی لە شیعرەکاندا تەنیا لە تاریکی و ڕوونیدا ناوەستێ بگرە پەل بۆ هەموو تەنگاوەکانی گۆمی مەنگی وشە دژەکانی تاریکی و ڕوونی دەهاوێژێ، لە شیعری "سێتار...ل٢٦" زیاتر لە چەند جارێک دەربڕینەکانی ڕووناکی بەکار هاتوون، چرایەک، داگیرسان، شەوقدانەوە، دڵی بزێو، حیلەی ئەسپ...

هەروەها لە شیعری "ناوچەوان..ل٢٩" وشەکانی خۆر، بەیانی، گەرم، دڵنیایی، گەشانەوەن گڵۆپ و مۆم، ئاگر چەندان جار لەو شیعرەدا ڕووناکی دەبەخشن، هەروەها لە شیعرەکانی تری وەک "خاڵ..ل٣٤" وشەکانی مانگ و ڕووی گەش و تریفە و لە شیعری "یاداشت..ل٤٢" وشەکانی تیشک و هەڵهاتن

و ڕۆژ و مانگ دەبینین، هەروەها زۆر لە وشەکانی وەک مۆم و ڕووناکی و چرا و ڕۆژ ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لە سەرتاپای شیعرەکەدا داگیر کردووە، لە "ڕژان..ل٤٤" نووستن و کوژانەوە، لە شیعری "ئاڵا...ل٦٨" دەسەڵاتی وشەکانی وەک شەو و شەمشەمەکوێرە و خلیسکان و ڕاوچی زۆر بەرفراوانە، لە "جانتا..ل٧٣" شەڕ و تەرم و بۆگەنی و شەو دەبینین. ئەگەر تێبینی بەرفراوانی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە بکەین وێنەکانی تری تاریکی و ڕەشبینی پەلوپۆیان هاویشتووە خۆیان لە سۆنگەی قووڵایی و بیر و نقومبوون داوە، لەنێو شیعرەکانی "قەلەڕەش...ل٨٠" و "قولاپ.١١٦," و "خنکان..ل١١٨" و "دڵتەنگی..ل١٣٠" و "شەهید..ل١٣٣" و "حەسرەتدار.. ل١٣٨" و "ئەستێرە.. ل١٥١"...."پوولفرۆش..ل ١٦٢" دەبینین بەرفراوانییەک هەیە لە زۆرینەی باڵکێشی زیادەڕۆییانەی تاریکی و ڕووناکی، ئەوەندە قووڵ دەبێتەوە سەرتاپای جەستە و ڕوح دەگرێتەوە.

ئەگەر سەرتاپاگیرانە بڕوانینە زۆربەی ئەم شێوە بەکارهێنانانەی تاریکی و ڕوونی و سپێتی و ڕەشی لەسەر ڕووبەری شیعرەکانی سەد و یەکشەوەدا تێبینی دەکەین کە مەودای گەشبینی و ڕووناکی و هۆکارەکانی ڕووناکی زۆرترن لە ڕەشبینی و تاریکی و هۆکارەکانی تاریکی، کەواتە ئەم دیوانە دیوانێکی گەشبینە بەپێچەوانەی ناونیشانەکەی کە دەربڕی گێڕانەوە سەد و یەکشەوە، کە پێ دەچێت ناونیشانێکی رەشبین بێت تا گەشبین، هەروەها وەک پێشتر ئاماژەمان کرد شێوەی داڕشتنی ڕەش و سپێتی سەر پەڕاوەکانیش دەری دەخەن کە مامەڵەیەکی دەروونیانەی تۆپۆگرافیانەی شیعر لەگەڵ دەقەکاندا کراوە، لەسەر ئاستی پێکهێنانی شێوەی دابەشبوونی شیعری بینیاری واتە ئەوەی چاو دەیبینێ و تێبینی دەکات ئەوەیە کە ڕووبەرە سپییەکان زیاتر بەسەر پەڕاودا دابەش بوون لە ڕەشەکان، وەک ئەوە وایە کە دڵۆپ دڵۆپ وشەی شیعری ڕژابێتە سەر ڕووی شیعرەکان.

لە ڕووی سیمیاییەوە لە ڕوحی سەد و یەکشەوەدا نیشانەیەک لە ڕووناکییەکان دەبینین کە لە چرایەک دەچێ سەرتاپای شەوەکانی

داگیرسابێ، بەڵام جارجار سێبەرە خەماوییەکان رووی ئەو رووناکییەیان گرتووە، کەواتە مامەڵەی شیعری لەنێو بنیاتی ئەو ڕووبەرەدا مامەڵەیەکی ورد ئاسایە، لە شیعرەکانی سەرەتادا ڕووبەر دەبێتە میلۆدیایەکی نزم و وردە وردە بەرز دەبێتەوە، هارمۆنیایی شیعرەکە لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیەکی بەردەوامدایە، شێوەی دابەشبوونی وشەکانیش دابەشبوونێکی نۆتا ئاسایە، وەک نۆتای سۆناتایەکی تایبەتە کە بەهەمان شێوە دەربڕی ناخ و هەستەکانی شیعرە، لە شیعری "مێوان١١" رێک دابەشبوونی ڕەشاییی تێکستەکان بەسەر رووپەڕی سپێتی پەڕاوەکان لە لێدانی دڵ دەچێ، لێدانی دڵ ساتێک وەستان و ساتێک دەست پێکردنەوەیە، ساتێک دەست پێکردنەوە و ساتێک وەستانە، ئەمەش دەتوانی لە نێوان دێرە درێژ و کورتەکاندا ببینرێ، لە شیعری "ڕەنگ... ١٤" رێک دەستپێکردن لە فلچەی نیگارکێشێکی کارا دەچێ، سەری فلچەکەی جارێک دادەنێ و جارێک بەرزی دەکاتەوە، هەر لە خودی شیعرەکەدا کە باس لە هونەرمەندی "ئازاد شەوقی" دەکات هەرواش شتەکان و وشەکانی دابەش کردووە، شاعیر زۆر وردبینانە شتەکان دەبینی، هارمۆنیایی وشە لە نێوان ڕەش و سپێتی سەر ڕووبەرەکاندا هارمۆنیایەک دروست دەکات، لە شیعری "سوپاس...٢٢" رووبەری ڕەشییەکان پڕن جێگەیەکی بچووکی بۆ سپێتی هێشتووەتەوە تاوەکو بتوانێ سوپاسی ئەو هەموو گریانانە بکات کە ئابڵوقەی ڕاستییەکانیان داوە، پاش ئەو هەموو سوپاسە بۆ نان و نمەکی خوا لە بەردەم سوپاسگوزاریدا شاعیر هەناسەیەک دەدا هەناسەکەی دەبێتە سپیایەتی سەر ڕووبەری دابەشبوونی شیعرەکە و لە ڕەنجی حاڵباشی خۆیدا دەبێتەوە خوناو و دەبێتە ئاوێنەی ئەفسووندار، لە شیعری "خەوتن...٢٦" ئارامییەکی تەواو سەرتاپای شیعرەکەی داگیر کردووە، خەوتن ئەو بێدەنگییە گۆڕاوەیە بۆ ڕووناکی لە سەردەمی خەوندا.

هەر لە شیعرێکی تری بێداری نێو دیوانی "سەد و یەکشەوە" دا دەبینین شیعرەکان سەرتاپای ڕەشێتییان داگیر کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خەون لە

تاریکییدا ڕوو دەدات، بەڵام ڕووبەر بۆ سپێتییە لەسەر پەڕاو، لە بێداریدا ڕووبەر بۆ ڕووناکییە کەچی ڕەشاییی سەر ڕووپەڕی پەڕاوەکان داگیر دەکات، لە شیعری "گەردوون..ل٦٥" ژیان هەرچەندە پڕە لە ڕووداو و زەوی و ئاسمان پڕە لە دیمەن، بەڵام شیعر بە سپێتی دەڕوا پاشان پڕ دەبێتەوە لە وشە، ئەم دابەشبوونە لە شیعرەکانی شاعیرانی وەک: سەلام محەمەد و سەلاح شوان و عەبدوڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و هاشم سەراج و بەدی دەکرێن، لەو شیعرەدا دڵۆپەکانی وشە وەک دڵۆپە خوێنی بریندارێ دەرژێنە نێو ئاو و وردە وردە سووراییی خۆیان بەنێو ڕووبارەکاندا بڵاو دەکەنەوە، شاعیر ئەوەندە هێدییانە ڕۆ دەچێتە نێو زەمەنە هەنووکەیەکانەوە، لە شیعری "بەخشین..ل١٠٤" بەهەمان شێوەی گەردوون مامەڵەی لەگەڵ وشەکاندا کردووە، ئەم وشانە دابەش دەبن وەک دابەشبوونی چۆلەکە بەسەر لقی درەختەوە، لە شەرم...ل١٢٦"و"بیرچوونەوە...ل١٢٨"دا شاعیر دوو شیعری شەرم ئاسا پێشکێش دەکات لەوێدا شیعرەکان ڕووبەرەکان بۆ یەکتری فراوان دەکەنەوە، بۆیە دابەشبوونەکانی تاریکی و ڕوونی لە بەرامبەر سپێتی و ڕەشیدا لەم دوو شیعرەدا هاوسەنگییەکیان دروست کردووە، شاعیر ئەم هاوسەنگییە ڕێک لە هاوسەنگیەکانی نێوان شەو و ڕۆژدا دەبینێ، ئەمانە و چەندان شیعری تری وەک "حەکایەت..ل ١٤٣"و"مانەوە....ل١٤٥" دەبینین، پێوەندییەکی جوانی هارمۆنیانەی وشە و لاپەڕە هەیە.

شیعرێکی شاعیر حوسێن مەردان هەیە کە ئەم ڕەش و سپێتی و مردن و ژیانەی تێدایە، ئەمە مانای وایە، کە تێبینی ئەم شیعرە بکەین شێوەیەکە لەو دابەشبوونە تراجیدیایە:

زەوی و مەرگ
سبەینێ دەمرین
هەروەک چۆن بیرەوەرییەکان دەمرن.. سبەینێ دەمرین
لاوێتی ڕۆیشت و چیتر ناگەڕێتەوە

وەک هەورێکی سپی بێ برووسکە
سبەینێ رۆژەکانمان
دەڕوا و بەسەردەچێ.. وەک شەوانی وڵاتی بەستەڵەک
هەموو ساڵێکی نوێ
سەرلەنوێ ڕووناکی بەهار
بۆن و بەرامەی بەڕێ دەکەوێ
بەردەکان لەرزیان تێ دەکەوێ.....

ئەم دابەشبوونە لە دیوانی سەد و یەکشەوەدا بەشێوەیەکی ناوکۆییش لە ناونیشانەکاندا بۆچوونی تاریکی و ڕووناکی، سپێتی و ڕەشی، پڕکردنەوە و بەتاڵکردنەوە، ڕەشبینی و گەشبینیمان پێ دەبەخشێ، سیمبۆلەکانی تاریکی و ڕەشی و پڕکردنەوە و ڕەشبینی بریتین لە "زیندان و خەوتن و خاڵ و گریان و وەڕسی و قەفەس و خۆکوشتن و قەلەڕەش و زەلیل و قولاب و مۆتەکە و دڵتەنگی و شەهید" ناونیشانەکانی رووناکی و سپێتی و بەتاڵکردنەوە و گەشبینی ئەمانەن"سوێسکە و بزرنەبوون، سوپاس، دڵ، شیعر، چاندن، ئاشنایی، مەشخەڵ، بەخشین، پاککردنەوە و حەسانەوە و گۆرانی و دڵتەنگی و حەسرەتدار و مانەوە و ئەستێرە و ئاشق و سڵاو و چلچرا".

هونەری بینیاریی لە دیوانی سەد و یەکشەوەدا ئەو بۆچوونەم وەبیر دێنێتەوە کە جیل دولۆز لە کتێبی وێنە-زەمەن دەیخاتە ڕوو، دولۆز کە ڕابردوو لەنێو زەمەندا بەردەوام دەبێ، یان ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ " ئەوەی ڕابردوو لە زەمەندا دروستی دەکات، مانا لە زماندا دروستی دەکات، بیریش لە بیردا دروستی دەکات. ماناش وەک ڕابردوویەکی زمان شێوەیەکی پێشووتری زمانە، بەمەش ئێمە یەکسەر لەنێو مانادا جێگیر دەبین، بۆ ئەوەی لە وێنەی ڕستەکان بگەین، بۆ ئەوەی وێنەی وشەکان لە یەکتری جیا بکەینەوە، تەنانەت جیاکردنەوەی ئەو دەنگانەش کە بەرگوێمان دەکەون" ، بۆیە ئەو وێنانەشی کە دەچنە نێو ناواخنی وشەکانەوە دەتوانن دەربڕی سەردەمە جیاوازەکان بن و

هەر کاتەشی دەربڕی کات و سەردەمێکی دیاریکراوی تر بن، بەڵام بەپێی ئەو وتەیەی دولۆز کەواتە زەمەنەکانی دیوانی سەد و یەکشەوە بەرابردوو و داهاتوو و ئێستاشیانەوە دەبنە وێنەی و ڕووناکی و تاریکی، بە پێنووسێکی ڕەش و سپی ئەو زەمەنانە دەکات بەوێنە و لە ناخی ئێمەدا جێگیری دەکات.

## بازنەکانی دووبارەبوونەوە

شیعری کوردی وەک نەریتێکی هەمیشەیی سێ شێوە بازنەی تێدایە کە ئەو بازنانەش بریتین لە بازنەی فۆرم و بازنەی ماناکان و بازنەی گەشت و گەڕان، لە هەر سەردەمێکدا لە بازنەیەکی شێوە دارشتنێکدا سووڕاوەتەوە، ئەمەش دەردی زۆربەی زۆری شێوە شیعرییەکانی دنیای شیعری دەرەوەی شیعری کوردیش بووە، واتە تەنیا شیعری کوردی وا نەبووە، بگرە شیعری ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و فارسیش ئەم دیاردەیەی تێدا بووە، لە شیعری کوردیدا بازنەکان دابەش بوون بەسەر شیعری سەردەمەکان ئێمە ناومان ناوە فۆلکلۆری و کلاسیکی و شیعری پاش کلاسیکی و شیعری نوێ و مۆدێرن، لە هەر سەردەمێکدا وەک شێوە و فۆرم بازنەیەک بەسەر شیعری کوردیدا زاڵ بووە، بەڵام هەندێ شاعیر هەبوون، لە سەردەمێک بۆ سەردەمەکان توانیویانە ئەو بازنانە بشکێنن، ئەمە مانای ئەوە نییە کە قۆناغی شیعرەکانیان لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر بردبێ، وەک ئەوەی کە (گۆران) کردی، نەخێر هەر لە سەردەمەکان و لەناو یەک فۆرمەکاندا کەسانێک دەرکەوتوون ئەو ڕێچکەیەیان شکاندووە، (نالی و مەحوی) بازنەیەکی نوێیان بەدەوری بازنەی شیعری کلاسیکیدا دروست کرد، شێخ ڕەزای تاڵەبانی بازنەیەکی نوێتر بوو لەو بازنانە.

(گۆران) بازنەیەکی نوێی بەدەوری شیعرەکان و شاعیرانی سەردەمی خۆیدا دروست کرد کە ئەو بازنەیە جیاوازی هەبوو لەگەڵ بازنەکانی تردا، محەمەد ساڵح دیلان بازنەیەکی تری لە دەوری شیعری کوردیدا خوڵقاند، بەم شێوەیە لە شاعیرانی شیعری ئازاد و ڕوانگە و کفری و پێشڕەو و ئەنوەر قادر محەمەد و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ئازاد ئەحمەد و ئاراس

عەزیز عەبدولا و محەمەد عومەر عوسمان و فاتیح عیزەدین و بەرزان هەستیار و... هتد، تا هەموو ئەمانە هەوڵی دروستکردنی بازنەیان بەدەوری شیعری کوردیدا داوە، ئەو بازنانە بەمەبەستی هێنانی شێواز و بیری نوێ بووە بۆ نێو شیعری کوردی بەمەستی کردنە بەری گیانی نوێیەتی بووە بۆ نێو شیعری کوردی.

بازنەکان بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لە پاش سەرهەڵدانی شاعیرانی نوێ هیچ شاعیرێک بە ئەندازەیەکی بنبڕ نەیتوانی ئەو بازنە نەهێنییانەی فۆرم بشکێنێ لە ناوەڕۆکدا بازنەکان شکاون، هەر لە خودی شاعیرانی مێینە، کۆمەڵێ شاعیر پەیدا بوون بازنەکانی ناوەڕۆکی شیعرییان شکاند وەک: کەژاڵ ئەحمەد و چۆمان هەردی و نیگار نادر و تەرزە جاف و چنوور نامیق... هتد، بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە بازنەیەکی نوێیان پێشکێش بە شیعری مێینە نەکرد، ئەمە تەنانەت لە نێرینەی شیعریشدا کەم دەبینرێ.

کەواتە ئەو بازنانە هەر هەبوون و دروست کراون، سەباح ڕەنجدەر شێوە بازنەیەکە کە ناکرێ بگوترێ لە ڕووی فۆرمەوە بازنەیەکی تەواو جیاوازە لە هەموو بازنەکانی پێش خۆی، نەخێر ئەویش بازنەیەکە، بەڵام توانیوویەتی بازنەیەکی تەنک بێ بەدەوری فۆرمی شیعرەکانی سەردەمی خۆی و بڕێک لەوانەشی پێش خۆی، ئەوێک لە لاوەکانی سەردەم و شاعیرانی پێشڕەو داهێنەرانی هەولێر توانیوویەتی بازنەیەک بخاتە سەر بازنەکانی شیعری کوردی و کەم تا زۆر سەباح ڕەنجدەر هێڵە کاڵبووەکانی دەوری بازنەی سەردەمی خۆی تۆخ بکاتەوە و جار جار بازنەیەکی تەنکی بەدەوری ئەو بازنەیەدا هێناوە کە شاعیرانی سەردەمی خۆی هەوڵی نووسینیان داوە.

بازنەی ماناکان، لە شیعری کوردیدا جێگەی باس و خواسێکی بەرفراوانە و ناتوانین هەروا بەبێ گویدان و بێ وردبوونەوە بەسەریدا بڕۆین، ماناکان گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە، لێرەدا ناچمە نێو وردەکارییەکانی مانا و بازنەکانی مانا لە شیعری کوردیدا، بەڵام هەوڵ دەدەم بزانم ئەم مەسەلەیە لای

ئەم شاعیرە چۆن شکاوەتەوە، مەسەلەیەک هەیە دووبارە دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە شیعری کوردی هەوڵی نوێبوونەوەی مانای داوە، بەڵام سەردەمێکی زۆریش لە بازنەی یەک ماناییدا سووڕاوەتەوە، شیعری ئەم شاعیرە لە دیوانی "زێوان" هوە تا دەگاتە "خەون وا خۆی گێڕایەوە" بەدەست دەردی یەک ماناییەوە تلاوەتەوە، بەڵام پاشان لە دیوانی "سەد و یەکشەوە" و "ساڵی سفر" ماناکان بازنەیەکی تر و نوێتر بەدەوری ماناکانی پێشتردا دەکێشن و بەمەش پێوەندییەکان دەچنە قالبێکی ترەوە، ماناکان هەر ئەوە نین کە پێشتر هەبوون، بۆ نموونە ئەشق لە مانای پێشتردا بریتی بوو لە بازنەی بینین و لێکداپچڕان و ژان و گەڕان و دۆزینەوە و دووبارە بینینەوەی یەکتری، زەمەن بریتی بووە لە لەدایکبوون و منداڵی و گەمەکردن و گەورەبوون و مەرگ و دووبارە لەدایکبوون، چرا بریتی بووە لە گەڕان و کەوتنە نێو تاریکی و دۆزینەوەی چرا و دۆزینەوەی ڕێگە و ونکردنی چارەنووس دووبارە گەڕان بەدووی ئەو چارەنووسە، تێبینی دەکەیت لێرەدا بازنەکان لە یەک ماناداا یەک دەگرنەوە چۆن دەستی پێ کردووە هەر ئاواش کۆتایی پێ دێ، چۆن گەڕاوە لە کۆتاییشدا ئەو گەڕانە دووبارە دەبێتەوە، کاتێ لەدایک دەبێ پاش گەشتێکی زۆر لە ئازار و مەرگ دووبارە دەژێتەوە و لەدایک دەبێتەوە. ئەمانە هەموو بازنەی ماناکانی پێشووتری شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر بوون، بەڵام ئەم حاڵەتە لە پڕ گۆڕانی فیکری و لێکدانەوەیان بەسەردا دێ و زۆر لە ماناکان دەچنە قالبێکی ترەوە، ڕۆژ تەنیا هەڵهاتن و ئاوابوون و دووبارە هەڵهاتنەوە نییە، ئاگر تەنیا داگیرسان و سێبەر دروستکردن و کوژانەوە و دووبارە هەڵکردنەوە نییە، لە شیعری "ڕەنگ ل١٤" وەرزەکان بریتی نین لە بازنەی دووبارەبوونەوەی ساڵەکان بگرە بریتین لە تێکەڵبوون و دووبارەبوونەوەی تێکەڵبوونەکان، لە شیعری "سێتار ل ٢٤" کە دەڵێ:

هەر دەبێ بەو ڕێگەیەدا بڕۆم
سڵاو لە دۆست و یارانم بکەم

ڕێگەی مردن
دەشبێ بایەخدار و تێکەڵاو بم
بەماڵی ژیان
درەنگیش تێ ناپەڕم
ئەگەر بە ڕێگای ئاوێدا بێم و بچم.... ل٢٤ (سەد و یەکشەوە)

تێکەڵاوبوون بەمـــاڵی ژیان دووبارەبوونەوە نیـــیـــە بە ئەندازەی ئەوەی نوێبوونەوەیەکی ترە، بایەخداربوون و تێکەڵاو بوون، بریتیە لە شێوەیەکی تر لە ڕامـان و وردبوونـەوەی ئەودیوی دەرگـەکـان. ئەگـەر وردتر بڕوانین بازنە نوێیەکانی تری شیعرەکان بریتییە لە دەرچوون لە مەئلوفیەت، ئێمە هەموومان ئەگەر بەیەک ڕیز بوەستین جوانییەکانمان دەردەکەوێ، بەڵام لە شیعری "ڕوان ٣٥".

ئەگەر بەیەک ڕیز بوەستین
جوانی مرۆڤ دەشێوێ

هەموو دەزانین کە جوانییەکان لە ڕێکوپێکیدایە نەک لە شێواوی، واتە بازنەیی شیعر لەوەدا نییە کە ڕووداوەکان دەسپێکردن و کۆتاییان وەک و یەک بێ، هیچ نەبێ ئەم حاڵەتە لای ڕەنجدەر وا نییە، چونکە بازنە بازنەیەکی دەلالییە، واتە ئامـاژەسـازانە ڕووی کـردووەتە دەرەوەی پێـوەندییـەکـان، بازنە لای ئەم شـاعیرە، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی زمان، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی پێوەندییەکان، لە دووبارە پێکەوەگرێدانی پێوەندییەکان، کە ئەمەش بۆخۆی بریتییە لە کۆمەڵێ پێوەندیی گەورە، بازنەکان لە ئەنجامی چیدا دروست دەبن؟ بازنەکان دەرئەنجامی داهێنان و قاڵبوونەوەی شیعرین، بۆ دروستکردن و داهێنانی هەر بەرهەمێکی شیعری دوو تەوەرە یەکتری ڕادەکێشن، ئەو واقیعەی شیعرەکەی تێدا لەدایک دەبێ کە ئەمەش پێوەندیی بە ئەزموونی ناوەوەی شاعیرەوە هەیە، پێوەندیی بەقووڵبوونەوە و ڕووانینە نوێیەکانی ئەوە

هەیە، پاشـان وزەی زەین و هەڵهـێنجـانی پرسـیـاری شـیـعـریی لای سـەد و یەکـشـەوەدا پرسـیـاری شـیـعـری مـەبەست ئەوە نیـیـە وەڵامـێکی زانسـتـانەی دەسـتکەوێ، بگرە پرسـیـاری شـیـعـری خـودی خـۆی پرسـیـارەکان لە کـۆمـەڵێ پێوەندییدا گەڵاڵە دەکات کە پێی دەوترێ پێوەندیی شیعری، یان پێی دەگوترێ میکانیزمی بەدواداهاتنی پرۆژە شیعرییەکانی شاعیر.

شـاعـیـر هـەیە لە ڕووی فـۆرمـەوە ئەو بازنـانە فراوان دەکاتـەوە، لای لەتیف هەڵمەت ئەو شیـعرە لە داخراوییەوە دەبێتە شیعری کراوە، لای هاشم سەڕاج لە شیعری سادەی چەند بڕگەی و یەک ڕەهـەندێ دەڕوا بۆ شیعری بەرفراوانی فرە ڕەهـەندی و هـایکۆ و نسـرمە شـیـعر و بازدانـە شـیـعـرییەکـان، لای شـێرکۆ بێکەس لە تـریفـەیەکی سـادەوە دەبێتـە دوو سـرودی کـێوییـەکی پڕ لـە هێـمـا و شـێـوەکـاری و فـۆرمی شـیـعـری تـا دەگـاتـە برووسکە و پۆسـتـەر و ڕۆمـان و داستانە شیعر، لای ئەحمەدی مەلا ئەم فرە ڕەهەندییە بەوە نوێ دەبێتەوە، کە بازنەکانی نوێبوونەوەی شیعری ئەو زۆر خێرا بازنەی تریان دروست کرد و لە ڕووی سـیـمـبـول و مـەوداوە توانی ئەو شـێوە هـارمـۆنییـە بێنێتـە نێو شـیـعـری کوردییەوە کە پێشتر نامۆبوون بەشیعری کوردی.

# فۆرمەكانی بازنە

ژمارەی بازنە لەنێو شیعرەكانی دیوانی سەد و یەكشەوەدا سەرتاپا زەق و دیارین ٨٢ جار فۆرمە بازنەییەكانی بەكار هاتوون، ئەو فۆرمانەی كە لە دیوانەكەدا زۆر زەقن، بریتین لە "زەوی ٢٧ جار" و "زەمین ١٥" و "دەف ٤ جار" و "هێلكە ٩ جار"و "خۆر ٩ جار" و "مانگ ١٣ جار" و "سێو ٥جار"، ئەم فۆرمانە زیاتر لە هەموو فۆرمەكانی تر دەربڕی هەستە شیعرییەكانی نێو ئەم شیعرانەن، ئەم فۆرمانە دەربڕی هەستی پێكەوەبوون و بەردەوامبوونی هێڵەكانن، لە سووڕانەوە و بازنەیی شێوەكانی، زەوی و زەمین كە یەك ناون و بەچەند شێوەیەك بەكار هاتوون، دەربڕی ئەو بەردەوامی و سووڕانەوە سروشتی و ئەستێرەناسییەن كە تێبینی دەكرێ لە گۆڕینی ساڵ و ڕۆژ و مانگ و هەفتەكاندا، زەوی لەم شیعرانەدا دەربڕی هەستە زیندووەكانی دووبارەبوونەوەی ژیان و بەردەوامییە، پاشان دەف دووبارەبوونەوەی ئاوازەكانی ژیانە، بەخۆشی و ناخۆشییەكانی دەف نەك تەنیا ئامێرێكە شێوەی بازنەیی وەرگرتووە، ئەو بازنە ئاسنییانەی كە لەنێوی قەراغی بازنەیی دەفەوە هەڵدەواسرێن، لە دەفی راستەقینەی ئۆرجینێڵدا ژمارەیان دەگاتە ٣٦٠ بازنەی ئاسنی، كە هاوبەرامبەرە لەگەڵ ژمارەی ڕۆژەكانی ساڵ، شاعیر دەف بۆ سووڕانەوەی دەنگەكانی ژیان و بازنەیی ئەو دەنگانە بەكار دێنێ.

بەكارهێنانی سێو ٥ جار تیۆرییەكی نیوتن وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە، خواردنی سێو، سەرنجراكێشی سێو و كاریگەری سێو لەسەر گۆڕانكاریی مرۆڤ ئەوەندە گەورەیە شاعیر هەر لە خۆڕا سێوی نەخستووەتە نێو شیعرەوە، سێو، هێمای بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤە لەو بازنە بێزاركەرەی كە ئادەم و حەوا لە

پاش خـواردنی سـێـوەکـەی شـەیتـان بـۆ ئێـمـەیان بەجـێ هێـشت، سـێـو ئاشکراکردنی نهێنییـەکانی مرۆڤە، حەز و ئارەزووەکانێتی کە شـەیتـان لەو ڕێگەیەوە ئاشـکرای کرد واتە لە ڕێگەی سێـوەوە، پاشـان هێما و سـیـمبولی ئاشکرابوونـی کێشی زەوییـە، کاتێ کـە نیوتن ئەو تیـۆرەی لە ڕێگەی کەوتنە خوارەوەی سێوەوە ئاشکرا کرد، سێو لەنێو شیعری سەد و یەکشەوەدا ئەرکی دووبارەبوونەوە و ئاشکراکردن دەبینێ.

خۆر و مانگ دوو سیمبولی تایبەت بەمەسەلەکانی سروشتن، کە هێماکانی تاریکی و ڕەشی ئاشکرا دەکەن، ئەم دوو هێمایە بۆ سـەد و یەکشـەو هەمان ئەو کاریگەرییـەیان هەیە، کـە هەر کاریگەرییـەکی تر لە لێکدانـەوەی تەمـەن و ژیاندا هـەیانە، بازنەی ژیان لـە خـۆر و مـانگەوە سـووڕانەوەیان تەواو دەکـەن، مانگ و ئەسـتێرە دوو هێمان بۆ دووبارەبوونەوە و پێکەوە بوون، لە یەکتـرییەوە هێزەکانی یەکتری دەکوژێننەوە و دای دەگیرسێنن، ئەم دووانە دوو پێوەندیی بازنەیی فۆرمی ژیان و سروشت و مێژوو و تـەمەنن، بۆیە چارەنووسی هەموو بازنـەکـان بـەدەسـتـی ئەوانە، بـەڵام لە شـیـعـری سـەد و یەکـشـەوە ڕۆڵێکی ڕەشـبـینانە دەگێڕن، ئەگـەر تێـبـینی بکەیت بازنەکـان لەنێـو ئەم شـیـعـرەدا بەگشتی ڕۆڵێکی ڕەشبینانە دەگێڕن تا گەشبینانە، زەوی و زەمین و هێلکە و خۆر و مانگ و سێو هەر هەموویان ژمارە تاکەکانیان هەڵگرتووە لە ژمارەی ٥ دەست پێ دەکات تا دەگاتە ژمارەی ٢٧ ژمارەی تاک بەتایبـەت ئەو ژمارانەی کـە لـە ژمـارە (٣)ەوە دەست پـێ دەکـەن، لـە لێکدانەوەی ئەسـتـرۆلۆجی ئەو ژمارانە ژمـارەی تایبـەت بەڕووداوە شـوومـەکانن، سـەد و یەکشـەوە، لە بازنە کۆتاییەکەیدا دەربڕینی ڕووداوە ڕەشبینییەکانە، ئەو ڕووداوانەی خۆی لە ڕۆژە شـوومـەکانی ژیانی کوردەواریماندا دەبینێتـەوە، شـاعیر نموونەی هێنانەوەی کەسـایەتییەکانیش لەنێو شـیعرەکانیدا بریتین لە ٣٣ کەسـایەتی ڕاسـتـەقینەی نێـو دنیـای ئـەدەب و هونەر و سـیـاسـی کـوردسـتـان، کـە هـەریەکـەیان تراجیدیایەکی سەیریان هەڵگرتووە، پاشان ٥ کەسایەتی خەیاڵی و سروشتی بەکـار هێناوە، دیسـان دووبارەبوونەوەی ژمـارە تاکـەکـانە، کـە لـە زۆر لە

دیمەنەکانی تری شاعیر دووبارە دەبنەوە، لە زۆربەی رووداوەکانی نێو سەد و یەکشــەوە دەربڕینە تاریک و بازنەکـانی دووبارەبوونەوە پێش بازنـەکانی ژیان دەکەون، واتە بازنەکانی ژیان پێش بازنەکانی پێکەنین و گریان دەکەون.

# سەد و یەک بیرەوەهاتن

چوست و چالاکی شیعریی لەنێو نوێترین دیوانی سەد و یەکشەوەدا لەوەدایە کە شڵەژاوییەک لای خوێنەر دروست دەکات و وای لێ دەکات لە بازنەکانی خۆیدا ڕێگە ون بکات و بکەوێتە نێو بازنەکانی ترەوە، واتە وای لێ دەکات وردە وردە لەو بێدەنگیی دەری بهێنێ و بەرەو بازنەکانی خۆی ببات. کاتێ خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعری ١٠١ شەوە دەبێتەوە تەماشا دەکات لەنێو بازنەیەکی جیاوازە، نامۆیە بە خودی ئەو و جیهانی ئەو، بەڵام ئاشکرا و ڕوونە، نایناسێتەوە، بەڵام خۆی لە نێوەندیدا دەبینێتەوە، ئەو بازنەیەی خوێنەر دەکەوێتە نێوییەوە، ڕێک لەو بازنەیە ناچێ کە شاعیر خۆی بە دەوری شیعرەکانیدا دروستی کردووە، ئەو بازنانە جیاوازن لە زۆر ڕووی تێگەیشتنەوە، بۆ خوێنەر وەک میتۆلۆژیایەکە ئەو لە پاڵەوانە خەیاڵییەکانی دەچێ، هەر بۆیە پاش لێبوونەوە و قووڵبوونەوە لە ڕوانگە شیعرییەکانی تێبینی دەکەین کە ئەو کەم تا زۆر دەیەوێ ببێتە بازنەی خۆی.

دیوانەکە ١٠١ شیعر لەخۆ دەگرێ، لە بیری ئاینیدا کاتێ ئاینپەروەران بە تەسبیحەکانیان ١٠١ جار لە زیکر و ئەڵاهوئەکبەر دەبنەوە بازنەیەکی زیکریان تەواو کردووە، بەمەش یەک دەنکی تەسبیحەکانیان دەخەنە ئەو دیوی ئەو گرێکوێرەیەی کە لەنێو تەسبیحەکەدا دروستیان کردووە، پاش هەر لێبوونەوەیەک گوناحێکیان کەم دەبێتەوە، پاش تەواوبوونی سەد و یەک بازنە هەموو گوناهە سووکەکانییان کەم دەبێتەوە، ئەمە ڕێورەسمێکە لە زۆر لە ئاینە ئاسمانییەکاندا پەیڕەو دەکرێ، واتە ئەم حاڵەتە لە شیعری سەباح ڕەنجدەری "سەد و یەکشەوە " زیکرکردنە بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانی خۆی لە خۆکوشتن و خنکاندن ئەم دوو تاوانە کە لە هەردوو شیعری "خۆکوشتن..لا

٧٢" و "خنکان....لا ١١٧" لەخۆ دەگرن، بۆیە پاڕانەوە و نزاکانی سەرتاپای شیعرەکە بۆ ئابلۆقەدانی ئەم دوو تاوانە مەزنەیە، شاعیر هەموو ڕەشبینی شیعرەکانی لەم دوو ڕووداوەدا دەبینێتەوە، کاتێک یەکەمی پاڕانەوە و بازنەی شیعرەکانی بە شیعری "مێوان..لا ١١" دەست پێ دەکات، دەیەوێ ئەوە بە خوێنەر بڵێ کە من دەستم بە خۆپاککردنەوە کردووە، بەم شێوەیە بازنەکانی تریش لەو کەرنەفاڵەدا ئامادە دەبن، ئەو خۆی لەنێو کۆمەڵێ دووبارەبوونەوەدا دەبینێ دووبارەبوونەوە لە شێوەی شوێنی ئازاراوی، قولابی ماسیگر و قەفەسی داخرا و قەفەسی زیندان و گریان و وەڕسی و شوومی قەلەڕەش و گڕی قەقنەس و حوزنی خاک و خۆڵ و گازی مێرووله و بازنەی زەلیلی و دەنگی دەف و ڕەشاییی سۆما و هێرشی تۆڕ و بازنەی مۆتەکە و بیرنەچوونی ئازار و دڵتەنگی و بازنەی شەهید و گفتوگۆی پڕ حەسرەت و بازنەی حەکایەت و خوانی ئازار و ترسی سوێند و خولانەوەی کاتژمێری نەگبەتی.

کەواتە گوناهەکانی ١٠١ شەو بەدوای یەکدا پاک دەبنەوە، ڕێک لە پرۆسەیەک دەچن کە بخوازێ ڕێوڕەسمێ بگرێتە بەر بۆ تەواوکردنی ئەو مەبەستەی بۆی هاتووی، شاعیر ئەم حاڵەتە دەبەستێتەوە بە حاڵەتی کۆچکردن و پاکبوونەوە و دووبارە ژیانەوە، گوناهەکانی ئەو لە پاکبوونەوە بەم شتانە ڕوو دەدات بە "بەردەنوێژ...لا١٧" و "ئاگردان..لا ١٨ ," و "گریان" و "مەشخەڵ..لا ١٠٠" و "پاککردنەوە..لا ١١٣" و "خەوان.. لا ١٤٨" و " سوێند..لا١٥٤." و "سڵاو..لا ١٥٨". ئا ئەمانە ئەو پاکبوونەوانەن لە ئەنجامی زیکر و خوێندنەوەی تەسبیحەکانی ١٠١ دا بە ئەنجام دەگەن، هۆکارەکانی پاکبوونەوە تەنیا زیکر نین، بگرە بەکارهێنانی هۆکارەکانی لێخۆشبوونە، نویژ و ڕووناکی و پاککبوونەوە و دانان بەگوناهەکان و دابینکردنی خوانی ئاشتی لەبۆ ئەوانەی دڵت شکاندوون و سوێند خواردن بۆ هەڵوەراندنی ڕاستییەکان و وتنی ڕاستییەکان و داخستنەکەشی بەسڵاوکردن دەبێ سڵاو لە خوا و لە مرۆڤ و لە ژیان، ئەمەش دوا وێزگەی پاکبوونەوەی یەکجارەکییە، هەر لە شیعری سەد و یەکشەوەدا "سڵاو.. لا ١٥٨" کەوتووەتە دوا دوای شیعرەکانەوە.

بازنـەکـانـی پێکەنین چـەندن، کــۆڕی دڵشـــاد لە شــیــعــری "تەزوو..لا٣١"
بازنـەیەکی تێـدایە خـۆی لە کـۆڕی شـادمـانی و دڵناسکی دەبینێتـەوە، ئەم شیـعرانە ئەوەندە پێکەوە گرێدراون، کـە کۆتاییـەکان لە یەک چرکەدا یەک دەگرێتـەوە، هـەروەها وشـە بازنەییـەکانی وەک وشەی گرد، ئاماژەیەکە لە هـەر چوار شـــیـــعـــری "تەزوو..لا٣١"و"خـــاڵ..٣٤ " و "پـەڕەمـــووچ..لا٩١" و "سـڵاو..لا١٥٨"، هـەریەکـەیان ئەرکێکی خسـتووەتە سـەر شـانی خـۆی جـارێک گردی ئەفسـووناوی و جـارێک رۆمـانسی و جارێک بۆنـی پیرۆزی بخـوور و دوا جـــاریش هـاوڕێیـــەتی لـەگـــەڵ تـەپۆڵکە و مـــرۆڤ، هـەمـــوو ئەمـــانـە پێکەوە پێوەندییـەکی گەشبینانەی ئەو بازنەیە دەردەخەن، کـە هـاوڕێی بازنەیەکی تری گەورەترن کـە زەوییەوە، ئەمانەش شـادمانییەک بـەبازنەی دڵ دەبەخشن، تونێڵ ئەویش ئاماژەیەکی ترە کە شاعیر ڕووی تێ کردووە، ئەوەی کە تێبینی دەکرێ بازنە سـێکسیـیەکان لەم شـیعرانەدا کـەمتر هـاتوون لە کاتێکدا لە زیکر و بیرکردنەوە لـە سـەد و یەک شـەوی تەنیاییـدا شاعیـر کـەمتر بیـری لە هێما سێکسییـەکان کردووەتەوە، ئەمەش دەری دەخـات کە شـاعیر زۆر سۆفیـانە لە خـەڵووەتی ئەو شـەوانەدا تەنیـا بیـری لای بیرەوەرییـەکـانی ژیان و سـروشت بووە، هێنانەوەی هێمـا بازنەییـەکانی ژیان وەک مەرگ و ژیان و لەدایکبوون، هـەروەها ئاماژەکردن هـەردوو دایک و باوکی بازنەیی ژیان مانگ و ڕۆژ و کوڕ و کـچـەکـانیـان زەوی و ئەسـتـێرەکـان و پـاشـان سـەرقـاڵبـوونی بـە دیمەنە سروشـتییـەکانی دار و درەخت و گوڵ و گیانداران وای کردووە، کە شـاعیر بەدەگمەن خۆی لە حەزە سێکسییەکان بدات، بۆیە بازنە سیێکسییەکانی وەک لەش و مـەمک و سـووڕی ژیان و لەدایکبـوون کـەمـتـر لە سـەد و یەکـشـەوەدا دووبارە دەبنـەوە، ئەو سـەد و یەک شـەوە ئەوەندە کـورتـە فـریای تەواوکـردنی سـووڕی خۆشـەویسـتی و خـەوتنی سێکسی و منداڵبوون ناکات، تەنیا فـریای ماچی بەپەلە و هەڵگرتنی بیرەوەرییەکان دەکات، شـاعیر لەنێو ئەو هـەموو خۆ یاخیکردنە چاوەڕوانی بیرکردنەوی هەمیشـەییە، چاوەڕوانی ئەو ساتانەیە کە پاش دەرچوونی لە بازنەی زیکری خوا و نیشتمان و بیرەوەرییەکانی بیرێک لە

دڵداری و خەوتنێکی ئیرۆتیک ئامێز بکاتەوە.

لە دیوانەکانی سەباح لە "زێوان" کە یەکەمین دیوانی شیعری ئەم شاعیرەیە، ڕۆحی ڕۆمـانسی ئەوەندە باڵی بەسـەر شـیـعـرەکـاندا کـێـشـاوە، بواری هەناسەدانی واقیعی لێ بڕیوە، لە دیوانی "خەون وا خۆی گێڕایەوە" بوارێک هەیە بۆ بیرکردنەوە لە ساتەکانی ژیان و بیرکردنەوە و لێکدانەوە دەروونییەکان و قووڵبوونەوە بۆ حەز و خۆشەویستی و چێژ، لەوێدا چێژە ڕۆمانسی و هەندێ جار ئیرۆتییەکان وایان کردووە، پێوەندییەکان ببنە سەرەتاییەک بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دەروونی، هەروەها وایان کـردووە، کـە پێـوەندییـەکـان سـەرچاوەیەک بن بۆ دووبارەبوونەوە، لەنێـو شـیـعـرەکـاندا وشـەکـانی ناهۆشمەندی پێوەندی سێکسی زیاتر ئامادەن وەک ڕاستەوخۆی سێکسی، وشەی ماسی کە چەند جارێک دووبارە بوونەتەوە، وشەکانی شیر و مەمک و هێلکەش کۆمەڵێ زاراوەن هێمای ئیرۆتیکی و هێزیان لە دیوی ئەم دیویدایە، کە دەکرێ لە رووی مانای چەند مەودایییەوە بۆی بگەڕێین و بیدۆزینەوە، هەروا بەئاسانی ماناکان خۆیان نادەن بەدەستەوە، زۆربەی شیعرە کوردییەکان چەپاندنە سێکسێکان ڕەنگدانەوەیان پێوە دیارە، ئەمەش بۆ تینوێتی خودی شاعیر بۆ ئەو ساتە ئیرۆتیکیانە دەگەڕێتەوە کە لە دەستی داون.

بازنەکانی سەد و یەکشەوە، بازنەی ئیرۆتیکی لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ، بەوەی کە ١٠١ ڕووداوی هەزارو یەکشەومان وەبیر دەخاتەوە، بەسەرهاتە ئیرۆتیکییەکانی نێوان شەهرەزاد و شەهرەیار لە شێوەی گێڕانەوەی ئیرۆتیکیدا جێگەی خۆیان لە نێو ئەو چیرۆکەدا دەکەنەوە، سەد و یەکشەوە دووبارەکـردنەوەی هەمـان ڕووداوە بەڵام، بەشـێـوەیەکی تر و بەکورتکردنەوەیەکی تر، لە ١٠٠١ شەوەدا چیرۆکەکان درێژ دەبنەوە تا مەرگ دوور کەوێتەوە و تەوژمی چێژ بەرز بێتەوە، بەڵام لە ١٠١ شەوەدا ژیان بە کورتبوونەوەی ڕۆژەکان درێژتر دەبێتەوە، ١٠٠١ شەو کەسایەتییە خەیاڵییەکان دەکات بە ڕاستەقینە، بەڵام لە ١٠١ کەسایەتییە حەقیقییەکان دەکات بە خەیاڵ، شاعیر لە هەربەسەرهاتێکدا بازنەیەکی هەیە دەست پێ

دەكات و كۆتايى پێ دێ و پاشان لە شەوێكى تردا بازنەيەكى تر دروست دەبێ و بەسەرهاتێكى تر دەست پێ دەكات، لە ١٠٠١شەودا يەك بازنەى گەورەيە و كە دەست پێ دەكات وردە وردە ئابڵوقەى مەرگ دەدا تا لە پاش كۆتاييى شەوەكاندا مەرگ لەنێو بازنەكەدا دەمێنێتەوە، ئەگەر پێوەنديى نێوان ئەم دوو ژمارەيە لە ڕووى ماتماتيكەوە لێك بدەينەوە بەم شێوەى خوارەوە بيرێكمان لا دروست دەبێ:

١٠٠١–١٠١= ٩٠٠ شەومان دەست دەكەوێ مانای وايە ديسان لێرەش دەگەڕێينەوە لای ژمارە تاكەكان، تاك وەك هێمايەك لێرەدا دووبارە دەبێتەوە هەروەك چۆن لە ژمارەكانى زەوى و زەمين و خۆر و دەف و هێلكەدا دووبارە بوونەوە، پاشان ئەو ٩٠٠ ڕۆژە نێزيكەى دوو ساڵ و نيوى ٢,٥ تەواوە، ئەمەش ئەوە دەگەيەنێ شيعرەكانى نێو ١٠١ شەو بە دوو ساڵ و نيو خەونێكى تازەى شاعير لەدايك دەبێ و ئەو دوو ساڵ و نيوە، جياوازى نێوان زەمەنى داهێنانى شاعيرە لە ديوانە شيعرێكەوە بۆ ديوانە شيعرێكى تر، زۆربەى ئەو داهێنانانەى كە لە نێوان شاعيرێكى كورد بۆ ئەوى تر ڕووى داوە ٢٥ ساڵى لە نێوان بووە، بەڵام ٢٥ ساڵ پاش لابردنى ئەو خاڵەى كە كەوتووەتە نێوان دووەكە و پێنجەكەوە.

شيعرى ١٠١ شەوە سەرەڕاى ئەم جياوازييە هەوڵ دەدات خۆى لەو بازنە كوشندانە جيا بكاتەوە، كە بەردەوام ژيان دووبارە دەكەنەوە، بەبيرهاتنەوەكان، سيستەمى ميلۆديان بەدوو بەش كۆتايى دێ، ميلۆدى دەرەوە و ميلۆدى ناوەوەى بازنەكان، ميلۆدى شيعرەكە كاتێ لە شەوى يەكەمەوە دەست پێ دەكات بازنەكانى خاوەنى ميلۆدى نزمن و بەو وشانە دەست پێ دەكەن، كە دەيانەوێ ئاوازێكى وەها بن كە خەو نەزرێنن و بێدەنگييەكان نەكەنە ژاوەژاو، وەك لە شيعرەكانى "ئەفراندن" و "مێوان" و "ماسيگرە" و "سوێسكە" بەرچاومان دەكەوەن كە چوار ميلۆديان بۆ ژيان و خۆشەويستى و مۆسيقاى تێدايە، ئەمانە بازنەكانى ناوەوە و دەرەوەيان وەك و يەكن، بەڵام پاشان ميلۆديانە دەگۆڕێن و بازنەكانى دەرەوە و ناوەوەيان

دەبنە دژ بەیەک، واتە لە شیعرەکانی "قەفەس" و "ئاگردان" و "زیندان" و "شڵەژان" میلۆدییەکە گۆڕانییان بەسەردا دێ بازنەکانی دەرەوە و ناوەوەیان یەک میلۆدیای تووڕەیان دەبێ، شیعرەکانی نێوەند هەوڵ دەدەن بەسەر ئەو میلۆدییە تووڕانە زاڵ بن، بەڵام هەر زوو تووشی نوشستی دێن، بۆیە بازنەکانی سەرتاپای شیعرەکانی ١٠١ بەدەست زاڵبوونی میلۆدیای ناجێگیرەوە دەناڵێن، ئەم میلۆدیایانە ڕێک لەو بازنانە دەچن کە لە فڕێدانی بەردێک بۆ نێو ئاوێکی مەنگ دەچێ. جۆرێک لە سەنتەرێتی بوونی وشەکانی دەوری ئەو سەنتەرە هەیە، واتە وشەیەکی سەرەکی سەنتەرە و کۆمەڵێ وشەش دەبنە هێڵی دەوری ئەو سەنتەرە، هەندێ وشە، کۆمەڵێ وشە بەدەوری خۆیاندا کێش دەکەن، ئەمەش زیاتر وای کردووە، شێوەیەک لە گرووپکاری لە نێوان وشەکان و ماناکاندا هەبێ. ئەگەر وامان دانا بازنەی ڕاوکردن سەنتەرە، ئەوانەی بەدەوریدا دەسووڕێنەوە پێوەندییان بە وشەی ڕاوەوە هەیە بۆ نموونە وشەکانی "ماسیگرە، سوێسکە، قەفەس" دەبنە هێڵی دروستکردنی ئەو بازنەیە، ئەگەر وامان دانا مەشق... سەنتەرە، ئەوە میلۆدیای تەواوکەری ئەو بازنەیە برێتییە لە "ڕەنگ، بەردەنوێژ، ئاگردان،سوپاس"، ئەگەر وامان دانا کە زیندان سەنتەرە ئەوە ئەم وشانە دەبنە هێڵی تەواوکەر ئەو پێوەندییە" شڵەژان، دڵ، گریان"، ئەگەر هونەر ببێتە سەرچاوە و سەنتەر ئەوە ئەم وشانە دەبنە تەواوکەری هێڵی پێوەندییەکانی ئەو بازنەیە" سێتار، تەزوو، ڕوان، وێنە، شیعر، یاداشت، چاو، گۆزە، نەخش".

بەم شێوەیە لە سەرپای پێوەندیی شیعرییەکانی نێو ئەم شیعرانەدا شێوە ژیانێک و پێوەندییەک هەیە لە نێوان هەر ناونیشانێک و هەر پێوەندییەکی ئەو وشانە پێکەوە یەکێکیان دەبنە سەنتەر و ئەوانی تر دەبنە تەواوکەری بازنە و بەدەوری ئەودا دەسووڕێتەوە، سەنتەرە ڕەشبینەکان، زیندان و ڕاو، گریان و وەڕسی و قفڵ و خۆکوشتن و قەقنەس... هتد، بەڵام ئەو سەنتەرانەی کە گەشبینن، ئەو سەنتەرانەن کە ژیان خۆشەویستی و پێکەوەبوونیان تێدایە، "ئاشق، چلچرا، نەمری، شاخ، گۆرانی، کۆتر... هتد.

# بەشیعربوونی کەسایەتییەکان

شیعریەتی گێڕانەوە لە شیعری سەد و یەکشەوەدا، تەواو بەبەرکردنی ڕوحە بە جەستەدا، گۆڕانکارییە لە گۆڕینی ئاماژە مێژووییەکان بۆ سیستەمی شیعری، بەشیعرکردنی کەسایەتییەکانە، بە کەسایەتیکردنی شیعرە، ئەو ئەرکە کە شیعرییەت پێی هەڵدەستێ "شیعرییەت واتە گۆڕینی ئاماژەی میتافیزیکی بۆ یاسای میتافیزیکی". کەواتە ئەوەی لە وردەکارییەکانی نێو ئەم شیعرە وردبێتەوە، ئەو ڕاستییە دەبینێ کە "شیعرییەت زانستە". کەواتە ئەم شاعیرە لەو زانستە گەیشتووە، تا بتوانێ کەسایەتییەکانی لە کەسایەتییەکی سادەوە بۆ کەسایەتییەکی ناسادە بگۆڕێ، واتە بتوانێ ٣٣ کەسایەتی لەنێو شیعرەکاندا کۆ بکاتەوە، ئەو کەسایەتییانە دابەش دەبن بەسەر سێ گرووپدا، کە دەکرێ ناویان بنێین، گرووپی شیعری و گرووپی هونەری و گرووپی سیاسی. ئەوەی وا دەکات کە شیعر پارێزگاری هێزی ناوەکی خۆی بکات، بەکارهێنانی کەسایەتییە شیعرییەکانە لەنێو هێزی ئیحائیدا و، وەرگرتن و خواستنی هەر دیمەنێکە یان شتێک، یان کەسایەتییەک لەنێو شیعردا دەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە بنیاتی پێکهاتنی ئەو شیعرە بەهێزتر بکات، لە ١٠١ شەوەدا وێنەی کەسایەتییەکان بۆ ڕووداوی راستەقینە دەگۆڕێن، هەندێ لەو کەسایەتییانە دەبنە بەشێک لە ئەزموونی ژیانی شاعیر، هەندێکیشان لە شیعرەکاندا بەخۆیان و وێنە شیعرییەکانیانەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو خەونانەی کە مەبەستیان بووە بەدی بهێنن، بەڵام نائومێدی لە بەدینەهاتندا بنیاتی شیعرەکە بەهێزتر دەکات، کۆمەڵێ لە کەسایەتییە شیعرییەکان دەبنە وەزن و قافیەی شیعرێک کە خەونیان پێوە بینیووە، زۆربەی شاعیرەکان شیعری ژیانیان گوتووە و زۆربەی هونەرمەندان وێنەی ژیانیان کێشاوە، گۆرانیچڕ و

موسیکژەنەکان باسی خەم و ئازارەکانی مرۆڤیان کردووە.

زۆربەی ئەو وێنە شیعریانەی کە لە ڕێگەی کەسایەتییەکانەوە دروست دەبن، وێنەی پارچە پارچە نین تا خوێنەر بێت و کۆیان کاتەوە و لە تەنیشتی یەکەوە وێنەیەکی نوێیان لێ دروست بکات، پویزڵێک نین کەسێک کاتی خۆی لەپێکەوە نووساندنیان بەخەرج بدات، ئەو وێنانە بریتین لەو پێوەندییە گرینگەی کە ئێمە لە پێوەندییەکی قووڵی ژیاندا کۆیان دەکەینەوە، کەسایەتییەکان لە چاوی شاعیرەوە دەبنە تیشکێک و ئەو تیشکە خوێندنەوەی ڕوحی ئەوانە، بەشیعربوونی کەسایەتییەکان وای کردووە کە شاعیر هەندێ جار دەستی نەوازش بەسەر سەری ئەو شیعرانەدا بێنێ کە شاعیرەکانی هاوڕێی لە سەردەمێکی دوورتر لە سەردەمەکەی خۆی گوتوویانە، یان وای لێ بێ کە شاعیر نەتوانێ ئەو دەستەی بگاتە سەریان بۆیە حەسرەت و ناسۆرییان بۆ دەڕێژێ، ئەو وێنانە لە تەمەنی پێش لەدایکبوونی خۆیەوە دەست پێ دەکەن، تا دەگەنە تەمەنی پاش لەدایکبوون، لە زەمەنی پێکەوە ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو کەسانە تا زەمەنی پێش مەرگی ئەوان.

ئەوەی کە لە شیعری ١٠١ شەوەدا بەدی ناکرێ ئەوەیە کە هیچ یەکێک لە کەسایەتییەکان نابینین کە لە زەمەنی نوێتر لە تەمەنی شاعیر و شیعرەکانی ١٠١ شەوەدا هەبن، کە ئەمەش بۆ خۆی وای کردووە، شاعیرمان هەر لەسەر ڕێچکەی هەمان شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی بڕوات لە یادەوەری و بەبیرهێنانەوەی کەسایەتییەکان، وەک ئەوەی کە ئاراس عەزیز عەبدوڵا لە دیوانی "حەسرەت" ئەنجامی داوە، ئەوەی کە شاعیر جەمال غەمبار بۆ هاوەڵەکانی نووسیووە.

لە شیعری کوردیدا ئەم شێوەی بەبیرهێنانەوەی کەسایەتی تەنیا وەک یادکردنەوە و شیوەن و بەرزراگرتنی ناوەکەی بووە، بەڵام کەسایەتی نەکراوە بەکاراکتەر و ڕۆڵێکی ئەکتەر ئاسای پێ بدرێ و بگەڕێتەوە و ئامانجێک بەجێ بێنێ، یان لە سەردەمی خۆی شتێکی لەدەست داوە و هاتووە لەم زەمەنە بۆی دەگەڕێ تا بیدۆزێتەوە، شیعری کوردی پێش ئەم ئەزموونەی دیوانی (سەد و

یەکشەوە) ئەم شێوە ئەزموونەی بەم شێوە بەکار نەهێناوە کە کەسایەتییەکان بریتی بن لە جێ دانان و هەستانی ئەو کەسایەتییە بەئەنجامدانی پاڵەوانێتی، زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی کە خراونەتە نێو شیعرەوە، کەسایەتی تایبەت بەسەردەمە بەسەرچووەکانن و هاتوون لەنێو شیعردا بوون بە پاڵەوان و نموونەی داستانی سەردەم، ئەو شاعیرانەی کە کەسایەتییان خستووەتە نێو شیعرەوە هاتوون بیرەوەری و بیۆگرافیای کەسایەتییەکانیان کردووە بەشیعر، بەڵام ئەم شاعیرە ئیشی لە روئیای کەسایەتییەکان کردووە و روئیای کەسایەتییەکانی بۆ ژیان و بینین کردووە بەشیعر، بەکاربردنی کەسایەتی بەوشێوە لە شیعری کلاسیکیشدا هەبووە وەک بەکارهێنانی کەسایەتییە ئاینییەکان، کەسایەتییە ئەفسانەکییەکان، وەک بەکارهێنانی کەسایەتی شێخی سەنعان لای فەقێی تەیران و کەسایەتی سۆفییەکان لای مەلای جزیری و کەسایەتیی مەم لای ئەحمەدی خانی و کەسایەتی حەبیبە لای نالی و دەیان نموونەی تر، بەڵام لە شیعری نوێی کوردیش نموونەی ئەم بەکارهێنانە زۆر بەبەرفراوانی هەبووە، بەڵام هەروەک پێشتر گوتم تەنیا وەک بیرەوەری و بیۆگرافیا و روئیای خۆیانیان بەکاریان هێناوە بۆ وێناکردنی ئەو کەسایەتییانە لەنێو شیعردا.

نموونەکانیان دەتوانین لای ئەم شاعیرانە ببینین: شێرکۆ بێکەس لە دیوانی "من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ" شیعرێکی هەیە بەناونیشانی (مایکۆڤسکی)، لە لای شاعیر ئەنوەر قادر محەمەد کۆمەڵێ ئەم نموونەیەی لە بەکارهێنانی کەسایەتیدا بەکار هێناوە وەک لە دیوانەکەی "زریان" کە ساڵی ١٩٨٧ چاپی کردووە شیعرەکانی "وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد...١٩٧٢ ، ، شیعری "ئای تاتیانای شەنگ..١٩٧٤ ، ، گوڵسورخی لە هەرێمی مەرگا سۆز ئەکا... پاشان لەتیف هەڵمەت لە دیوانی "گەردەلوولی سپی.. ١٩٧٨" بەم شیعرانەی کەسایەتی بەکار هێناوە "بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە رۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە" شیعری "لاوانەوەی نیرۆدا" و شیعری " نازم حیکمەت بۆ مرۆڤایەتی دەدوێ"، نووسینەوەی بیۆگرافیای شاعیر نییە، بەئەندازەی

ئەوەی دووبارە کارەکتەریزەکردنی شاعیرە لە سەردەمێک تر و بە ئەرکێکی ترەوە.

هەروەها لای عومەر مارف گوڵ شیعرێک دەبینین کە لە دیوانی (هێلانەی نغرۆ) ساڵی ١٩٨٤ بڵاو کراوەتەوە بەناونیشانی "ناتناسن"، لەوێش کەسایەتی حوسێن ناوێک باس دەکات کە لەسەر خۆشەویستی دەبێتە قوربانی و عەشقەکەشی دەسووتێ، دواتر ئەم شێوە بەکارهێنانە لای شاعیر محەمەد عومەر عوسمان لە کۆمەڵێک ناودا ڕەنگ دەداتەوە، کە لە دیوانی (لەغوربەتا..٢٠٠٢, چاپی دووەمدا هاتووە ئەو ناوانەش بریتین لە (یەسەنین) و (ڤانکۆخ)، جەلال بەرزنجی لە دیوانی "سەمای بەفری ئێواران...١٩٧٩ , شیعری "لۆرکای زیندوو" ی وەک تەرمێکی نووستوو دەبینێ، دڵشاد مەریوانی لە شیعری (حەنیلە گلەییم لێ ناکات)، ناوی حەنیلە بەکار دەهێنێ کە ڕاهێنەری سێوەی گۆرانیبێژ بووە، زۆر شاعیری تریش هەیە ئەم ڕێچکەیەیان بەکار هێناوە لە نموونەکردن و بەکارهێنانی کەسایەتییەکان.

ئەوەی تێبینی زۆربەی کەسایەتییەکانی نێو شیعری ١٠١ شەو بکات دەبینێ کەسایەتییەکان بریتین لە ١٠ هونەرمەند، ژمارەی ١٠ ژمارەیەکی دڵخۆشکەرە، بۆیە ئەو کەسانە بەهونەرەکانیان ڕووناکییان خستووەتە نێو ژیان و ڕۆحی تەماشاکەر و گوێگر:

ئازاد شەوقی....... شیعری ڕەنگ لا ١٤

بەدیع باباجان...... شیعری پەڕەمووچ لا٩١

دانیال قەساب....... شیعری خوان لا ١٤٩

سەید عەلی ئەسغەر.... شیعری مۆتەکە لا١٢٣

کاوێس ئاغا...... شیعری دڵتەنگی لا١٣٠

عەلی مەردان...... شیعری خۆشحاڵی لا ٧٩

قادر کابان...... شیعری شوێنپێ لا ١٣١

ڕەسووڵ گەردی..... شیعری سلاو لا١٥٩

فوئاد ئەحمەد.... شیعری سڵاو ١٥٨

قالەمەڕە.... شیعری قفڵ لا ٦٢

هەموو ئەو هونەرمەندانەی کە لە بەسەرهاتەکانی شیعرەکانی ١٠١ شەودا هاتوون، کەسانێکن، دابەشبوون لە نێوان دەنگ و ڕەنگ، لە هەموو هونەرەکان زیاتر دەنگ و ڕەنگ ئامـــادەیی مـــەزنیی هەیە، دەنگ و ڕەنگ زۆر ناڕۆن و سنووری دیاریکراویان هەیە، بەڵام شاعیر لێرەدا دەیەوێ ئەوە بڵێت کە هونەرەکانی ئەمان ڕەنگدانەوەیەکی ژیانی سەردەمی خۆیانن، سێ هونەرمەند ســەر بە سێ زەمـــەنی نێزیک لەیەک گێڕانەوەی سێ چیرۆکن، هونەری شێوەکاری، وێنە و هێڵ و پۆرترێت، ئازاد شەوقی هونەرمەندی سروشت، هونەرمەندی کلاسیکی بەدیع باباجان و نیگارکێشی کولتووری وێنە دێرینەکان بووە دانیال قەساب، گۆرانیبێژەکان گێڕەوەی ســەردەمە جیاجیاکانن، هەریەکەیان سیمبۆلی خۆیان هەیە، هەریەکەیان بەم شێوەیە دەتوانرێ سیمبولەکانیان دیاری بکرێ:

سەید عەلی ئەسغەر.... سیمبۆلی شۆڕشی مەهاباد

کاوێس ئاغا...... شۆڕشی شێخ مەحموود

عەلی مەردان...... نوێبوونەوەی شۆڕش و ڕاپەڕین و هونەرمەندی فرە سەردەمی

قادر کابان...... سـیـمـبـولی خنکاندنی دەنگ لە زەمـەنی ڕەشی داپڵۆسین و وێرانکارییەکانی پاش نووشستی شۆڕشی کورد

ڕەسووڵ گەردی..... وەستان و بەردەوامی

فوئاد ئەحمەد.... گەڕان بەدووی کولتووردا

قالەمەڕە.... دوا وێستگەی ڕەسەنایەتی مۆسیقا

ئەوەی تێبینی دەکرێ، زنجیرەیی مێژووی کەسایەتییەکان لە کۆنترین هونەری مۆسیقا دەست پێ دەکات تا سەردەمی نوێ، پاشان لە ناونیشانی شیعری "قفڵ" کە تایبەتە بە شمشاڵژەنی بەناوبانگی خۆڕسکی کوردی

قالەمەڕە، کە دواین هونەرمەندی بەتوانا ی خۆڕسک بوو کۆچی دوایی کرد، بەوەش قفڵێک چووەتە نێو بوونی هونەری ڕەسەنی کوردییەوە.

سەد و یەکشەوە گێڕانەوەیە، بۆیە سیفەتی گێڕانەوە وای کردووە کە زۆربەی بابەتەکان مێژوو و ڕووداوی لە پشتەوە بێ، کاتێ شاعیر باس لە مێژووی شارەکەی دەکات، چەند نموونەیەکی سیمبولی زیندوو دەهێنێتەوە، "حاجی لەق لەق"ەکە نموونەیەکی زیندوو و سیمبولی ئاسوودەیی ژیانە، یەکەمین سیمبولی کوشتنی گیانلەبەر، بەڵام "هۆمایۆن" و "سەمەندەر" دوو نموونەی سیمبولین پێوەندییان دەبێتە پێوەندییەکی کەسایەتی بەڕووداوەکانەوە، ئەم نموونانە نێوەندە پێوەندن لە نێوان زەمەن و گێڕانەوەدا، کەواتە شاعیر و شیعر و سیمبولەکان سێ کوچکەی پێوەندیی گێڕانەوە پێک دێنن، ئەم سیفەتە زیاتر لە ڕۆماندا هەیە تا لە شیعر، بێگومان لە بەسەرهاتەکانی ۱۰۰۱ شەودا هەبوون، بۆیە گواستنەوەی بۆ نێو ۱۰۱ شەو، گواستنەوەیەکی ناهۆشمەندانەی شاعیرە، شاعیر ئەم کارەی بە هۆشمەندی نەکردووە، وێنە دەقییەکانی نێو وێنە شیعرییەکان دانەپچڕاون لەلایەنە زەمەنییەکەی بۆیە " هەرچەند هێزی داهێنانی دانانی شیعری لەنێو بواری ئەزموونماندا دەوڵەمەند بێ، ئەوە دانانی هۆنینەوە لەسەر ئەوە پێک دێ کە تێگەیشتنی لەپێشینەمان هەبێ بۆ جیهانی بکەر و بنیانانی خودی مانا و سەرچاوە سیمبۆلیی و سروشتە زەمەنییەکان، ئەم سیفەتانەش زیاتر لەوەی هەڵبهێنجرێن وەسف دەکرێن ".

کەسایەتی هەر ئەوە نییە کە تۆ بیهێنی و ناوی بەریت بەبێ ئەوەی هیچ ئەرکێکی پێ ببەخشیت، دیسان لە هێنانەوەی کەسایەتییەکان ژمارەی شاعیران زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی کە پێوەندییان بە هونەر و بوارەکانی ترەوە هەیە، ژمارەی شاعیران ۲۰ شاعیرن، بەسەر سەردەمە جیاجیاکانی شیعردا دابەش بوون لە کلاسیکەوە تا مۆدێرنیزم، لە سەدەی هەڤدەمەوە تا سەدەی بیست و یەکەم، لە شاعیرە خواپەرستەکانەوە تا مەیپەرستان، لە سۆفیزمەوە بۆ مارکسیزم، لە ڕۆمانسییەوە بۆ واقیعی، بۆیە ئەوەی شاعیر لەم

نەخشەیەدا دای ناوە، تەنیا دەستنیشانکردنی ئەرک و وەزیفەی ئەو شاعیرانە نییە، بگرە سەردەم و شێوە شیعر و بیرکردنەوە و ئاین و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەکانیشیانی دەست نیشان کردووە، تەنیا هەڵەیەک کە دەبینرێ، زینجیرەی دانانی شاعیرەکان تێکەڵ و پێکەڵییەکی پێوە دیارە، لە "بابا تاهیری هەمەدانی" سۆفی و هەست ناسک دەست پێ دەکات و بە بەختیار زێوەر کۆتایی دێت، کەچی وا باشتر بوو بە خەیام دەست پێ بکات و بە ئاراس عەزیز عەبدوڵا کۆتایی پێ بێنێ، پاشان دەستنیشان نەکردنی شوێنەکانی دابەشبوونیان لەنێو شیعرەکانیش بۆ خۆی یەکێکی ترە لە گرفتەکانی شاعیر کە وای کردووە، زۆر جار بێ ئاگایانە بکەوێتە نێو هەڵەی مێژوو و سەردەمی سەرهەڵدانی ئەو شاعیرانە، بابا تاهیر لە شیعری چاودا، باوکی چوارینەیە، واتە پیتی (چ) ئەرکێکی هەیە، کە وای کردووە بابا تاهیر لە چوارینەکانییەوە چاوێک بێ بۆ بینینی ژیان و خۆشەویستی و خوا، لە بۆ "نالی" گریانی هەڵبژاردووە، ڕەنگە گریانی غوربەت و تاراوگە و لە دەستدانی حەبیبە هۆکارێک بێ بۆ جێگەکردنەوەی شاعیر لەنێو ئەو شیعرەدا کە ناوی "گریان... ٤٨". وەلی دیوانە لای هەموومان بە عاشقی "شەم" ناسراوە، لە پاڵ ئەوەشدا هەموو کات داوای ئەوە بووە کە لە پاڵ خۆشەویستەکەیدا بنێژرێ و سیمبولەکانی ئەو بکەنە سەرچاوەی مەرگ و کێلەکەشی بەقەد باڵای شەم بێ، بۆیە شاعیر لە شیعری "داوا...لا٩٠" جێگەی ئەو شاعیرەی کردووەتەوە.

تێبینی دەکرێ هەموو ئەو شاعیرانەی کە لە ١٠١ شەودا هاتوون، لە ناونیشانێکدا جێگەیان کراوەتەوە کە ئەو ناونیشانە پێوەندییەکی دەروونی و ڕوحی و مێژوویيان پێکەوە هەیە، یان خەونێک و داوایەک و سیمبولێکی ئەوانە، (گۆران) لە شیعری سادەییدا ناوبانگی دەرکرد، شیعر چووە قالبی سادەیی و جوانیی، بۆیە ناونیشانی ئەو شیعرەی گۆرانی تێدا خراوەتە رووی "سادەبوونەوە"یە، (حەمدی) شاعیری سەردەمی نووشستییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود و گرفتە سیاسییەکانی دەسەڵاتداری کورد بوو بەرامبەر بە چارەنووس هەر بۆیە وێنەیەکی دڵتەنگی ئەو سەردەمەیە، تەوزیفکردنی

کەسایەتی لەنێو شیعردا دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی دەرگەکانی بیرکردنەوە، بەرامبەر ئەوەی کە بۆچی ئەو ناوانە وا هاتوونەتە لێکدانەوە، شێوەی بیرکردنەوە:

سووبح پێ ناکەنێ تا بێنەوایێ شەو بەدڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ تا بولبولی سووبحێ بەکوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باخی عالەم تا هەموو وەک یەک
بەیەک سۆز و بەیەک شۆر و بەیەک دەم چڵ بەچڵ نەگری

پاشان لە شیعری "دڵتەنگی" رێگایەک دەبینین وێڵبوونی بەدواوەیە، خوێن لە ناخدا دەرژێ و زەویش بە شەونم تەڕ دەبێ، کەچی سێبەرێک بەسەر زیندووەکاندا بکشێ تەنیا مردووەکان نەبێ:

دوای لەدایکبوونی حەمدی
خوێن لە ناخی چڵ ڕژا
زەوی بە شەونم تەڕ بوو
ڕۆژ نیوەی تەمەنی بە دیار زەوییەوە ڕادەوەستێت و دادەمێنێ
شتێک بدۆزێتەوە
نەیدۆزێتەوە
لە ئاوابووندا دڵتەنگییەکانی بەدی دەکات
هەرکێ دڵم برەنجێنێت
هەولێر دەملاوێنێتەوە
کاوێس ئاغاش مۆڵەتم لە مەرگ بۆ وەردەگرێت گوێ لە داستان ڕابگرم
شکۆی خوا لە دەوروپشتم
ئالآیەک هەڵدرا و
سێبەری بەسەر برینی قوربانییەکان دەکشێ

حەمدی شاعیر سیمبولی سەردەمێکە لە دڵتەنگی سەردەمی گرفتەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودی گرفتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە کە کاریگەرییەکی دەروونی کردووەتە سەر بیروبۆچوون و لێکدانەوەکانی ئەم شاعیرە، بۆیە لە دڵتەنگییەکی بێ وێنەدا دەژی، کاوێس ئاغاش وەک گۆرانیبێژێکی ئەو سەردەمەی حەمدی و شێخ مەحموود گۆرانییەکانیشی دەربڕی ئەو گریانانەی ئەو کاتە بووە، کاوێس رووداوەکان لە شێوەی داستان و خەباتی ئەو کاتە دەکاتە گۆرانی و دەیپرژێنێتە باڵای سلێمانی کە حەمدی لەوێوە لە نیزیکەوە گرفتەکان دەبینی، کاوێس ئاغا پێوەندییی لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمر هەبووە، لاوکی بۆ شۆڕشەکەی گوتووە لە لاوکە بەناوبانگەکانی شێخ مەحموود کە لەوێدا باس لە شۆڕشەکەی شێخ و بارودۆخەکەی دەکات، کەم تا زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو شۆڕشەوە، حەمدی ساحیبقران هەر بەهەمان شێوە بە شاعیری شێخ مەحموود ناسراوە، زیاد لە پێویست سەرقاڵی شۆڕشەکەی شێخ بووە، بەڵام چەندان شیعریشی بۆ ئەو سەردەمەی شێخ گوتووە.

# کەسایەتییەکانی تر

لە باسکردنی کەسایەتییەکاندا بەپێی زنجیرەکانی بەستنەوەی کەسایەتی و رووداوەکان ئەمە شێوە تەوزیفکردنێکی هونەریانە لە کۆکردنەوەی چەند کەسێک کە مێژووی هاوبەشیان هەیە لە هاوژینی لەگەڵ ئەو رووداوانە و بەشداربوونێکی پڕ خرۆشانە لەگەڵ زەمەن و بەسەرهاتەکانی، بۆ نموونە شاعیر باسی نالی و سالم دەکات، وەک سیمبولەکانی ئەمارەتی بابان، بابا تاهیری هەمەدانی و ئیبراهیم ئەمین باڵدار سەرەتایەک بوون بۆ زمان و رێزمانی کوردی، مەحوی و حاجی قادری کۆیی و مەولەوی وەک هێمایەک بۆ وروژانی بیر و تەوژمەکانی ئاینی و سۆفیگەری لەنێو ئاین و ئاینپەروەرییدا.

بەختیار زێوەر وەک سیمبولێک دێتە پێشەوە کە سیمبۆلی بنیاتنان و لەدەستدان، رێک بنیاتنان و هەڵوەشاندنەوەیە، شیعری "گوڵی سەربەستی" بۆ سەردەمێک لە سەردەمەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی میلەتی کورد کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە بەسەر چین و توێژێک، ئەو کاریگەرییە بۆ شێوەیەک لە پێوەندیی ڕوحی دەگۆڕێ، بەڵام ئەو گوڵە دەبێتە چەپک و بەختیار زێوەر دەیەوێ لەناو کۆمەڵگەوە بیباتە لای دەزگیرانەکەی تا بۆنی بکات، بەڵام تا دەگاتە ماڵەوە گوڵەکان سیس دەبن و بۆنیان تێدا نامێنێ، لێرەدا بەختیار و گوڵی سەربەستی سیمبولی شۆڕشێکە کە دەبێ گوڵەکانی بەگەشاوەیی بمێنێتەوە، بەڵام ئەو گوڵانە لەناو دەچن، وەک لەناوچوونی خەون و خەیاڵەکانی لاوان و شۆڕشگێڕانە لە کەوتنە دەسەڵات بەدەست گەندەڵان و مشەخۆرانی سیاسییەکانی کوردستان، کەش ئەمە بەرهەمەکەی لە نائومێدێ و ژیانێکی بێ گوڵ زیاتر هیچی تر بۆ نێو ماڵی کورد ناهێنێتەوە، کەواتە شیعری "کاتژمێر...ل١٥٦" شیعری گوڵی نائومێدییە.

پاشــان دوو کـەسـایەتـی بەتەنیـشـت یەکـەوە لە شـیـعـری "چلـچـرا.١٦١ ," دەبینین، کەسایەتی گیوی موکریانی و پیربالّ مـەحموود ئەم دوو کەسایەتییە دوو مـەسـەلـەی گرینگ پێکەوەیـان دەبەسـتێتـەوە، زمـان و کـولتـوور و شـوێن، هەردووکیان لـە کایەی زمـانەوە ناسـراون تا لایەنەکانی تر، گیـو دامـەزرێنەری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی بیری زانسـتی زمانەوانی بووە لە شـاری هـەولێر، لە شـارێکدا کـە پێشـتـر پێش پەیدابـوونی ئەم شـاعیـرە قسـەکردن و نووسین بە زمـانی کـوردی کـەم بـووە، زمـانی تورکـمـانی زمـانی بـاوی ئـەو شـارە بـوو، گـیـو بەبەرپاکردنـی هەوڵێکی زمانەوانی و چاپەمـەنی لەو شارەدا گۆڕانکاری لە بیر و شـێوەی بیـرکردنەوەی خـەڵکی بەرامبـەر بەزمـانـی کوردی دروست کـرد، بۆیە بوونی ئەو ئەدیبـە لە شـارێکی وەک هـەولێر سـەرەتای قـورتارکردنی ئـەو شـارە بوو لەژێر رکـێف و دەسـەڵاتی زمـانی تورکـمـانی، تا پـێش کـاریگـەریی گـیـوی مـوکـریـانی لەسـەر پیـربالّ مـەحـمـوودی شـاعـیـر، ئەم زاتە بە تورکی شـیـعـری دەنووسی تا ئـەوەی بەرپاکردنێک لە ڕوح و مـێشکی پیـربالّ لە ڕێگەی گـیـوی مـوکـریانییـەوە دروست بوو، سـەباح بەم شـیـعـرە دەیەوێ ئـەو سـاتانە دووبارە بکاتەوە، کە پێشتر کەس ئەو نهێنییەی بەو شێوەیە نەکردووە بەمێژوو.

شـاعـیـری مـەهـابـادی هێـمن و سـەیـد عـەلی ئەسـغـەری کـوردسـتـانی دوو سیمبولی ئاوارەی کوردسـتانی رۆژهەڵاتن، گێڕانەوەی بەسـەرهـاتی مەهاباد و شـۆڕشـەکەی و لەدەسـتدانی ئەزمـوونە، لە شـیـعـری "مـۆتەکـە...١٢٣٧" وێناو سیـمای زەردەزۆرە، نایەڵن شاعیر بە ئارامی بنوێ، کەس ناگاتە فریای سەید عەلی ئەسغەر و تیپەکەشی ناگەنەفریای، کاتێ مۆتەکە وەک هێمایەکی رەش و ڕەشـبـینـی بەسـەر شـانـی شـاعـیـرەوەیە، لەولاوە شـەرمی ئەسـتـێرە شـەرمی شـاعـیـرێکە کـە نـایەوێ لە وڵاتەکـەی خـۆیدا و لە پاش لەدەسـتـدانی جگەر گۆشـەکەی بمێنێتەوە بۆیە دەکشێ و لە مـەملەکەتی شاعیرێتی خۆیدا دنیایەک لە خـۆشـەویسـتی دروست دەکات، ئەوەی سـەید عەلی ئەسـغـەر فریای نەکـەوت هێـمن بە شـیـعـر فـریای کـەوت، بۆیە لە دیوانی سـەد و یەکشـەوەدا، مـۆتەکە و شـەرم کە دوو شـیعـرن نێوی دوو کـەسایەتی هونەرمـەند و شاعیری تێدایە بۆ

وەیادهێنانەوەی کـارەسـاتێکن لەو زنجـیـرە کـارەسـاتانـەی کـە ئـەم دووانە پاڵەوانی ڕووداوەکانی بوون.

لـە هـەرسـێ شــیــعــری "ســادەبـوونـەوە.. ٩٥." و "شــوێـنـپـێ..١٣١٧ " و "حـەکایەت... ١٤٣." سێ کـەسایەتی یەک بەدووی یەکدا دێن، "گۆران" و "قـادر کابان" و "دڵشاد مەریوانی" دوو شـاعیری و هونەرمەندێ، هـەردوو شـاعیرەکە شــیــعــری گــۆرانـیــیــان گـوتووە و هــەردووکـیــان لە ڕووی ئایدیـۆلۆژییـەوە لە یەکترییەوە نێزیکن و هـەردووکیشیـان قوربـانی فاشیزم و بەرگریکەری مەسەلە پێشکەوتنخـوازەکـانـی سـەردەمی خـۆیان بوون، ئەو دوو شـاعیرە لەگەڵ قـادر کـابان ئەو هێـڵـە بەیەکـیـانەوە دەگـەیەنێ کـە پێـی دەگـوترێ، هێـڵی جـوانیی سروشت و ژیان و بیر، ئەو هونەرەش لەگەڵ هونەرمەندەکەدا خنکێنرا.

لە ڕووی بنیاتـی هونەری و شیعریشەوە هـەردووکیان سـەر بە سـەردەمێکن لە پێشکەوتن و گـۆڕانکاری بیر و لێکدانەوەکانی زمـان و ڕۆشنبیری کوردی، گۆران سادەبوونەوەی هێنایە نێو شیعرەوە قادر کابان شوێنپێی جوانییەکانی شیعری گۆرانی لە گۆرانی و ئاوازدا دۆزییەوە و دڵشادیش ئەو شـاعیرە بوو کە شیعر و تەمەن و مەرگی بوو بە حیکایەتی هەموو هاوزەمەن و ڕۆشنبیرانی بازنەکەی خۆی و بوو بە میوانی تابووتێکی تاریک.

لە هـەڵبــژاردنـی زەمــەن و پێــوەنـدی و کــایەکــانـی کــارکــردنی ئـەو سێ کەسایەتییـە سـەد و یەکشەوە ئەوەی پێڕەو کـردووە، کە زەمەن تەنیـا زەمـەنی کـات و سـات و سـاڵ و سـەدەکـان نییـە، زەمــەن هـاوبەشی نێـوان هەست و ئازارەکـاندا ئەمــەش لـە نێـوان ئـەم سێ کـەسـایـەتیـیـەدا هـاوبەشــە و دیارە، زۆربەی کۆدە هـاوبەشـەکانی نێـوان ئەم سێ کـەسـە، وایان کـردووە شـیـعر و گـۆرانی و هەسـتـەکـان سـەر بەیـەک زەمـەن بن، هـەمـووشـیـان بـۆنی زیندان و ئازادی و بیرکردنەوە و نوێبوونەوەیان لێ دێت، قادر کابان تاقە شـاعیرێک بوو کاریگەریی شیعری گۆران بە زەقی لە گۆرانییەکانیدا ڕەنگی دایەوە.

ئاراس عــەزیز عـەبدوڵا ناوێکە زۆر جـار دەکـەوێتـە نێـو پێـوەندییـەکـانی شــیــعــرییــەوە، هـەرچەندە ئاراس داهێنەری کـەسـایـەتی "پاڤـێڵ"ە کـە ئەو

بەکـاریگەریی دایکی مـەکـسـیم گـۆرکی لە هـەشـتـاکـاندا هێنایە نێـو شیعرەکانییەوە، بەڵام ئەو کەسایەتییە لە شیعری "حەسرەتدار...١٣٨٧"، لەگـەڵ شـاعـیـرێکی هاوزەمـەن و هاوڕێی خـۆیدا "عـوسـمـان شـەیدا" یەک دەگرێتەوە، ئەوەی ئەم دوو شاعیرە کۆ دەکاتەوە پایزێتییە، هەردووکیان بۆ پایز و خەزان شیعریان گوتووە، شەیدا لە شیعری خەزاندا پرسیار دەکات و دەڵێ:

" کێ ئەوەندەی من و پایز تەنیا دەمرێ؟
رووبار دڵی منی تەنیای لە مشتایە
نە چاوی هەیە نە گۆنا
بەڵام دەگری.. ئەویش دەگری
تۆش فریشتەی ناو تەمێکی سەر دەریای شینی پایزی"

"ئاراس عەزیز عەبدولا" ش لە شیعری "چۆلەکەی بەجێماوی ئێوارانێ" دەڵێ:

سەرەی مەرگمە، نزیک بە لێم، خۆم دەزانم،
شەوێک لە شەوانی پایز..
مەرگ دەبێ بە میوانم!
نزیک بە لێم وا ماهیچەی هەموو لەشم پووکایەوە!
هەرچی تۆز و گەرد و خۆڵی پایز هەبوو،
لەنێو چاوی کزبینمدا توایەوە!

ئەگەر کەسایەتی هەوڵێک بێتبۆ گێڕانەوە و بەسیمبولکردن و بەکاربردنی لەنێو چوارچێوەیەکی پێوەندییەکی پتەودا، ئەوە کەسایەتی لە شیعری سەد و یەک شـەوەدا هەوڵێکە بۆ بەکارهێنانی خـەون و بۆچوونی کـەسـەکـان لەنێـو پێوەندییەکی پتەوی خەیاڵ و مێژوو و خەوندا، هەموو ئەو کەسایەتییانە لە

مـێـژوویەکـدا خـەونێکیـان هەبووە، بۆی ژیاون و خـەبات و هـەوڵیـان بۆ داوە، ئێستە لەنێو بازنەی هەر شیعرێکدا ئەو کەسایەتییانە هەڵگری خەیاڵی خۆیان و شاعیری سەد و یەکشەوە لەگەڵ ئەو خەیاڵەی خۆیاندا زیندوویان دەکاتەوە، هەردوو ئەو شـاعـیـرە سـەر بە سـەردەمی نوێن، بۆیە کـۆد و نیـشـانە زمانەوانییەکانیان هەڵگری مۆدێرنە و نوێبوونەوەیە.

گرفتی سـەرەکی شیعری کوردی لە بەکارهێنانی کەسایەتییدا لەوە بووە کە کـەسـایـەتییـەکـان، یان نامـرۆڤ بوون بە پرۆسـەی بەمـرۆڤـبوونـدا چوون، بۆ نموونـە لای شـێـرکـۆ بێکەس چیـا و دەربەند و گـەردەلوول و کـورسـی بۆ کـەسـایەتی مـرۆڤ دەگـۆڕێن، لای لەتیف هەڵمـەت رەشـەبا و پرچ و درەخت و گـەڕەک و هەور ئەکـشن و ڕەنگدانـەوەی خـۆیان هـەیە، بەمـرۆڤکردن شـتـێکی ئاسـایی و باوی نێـو شـیـعـری جیـهـانیش بووە، بەڵام بەشـتکردنی مـرۆڤ و بەڕووداوکردنی کـەسـایـەتی و بەسـەوداکردنی کەسایەتی بۆ خـۆی هونەرێکی مـۆدێرنتـرە لـە شـیـعـری جیـهـانیـدا، لای سـەباح ڕەنجـدەر ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانیدا دەبینرێ، هەر ئەویش شتەکان لەگەڵ خودی کەسەکاندا دووبارە دەکاتەوە، مـامەکوڕنو دەبێتە سیمبول و بەشـتبوونی ژیانـی دیلانی شاعیر، سەمەندەر و هۆمایۆن کەسایەتییە خەیاڵییەکانن و دەبنە کەسایەتی واقیعی.

هۆشیاری لە هەڵبژاردنی کەسایەتی بۆ چوار هێمای زیندوو دەگەڕێنەوە کە هێمـاکانیش بریتین لە: سیاسـەت و زمـان و مێژوو و ئیستـێتیکا، ئەم سێ نموونەیە سـەرەتاییـیـەکن بۆ پێکەوەگـرێدانـی پێـوەندییـەکـان لە یـەک بازنەی تێکـەڵ بەیەکـدا، زۆربەی کـەسـایـەتیـیـە هـونەری و شـیـعـرییـەکـان کـۆمـەڵێ بەسـەرهـات و رووداوی شـۆڕش و سـەرکـەوتن و نـووشـسـتی پێکەوەیان دەبەستێ، پاشان زۆربەیان لەوەدا بەشدارن کە نوێنەرایەتی زمان و کولتوور و گـەشـەکـردنـی رۆشنبـیـری بکەن چ هونەرمـەندان چ شـاعـیـران، زنجـیـرەی هەڵبـژاردنی کـەسـایـەتییـەکان بۆ زنجیرەی رووداوەکان دەگـەڕێتەوە، پاشـان مـێـژووەکـە لە سـەردەمـێکەوە دەست پێ دەکـات کـە نێـزیکەی ٢٥٠ سـاڵە، جوانکاری و ئێستـێتیکا لەو دیمەن و ڕووداوانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە هەریەک

لەو کەسایەتییانە بەسەریدا هاتووە، ڕووداوە جوانکارییەکانی داهێنان و ژیان و پێشکێشکردنی پرۆژەیەکە.

دوا جار کەسایەتی بۆ بەهێزکردن و زێدەیی نییە کاتێ دەچێتە نێو پێوەندییە شیعرییەکانەوە، بەڵکە زیاتر بۆ ئەوەیە تا ئەو ئەرکە شیعرییانە جێبەجێ بکات، کە هونەری شیعرەکە لە شاعیری دەخوازێت، زۆربەی پێوەندییە شیعرییەکان بە قۆناغی هەمەچەشندا تێ دەپەڕن، قۆناغی سڕبوون و هەستانەوە و درێژبوونەوە و دامرکاندن، بۆیە ئەگەر تێبینی ناونیشانەکانیش بکەین دەبینین کە پێوەندییەکان دەبنە شادەماری پێکەوە گرێدانی کەسایەتییەکان، بەستنەوەی کەسایەتییەکان لە بەستنەوەی جووتەکان دەچێ تا زنجیرەیی، واتە لە سەمای فالس و تانگۆ دەچێ تا ڕەشبەڵەکی کوردی، گرێدانی کەسایەتییە لە یەک جووت و دوو جووت پێکەوە پێک دێ.

## زمانی ئاوێنه

دیاره کاتێ کە ئاوێنە دێتە ناو شیعرەوە، یان دەبێ ئەو ئاوێنەیە ڕەنگدانەوەی وێنەی کەسێک و دیمەنێک بێ، یان ڕەنگدانەوەی تیشکێکی وەرگیراو، لەنێو شیعرەکانی سەد و یەکشەوەدا، سێ شێوە ئاوێنەی سەرەکی هەن "ئاوێنەی ئەفسووندار...ل٢٣، ئاوێنەی ئاسمان...ل٣٨، ئاوێنەی تیشک کۆکەرەوە....ل٥٤" ئەم سێ ئاوێنەیە، هەریەکەیان سەر بە دنیایەکن، دنیای خەیاڵ و واقیع و سروشت، بەڵام هەرسێکیان پێکەوە پەیامێک دەگەیەنن، کۆدەکانی ئاوێنە دەکرێ کۆدی دەروونی و سروشتیان هەبێ، هەندێ جار کۆدە دەروونییەکان دەربڕی گرفتە دەروونییەکانی نووسەر یان هێمای بەکارهێنانی نووسەرن، پەیامی خۆویستن و خۆهەڵخەڵەتاندن و دابەشبوونن، ئاوێنەکانی نێو شیعرەکانی ئەم دیوانە خەیاڵ دەبینن.

ئاوێنە مانایەکی ڕوحی ئەو ساتانەیە کە شاعیر خۆی تێدا دەبینێ، یان ئاوێنەکان ئەوانی تێدا دەبینن، ئاوێنەی ئەفسووندار...ل٢٣، ئاوێنەیەکی ئەفسووناوی و سیحرئامێزە مرۆڤەکان لە رابردوودا زیندوو دەبنەوە و لەوێوە دێنە دەرێ، ئەم ئاوێنەیە تەنیا ئەفسوون و نهێنییەکی سیحراوی نییە نەخێر، خوڵقێنەر و ڕوح بەخشەرە بۆیە شاعیر حەسرەتەکانی خۆی تێدا بەواقیع دەبینێت، ئەم ئاوێنەیە تاقە ئاوێنەیەکە ئارامی بەدەروون و ڕوح دەبەخشێ، دەکرێ هەندێ جار ئەو ئاوێنەیە لە ناخەوە بێ و کەسەکان لە ئاوێنەی ناخەوە ببینێ، یان ئاوێنەیەک بێ و بەرامبەری ئەو هیوا و ئامرازانە زیندوو بکاتەوە کە خەونی پێوە دەبینێ، ئەو ئاوێنەی کە لە ناخدا هەیە، ئاوێنەیەکی بەردەوام ئامادەیە، بەڵام ئەوەی کە لە بەرامبەر و بە ڕاستەقینە دەبینرێ کەس نازانێ کەی و لە چ زەمەنێکدا دروست دەبێتەوە، ڕەنگە پرچی درەخت بێت ببێتە

ئاوێنە، یان ئەستێرەیەکی گریاو، یان ڕووبارێکی هێمن، یا ئاوێکی مەنگ... هتد، بەڵام ئاوێنەی ئاسمان (ئاوێنەی ئاسمان..٣٨٧)، ئاوێنەیەکە ئەو شتانە دەدۆزێتەوە کە چاو نایدۆزێتەوە، ئەوەی ئەم ئاوێنەیە دروست دەکا شتێکی دەرەوەی دەسەڵاتی ئاسمان، چلچرای هەموو چاخەکان هەندێ جار دەبنە ئاوێنەی ئاسمان، ئەو کاتە ئێمە هەموومان لەناو ئەو ئاوێنەیەدا خۆمان دەبینینەوە.

بەکارهێنانی ئاوێنە لە سەد و یەکشەوەدا ئەرکێکی هەیە، واتە ئاوێنەی بێ ئەرک نییە، ئەو ئاوێنەیە دەتوانێ بەبێدەنگی ئەو دەرگایانە بکاتەوە کە داخراون، لە زماندا دوو شێوە سیمیۆلۆژیا هەیە، سیمیۆلۆژیای ئیستدلال و سیمیۆلۆژیای پێوەندیی، لە یەکەمیاندا مرۆڤ ئاماژەکان دەخوڵقێنێ و لە دووەمیاندا ئاماژەکان پێوەندیی لەگەڵ مرۆڤدا دروست دەکەن، ئەمەش لەو ئاوێنەی ئەو شیعرانەدا دەردەکەون.

وەک لە لێکۆڵینەوەیەکی ترمدا لەبارەی کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنووسی (عەتا محەمەد) کردبووم لەوێدا ئەوەم خستبووە ڕوو کە بوونی ئاوێنە بوونێکی زمانەوانییە، بوونیێکی سیمیۆلۆژی ئاماژەکارییە زیاتر لەوەی پێوەندی بێ، شاعیر بەهەموو جۆرە ئاوێنەکانەوە دەیەوێ پێوەندییەکی پەرچدانەوە لە نێوان ناخی خۆیی و خوێنەرەکەیدا دروست بکات، لەم دەقانەدا ئاوێنەکان پەرچدانەوە نین وەک ئاوێنەی سروشتی بەئەندازەی ئەوەی ئەو ئاوێنانە هەوڵن بۆ دروستکردنی کۆدێک لای وەرگر، ئاوێنەی ئەفسووناوی کۆدێکە بۆ هەموو شتە نهێنیەکانی ناخی مرۆڤ، ئاوێنەی ئاسمان کۆدی بەربڵاوی و نهێنی هەموو شتەکانە، ئەمەش بۆچوونەکەی ئیمبرتۆ ئیکۆ وەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە لەمەڕ ئاماژەی بێ سنوور، بێ سنووری تا ئەو ساتە دەوەستێ کە ئاماژە نەبێ کە بوو بە ئاماژە ئەو بێ سنوورییە لەدەست دەدات، هەر بۆیە شاعیر ئاسمانی کردووەتە ئاوێنە تاوەکو ئاماژەیەکی سیمیۆلۆژیانەی وا دروست بکات کە ماناکانی بێ سنوور بن، پێوەندی و کۆدی ئاوێنە لەوێدا کۆ دەبنەوە کە ئاوێنە تیشک کۆکەرەوە دەبێ، واتە دەبێتە سەنتەرێک بۆ کۆکردنەوەی

هەموو راستییەکان لە دەوروبەری خۆی، ئاوێنە دەموچاو داگیر دەکات وەک دیکتاتۆر "ئیمبرتۆ ئیکۆ ئەرکی دەقی ئیستێتیکی لەوەدا دەبینێ کە کۆدەکان "سیستەمی زمانەوانی" دەوڵەمەند بکات، ئەو کۆدانەی کە بەکاری دەهێنین، ئەم کۆدانەش بەبەکارهێنانی پرۆسەی بەکارهێنانی کۆدی زیادە هەڵدەستێ بەئەنجامدانی کارەکانی خۆی"، بۆیە ئەرکی ئاوێنە کۆکردنەوەی کۆدەکانی بوون و منداڵی و لاوێتی و پیرییە و ئەرکی ئاشکراکردنیشی هەیە، بەڵام ناتوانێ ببێتە ئاشکراکەری نهێنی، شاعیر لە ئاوێنەدا ئەفسوون و فراوانی و کۆکردنەوە دەبینێ، نهێنی دەبینێ ئاشکراکردن دەبینێ، بەڵام پاراستن لە ئاوێنەدا نییە، ئاوێنە دەتوانێ بە یەک پارچە و سەد پارچە و هەزاران پارچە تۆ ببینێ، بەڵام تۆ تەنیا لە یەکدا ئەو دەبینی.

ئاوێنە لای زۆر لە نووسەرانی ئێمەدا وەک نموونەیەکی بینین و رەنگدانەوە بەکار هاتووە، لای (گۆران)ی شاعیر ئاوێنە لە رووبار و ئاوی مەنگدا دەردەکەوێ، لای سەلاح محەمەد سەفەری مەرگ دەبێتە ئاوێنەی بیرەوەرییەکان، لای عەتا محەمەد ئاوێنە دەبێتە حیکایەتبێژ و ئاشکراکەر، لای شاعیرانی کلاسیکی مەولەوی و بێسارانی رووخسار و رووی یار دەبێتە شەوق و وێنەی خۆیانی تێدا دەبینن، لای سەباح رەنجدەریش جۆرە گەرانێک بەدووی منداڵیدا هەیە، شاعیر بۆ دووبارەکردنەوەی خۆی لە ئاوێنەدا دەگەرێ، ئاوێنە لە سەد و یەکشەوەدا دەبێتە ئەزمونێکی تر بۆ مانەوە:

ئاوێنەیەک لە ژووری دانیشتن مابووەوە
باپیرم دەموچاو و مرادخانی لەبەری رێک خستبوو
باوکیشم
منیش
هەروەها کورەکەشم
لە مردنی هەریەک لە باپیر و باوکم
قردێلەی رەشی لە ناوچەوانی بەست

کەچی ئێستاش لە پێشوازیدا
دەمودووی گەرمە و چاوی هەر پڕشنگدارە.

(سەد و یەکشەوە، سەباح رەنجدەر، لا ١٤٥)

ئاوێنە دووبارەبوونەوەیەکە لە شێوەی جینالۆجیانە و فیزیکانە، ئەو مانەوەیە تا ڕادەیەک مانەوەیەکە لە شێوەی بیرەوەری و خەیاڵ و خۆدۆزینەوە و بەراوردکاری، مرۆڤ وێنەی پیری خۆی لە رووخساری باوک و باپیریدا دەبینێتەوە، لاوێکی گەنج دووبارەبوونەوەی رووخساری پیرێکی باوکە، باپیرە رووخساری تەڵخبووی هەموو ئەو نەوانەیە کە خستوونیەتیەوە، بۆیە ئاوێنە گواستنەوەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر وێناکردنە لە شێوەی بینینەوەی کۆپی خۆت.

شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی ئاوێنەوە وردەکارییەکانمان پێ بڵێ، وردەکاری هەموو دیمەنەکانی ژیان"وردەکاری هەموو شتێک نییە و ڕەنگە تاکە شتی سەرەکی گەشەکردنی شیعریش نەبێ"، کەواتە بیرکردنەوە لە وردەکاری بۆ گەشەکردنی شیعری نییە زیاتر لەوەی دووبارە نووسینەوەی پێوەندییە شیعرییەکانە، ئەم هەوڵە زیاتر بۆ ئەوەیە کە راستییەکان ببێتە سەرچاوەیەک بۆ پێوەندیی نێوان هەمووئەوە دەرگایانەی کە دەبنە سەرچاوەی نووسین و داهێنانی شیعری.

تێبینییە وردەکانی نێو ئاوێنە تەنیا ئەوەمان وەبیر دەخاتەوە کە شاعیر دەیەوێ لەو شتانە وردبێتەوە کە هیچ کەسێک پێشتر لە ئاوێنەی خۆی و لە تێرامان لە روخسار و جەستە و دەوروبەری خۆی لە ڕێگەی ئاوێنەوە تێبینی نەکردووە و بۆی نەچووە و بیری لێ نەکردووەتە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیر لە روانگەیەکەوە دەڕوانێتە پێوەندیی نێوان وێنەی نێو ئاوێنە و وێنەی نێو مێشک و بیرکردنەوەی مرۆڤ کە پێشتر کەسانی تر ئەو شێوە روانین و لێکدانەوەیان بۆ ئاوێنە نەبووە، ئەوەی من تێبینی دەکەم شێوە وریاکردنەوەیەکی تێدایە بۆ هەموو ئەوانەی کە شیعری (مانەوە... ١٤٥)

دەخـوێننەوە وردتر لـە وێنەکـانی خـۆیان وردبـبنەوە کـاتێ لە بەردەم ئـاوێنەدا دەوەستن، ئەمـەش شـێوە وردبوونەوەیەک لای تەمـاشـاکـەر دروست دەکات کە خۆیان لە وێنەیەکی تردا ببینن.

هەندێ لە شـاعیرە کلاسـیکییـەکـان جێگۆڕکـێیـان بە بکەری کـردارەکان کـردووە لە خـۆیانەوە بـۆ کەسـانی دەرەوەی خـۆیان، دیدەی ئەوانیـان بـۆ بینین بەکـار هێناوە، هـەناسـەی مـەعـشـوقـەکـەی بە هەنـاسـەدانی خـۆی زانیـوە، هـەنگاوەکانی حـەبیـبـەی بەهەنگاو و ڕۆیشـتنـی خـۆی زانیـوە، بێـسـارانی لە سەدەی هەڤدەمدا گوتوویەتی:

واتم هەی قیبلەم (ئیمـان) و دینم
من بـەو دیدەی تـۆ دنیــا مـــەوینم

بۆیە سـیفـەتی بەکـارهێنانی ئەو ئەنـدامـانە بۆ بینین و ڕەنگدانەوەی خـۆت لە ڕێگەی کەسێکەوە سیفەتێکی باوی شیعری کوردییە، ئەم شێوازە لە زۆربەی شـیعرە نوێی و کۆنەکاندا دەبینرێ و تێبینی ئەو سیـفەتانە دەکرێ، شـیعری کوردی ئەو سـیفـەتە لەدەست دەدات کە سـەرەتای پێکەوەبوون و توانەوە بێت لەنێو یەکتریدا، سیفەتی خۆبەخشـین بە ئاوێنە لەنێو سـەد و یەکشـەوەدا وای کردووە، کە هەمـوو پێوەندییەکان بچنە قۆناغێکی ترەوە، لە سـەد و یەکشەوەدا شاعیر هیچ بەشێکی کەسێکی تر ناخوازێ، بەڵام بە بەشەکانی خۆی رابردوو و داهـاتووی خۆی دەبینێ، کوڕ بە جەستەی خۆی باوک و شـتەکان دەدۆزنەوە، بۆیە ئەوەی تێبینی سـەرتاپای ڕەنگدانەوەی ئاوێنە ئاسـاکان بکات لە ڕێڕەوی باوی شـیعری دەرچووە، کە شـتـەکانی تر بخـوازێ و بۆ مـەبەسـتـە هـەسـتی و ڕوحییەکانی خۆی بەکاری بهێنێ.

سـیـفـەتێکی کـلاسـیکی بیرکـردنەوە و دەرهێنانی شـیـعرییـە کـە وا دەکات شـاعیـر خۆی لەو جوغزە دەرهێنێ کە نەوە لە دوای نـەوەی شیعری بەکاریان هێنـاوە، ئەو وێنەی لێڵ و نائاشکرا لـە دەربڕینەکـانیـشی ئەگـەر هەبن، زیاتر

گەمەی نێوان وێنە و خەیاڵن، ئەوەی لەودیوی وێنەکانی نێو ئاوێنەدا هەن سەرگوزشتەن زیاتر لەوەی شێوە بن، شێوە ڕەنگدانەوەیەکی بەردەوامی هەموو ئەو خەیاڵاتانەیە کە هەوڵ دەدەن پێوەندییەکان لە پێوەندییەکانی سایکۆلۆژیی پتەودا ببیننەوە، بۆیە شاعیر لە جیاتی ئاوێنەی ئاشکرا ئاوێنەی ناوکۆیشی بەکار هێناوە، لە جیاتی تێڕامان وردبوونەوەی بەکار هێناوە، لە جیاتی هەڵهاتن لە وێنەکانی خۆی بۆ ئاوێنەکان دەگەڕێتەوە تا خۆی جوانتر ببینێ، لای ئەو هەڵهاتن لە خۆ گەڕانەوەیە بۆ وێنەی نێو ئاوێنەکان، هەر بۆیە دەکرێ ناو و ناونیشانی شیعری کتێبەکەی سەباح ڕەنجدەر هەوڵێک بێ بۆ وێناکردنی سەد و یەک تارکی نێو ئاوێنەکان لە بەرامبەر سەد و یەک ڕۆشناییی ناخی خۆی.

## سروشتگەرایی لە نێوان ئاو و وشکاییدا

سـروشت بەهەمـوو پێوەنـدییـەکـانیـیـەوە کـەم تـا زۆر لەنێـو کـۆد و دەلالەت و ناوەکانی شیعری سەد و یەکشەوەدا ئامادەن، ئەو سروشتانە لە نێوان دوو لە سیفەتە هەرە گەورەکانیدا دەردەکەون، گیانلەبەر و زەوی و گەردوون بەهەموو پێوەندییەکانییەوە.

بوونی دیمەن و پێوەندییە سروشتییەکان لەنێو هەر تێکستێکی ئەدەبی بۆ ئەو پێوەندییە دەگەڕێتەوە کە تا چ ڕادەیەک ئەو تێکستە بەرائەت و پاکیزەییی خۆی لەو ڕێگەیەوە وێنا دەکات، شێوە داڕێژراوەکانی نێو ئەم شیعرانە هەوڵی ئەوە دەدەن پێـوەندی لە نێـوان خـۆیان و دەوروبەردا وێنا بکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوە ئامراز و بکەر و دەستەواژەیەک کە بتوانێ نەخشی ئەو فەرشـانـە تەون بکات کـە لە گـوڵینگی داوە رەنگاوڕەنگەکـانی وشـەوە دەبنە نیگار.

وشـەی شـیـعـری وێنەی شـیـعـری پێک دەهێنێ، بەڵام ئەو وێنانە لە پابەندبوونی ڕستەکاندا دەتوانن پێمان بڵێن ئەو وشانە چین، زیاتر لە مانای دەقدا بەرائەت و پاکیزەییی شیعری رەنگ دەداتەوە نەک لە ڕووکەشی دەقدا "کـاتێ ڕێگەمـان بە هۆشـمەندی زمـانەوانی و چاوەکـانمان بەخـشـی کـە بە سەربەستی لەنێو دەقدا بسووڕێتەوە، ئەو کاتە تێبینی کۆمەڵگە سەرەتایی و پێکهـاتە بەشـیـیەکـان دەکـەین، لە دەقـدا ریتـمـێک هەیە، ئەو ریتـمـەش سەرچاوەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی یەکە تەرازوویەکـانی یەکـەی شـیـعـری"، لەنێو ئەو ریتمانەوە مانا دروست دەبێ، هەندێ دەستەواژە هەن بوونیان لە دەقێکی شـیـعـریدا بەزۆری دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەخـشـینێکی تایبەت ببەخشرێ بەشیعر، دیمەن و فەزا و روانینی ئەو شیعرە دەربڕی شێوە

ژیانێکی تایبەت بێ، بوونی گیانلەبەر و دیمەنەکانی سروشت لە شیعرێکی درێژدا ئەوە بە گوێگر دەبەخشێ کە لە هەست و مێشکی خۆیدا شێوە ژیانێکی تایبەت ببینی لە دووبارەبوونەوە و سەرهەڵدانی پێوەندییە دەروونییەکان، ئاژەڵ و باڵندە و کانیاو و چیا، دەربڕی سروشتین بەڵام چۆنیەتی بەکارهێنانیان لەنێو دەقدا ئەو مانایە دەگۆڕێ کە شاعیر مەبەستێتی، لە سەرتاپای شیعردا وێنە شیعرییەکان و ناوەکانی وەک ئەسپ و شەمشەمە کوێرە و هەڵۆ هەریەکەیان بۆ سیمبولێکی سیاسی بەکار هاتوون، بەڵام شاعیر بێ ئەوەی تێبینی ئەو راستییە بکات کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سروشتەوە و بەسروشتبوونی شیعرەکەی سەرتاپاییەکی پێوە دیارە، ئەم دیاردەیە لە شیعری"خەون وا خۆی گێڕایەوە" دووبارە دەبێتەوە، زیاتر لە ٨٠ جار لە سەرتاپای شیعری "سەد و یەکشەوەدا" ناوی باڵندە و ئاژەڵی سروشتی و خەیاڵی هاتوون، باڵندەکان و ئاژەڵ و مێرووەکان واقیعی و خەیاڵین، دەریایی و وشکانین، لەسەر زەوین و بەئاسمانەوەن، سیمبولی نەمری و مەرگ، گەشبینی و شوومن، هەندێ لەو ئاژەڵانە جارێک دەبنە واقیع و جارێک خەیاڵ، شاعیر ئەو ناوانەی کە بەزۆری بەکاری هێناون لە ئاژەڵەکانی سەر زەوی "ئەسپ " و لە باڵندەکان "کۆتر" لە مێرووەکانیش "مێرووله" کە من پێم وایە دەیەوێ هەرسێ سیمبولەکان هێز و ئاشتی و خەبات وێنا بکات، یان بیر لە سێ حاڵەت لە سەرتاپای شیعرەکاندا زاڵە، عەقڵی هێز و فڕین و خۆپاراستن، لە واقیع دەچێتە دەرەوە هەر ئەو هێزە دەبێتە ئەسپی باڵدار کە ئەمە چەند جارێک لە شیعری "پەڕاندنەوە.١٠٥, " هاتووە، ئەم ئەسپە هێزی زەوی و ئاسمان دەگرێتە دەستی خۆی، کە ئەمەش بیجاجۆس ئەسپە باڵدارەکەی ئەفسانەی یۆنانمان بیر دەخاتەوە، کاتێ کە بیلرۆفۆن بەم ئەستە درندە چەند سەرەکە دەکوژێ، پاشان میمەکانی نێو باڵداران مەل و مراوی و مریشک یەک دەگرنەوە لەگەڵ میمەکانی مامز و مەیموون و مێرووله.

سیمبوله ئەفسانەکانی باڵندە لە شیعرەکەشدا هێمایەکی سیمبۆلین، بۆ

دووانەی هێزی نێوان واقیع و ناواقیع دەگۆڕێن، بۆ نموونە سیمرخ و هوما و سەمەندەر و بۆراق و قەقنەس ئەو بوونەوەرە خەیاڵییانەن کە زۆربەیان لە ئاسمانێکی خەیاڵی دەژین و کردەی خەیاڵی ئەنجام دەدەن، مانگ دەچێتە نێو دڵی سیمرخ لەبەرئەوەی سیمرخ لە ئاسمانەوە مانگ لە دڵی خۆیدا هەڵدەگرێ، خەیاڵی شیعری و واقیعی لێرەدا تێکەڵ دەبن، هۆما و سەمەندەر دوو پەلەوەری خەیاڵین دەڵێن هۆما لە ئاسمان هێلکە دەکا و پێش ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی بێچووەکانی هەڵدێنێ، سەمەندەر لە شەقەی باڵەکانی خۆی خۆی دەسووتێنێ و ئەفسانەی ئاسمان لە دڵی ئەم دوو پەلەوەرەدایە، بۆیە فڕین و ئەفسانە لە سەرتاپای شیعرەکەدا پێوەندییەکی گەردوونیان پێکەوە هەیە، ئەوەی کە دەفڕێ لە خواوە نیزیکە ئەم شیعرە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە نموونەکانی ئەم شێوە شیعریە دەچنە قاڵبێکی سەیری پێوەندیی نێوان نموونە ئەفسانەییەکان و نموونە شیعرییەکان، زۆربەی ئەو باڵندانەی لە سەرتاپای ئەم شیعرەدا باس کراون، ئەرکێکیان هەیە، شەمشەمەکوێرە، ئەرکێکی خراپ و دڕندانەی هەیە، شێر ئەرکی ئەو کۆدانەی هەیە کە دەربڕی ئازایەتین، بەڵام مەیموون ئاماژەیە بۆ ماستاوچی و دووڕوان، کیسەڵ وریا و هێمنی لە بیرکردنەوە و داهێنان، گورگ خۆڕاگرییە نەک دڕندەیی، کەروێشک پاکیزەیی.... هتد.

سەرتاپای بنیاتی پێکهاتەیی شیعرەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە چۆن کارەکتەرە شیعرییەکان ئەرکیان پێ دەبەخشرێ، چ ئەرکێک و لە چ سەرچاوەیەکەوە زۆربەی ئەو سیفەتانەی کە لە پێوەندیدان لەگەڵ ستراتیی شیعرەکە باس لە مان و دووبارەبوونەوە دەکەن، هەروەها ئەو شیعرانە نموونەی زیندووی دووبارەبوونەوە و بیرکردنەوەن، تەنیا لەسەر ئاو و لەسەر وشکانی مامەڵەی لەگەڵ گیانلەبەراندا نەکردووە، نموونەکانی ژێر ئاو لای شاعیر روونی و بێگەردی ئەو روانینانە دەگەیەنێ کە دەتوانێ لە چاوی قرژاڵ و ڕەنگی ماسی بەدی بکەیت، ئەگەر لە وردەکارییەکانی ئەم پێوەندییانە بکۆڵینەوە تێبینی دەکەین کە بیرکردنەوە وەک ڕووەک بیرکردنەوەیە لە شێوەی

ژیان و قـووڵایی ژیان بـوونی رووەک لە قـووڵاییی زەوی و مـێرووڵـە لە قـووڵاییی زەوی و مـاسـی لە قـووڵاییی دەریا، ئـاوریشـم لە قـووڵاییی قـۆزاخـە گـەڕانەوەی شیـعرە بۆ دۆزینەوەی نهێنـی، سـەد و یەکشـەوە دەیەوێ لەو قووڵاییـیانەدا مانا بدۆزێتــەوە، پـاراسـتنـی مـانـا بێت لـە تەوژمـی زرێبـار، بـۆیە لـە ڕێگەی ئەو قـووڵاییـیـەوە شـاعـیـر هـۆشـمـەندانە نمـوونەکـانی ئاڵۆزی ئاژەڵ و مـێـروو و گیانلەبەرانی هێناوە.

کۆدەکانی پاکیزەیی بریتین لە پەپوولە و هەنگ و حـاجی لەقلەق و قومری و سـوێسکە، ئەم کـۆدانە گـەڕانەوە بۆ سـیـمـای خـودی ڕووداوەکـان کـە لە هەر بەسەرهاتێکدا مانایەک لە دایک دەبێ.

ئاداری٢٠٠٩ هۆڵەندا

سەرچاوەکان:

١- سـەد و یەکشـەوە، سـەباح ڕەنجـدەر، دیوانی شـیـعـر، چاپی یەکـەم، چاپخـانەی دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

٢- مـەم و زین، ئـەحـمـەدی خـانی، ئامـادەکـردن و پەڕاوێزنووسـینـی: هـەژار، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨.

٣- الأقلام، العددان ١١و١٢ تشرين الثاني و الكانون الاول ١٩٨٩.

٤- الثورة-الزمن، جيل دولوز، ترجمة: حسن عودة، الفن السابع ٢٩، منشورات الوزارة الثقافة المؤسسة العامة للسينماء.

٥- بنية اللغة الشعرية، جان كوهين

٦- الزمان و السرد الحبكة و السرد التأريخي، بول ريكور، ترجمة: سعيد الغانمي و فلاح رحيم، الجزء الأول، دار الكتاب الجديد، طبعة الاوليى.

٧- دیوانی حـەمـدی، ساغکردنەوە و ڕێکخـسـتن و چاپکردنی عـەبدوڵا خـدر مـەولوود، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٨.

٨- نزا سـپـییـەکـانی مـن، دیوانی شـیـعـر، عـوسـمـان شـەیدا، چاپی دووەم ١٩٩٩، چاپخانەی هەواڵ.

٩- حـەسرەت، دیوانی شـیـعـر، ئاراس عـەزیز عـەبدوڵا، شـیـعـر، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

١٠- المعني الادبي، دار المامون، وليم راي، ترجمة: د: يونيل يوسف عزيز، ١٩٨٧.

١١- الثـورة الشـعـرية، تألیف سـي-دي لويس، ترجـمـة: د: أحـمـد نـيـف الجنابي، مـالك ميري، سلمان حسن ابراهيم، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام.

١٢- دیوانی بێـسـارانی، ١٦٤١ز-١٧٠٢، بـەرگی یەکەم/ کـۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: کیومرس نیک ڕەفتار، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان

١٣- عنف اللغة، جـان جاك لوسركل، ترجمة و تقديم: د. محمد بدوي، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى ٢٠٠٥.

# لێنزی شیعری

# لینزی شیعریی لە شیعری نوێی کوردیدا

پێش ئەوەی هیچ شتێک بڵێم و زمانم دیواری بێدەنگی بشکێنێ، شیعری سرووش، (شەوی ڕۆحە تاریکەکانی) سان خوان دی لاکرۆسم وەبیر دێنێتەوە، سیحر و بێدەنگی بۆرخیسم دەخاتەوە یاد و زیندووی دەکاتەوە، کتێبێک لە ناخیەوە سرووشی هەڵگرتووە، لە ڕوویدا خەونێکە و خۆی دەگێڕێتەوە.

وێنەی ئەو خەونە وێنەی شیعرمان بۆ دەگێڕێتەوە، مووچرکەیەک لە ناخمان دروست دەکات و لە ڕوحماندا مانا و سۆز دەخولقێنێ، لەمیانەی تەنیاییی خودەوە لە سنووری شیعر نزیک دەبینەوە، دەبینە ئەستێرەیەک بەسەر درک و داڵ و لەکانی تەنیایی بەدوای نهێنییەکانی شەودا دەگەڕێین. وێنەی ئەو خەونانەی ناو شیعرەکانی گێڕانەوە لە جیهانی بێدەنگیمان نزیک دەکەنەوە، لە مەملەکەتی پڕ سیمبۆلئامێزی شیعرەکانی ناو کتێبی (خەون وا خۆ گێڕایەوە، سەباح ڕەنجدەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤) بەچاوەڕوانی ئاشنا دەبین، بە چێژ، بە شاگەشگەبوون، بە سیحری هەموو ئەو ڕەنگ و فیگۆرانە ئاشنا دەبین کە باس لە سەمفۆنیای سەرکێشی و شکۆداری دەکەن، هەر لەو جەنجاڵی شیعرییە و تەمتومانی هارمۆنیادا سەمایەکی تایبەت و دەگمەن دەبینین، تێبینی دەکەین کە شیعر لێرەدا تەنیا چڕکردنەوەی زمان و فۆنیمی دەنگ و ئاماژەی ڕەها نییە، تەنیا زمانی ئازاراوی و چەپاندن نییە، بگرە جیهانێکە لە بازدان و تێپەڕاندن، ئەمبەر و ئەوبەرکردن، هاتن و چوونە لە نێوان زەمەنی بێدەنگی و دەنگدار، شەوی خەون و خەیاڵ تا ڕۆژی نائومێدی و چاوەڕوانی.

لێرە لەم دیوانەدا شیعر تەنیا لە سنووری زمان و ماناد ناوەستێ، شیعر

پرسـیـاری ئەو وەڵامـانەیە کـە بـاس لە ژان و بێـدەنگییـەکـان دەکـەن، ئەو هەسـتـانەی سـووتـان و بەسـەرهـاتی ڕۆخ و کـەنارەکـان دەگـێـڕنـەوە، باس لە تەنیـاییی ئەو دوورگـانە دەکەن کە پڕن لـە مرۆڤی تەنیـا و مـەرگـاوی، شیـعـر لە دنیـای ئەودا تـەنیـا زەمـەنێکە بەرەو تێکشکـاندنی مـەرز و تابۆکـانی سـەرەتا و کۆتایی دەڕوا. شـیعر لێرە و لەم دیوانە و لەناو دنیای تایبەتی وشـەکاندا باس لەو هێـزە ناوەکییـانەی ڕوح دەکات، شیـعر لێرەدا نیشـاندانی دژایەتییەکانە، ئەوەی ئەم شـیـعـرانە لە مێـژووی پڕ شـیـعـرمـاندا جیـا دەکاتەوە تێکشکاندی زمـانە، تێکشکان بە مـانا بەخـشـینی مـانا ئـەو کاتـە کە زمـان تێک دەشکێ لێرەدا لە کتێبی (خەون وا خۆی گێڕایەوە) دەبێتە مانا.

گرفتی مەزنی شیعر، گەڕانە بەدوای مانادا، بەمەبەستی گەیشتن بە بەها و توانا هونەرییـەکانی خۆی، ئـەم گرفتـە لای ئەم شـاعیـرەدا، بووە بە شـتێکی ئاسـایی و هـەمـوو کات پرسـیـاری بەردەوام دەورووژێنێ، لە مێـژووی شـیـعری ئەمدا ساتەکان بە چرکە و تەنیا و بوون ناپێورێن، بوون ئەوە نییە کە تۆ هەبی و هەنـاسـە بدەیی و مـانـایەکی ژیانت هەبێ، بوون ئەوەیە کـە بزانـی چۆن پرسیار و وەڵامـەکانی شیعر و ژیـان دەخوێنیتـەوە، بزانی چۆن ئەو سنوورانە دەستنیشـان دەکەی کە سنووری نێوان مەرگ و بوونتن.

ئێمـە لە (نالی)ەوە فـێـری گـەمـە و وازیکردنی وشـە بووین. لە (گۆران)ەوە مـۆدێرنی شـیـعـری فـێـر بووین. لە (شـێـرکـۆ بێکەس)ەوە لـە شـێـوەکـانی شـیـعـر گـەیشـتین، بەڵام ئەوەی لـە (سـەبـاح ڕەنجـدەر)ەوە فـێـری دەبین، گـەمـەکردنە بە زمـان، گـەمەکردنێک سـەرچڵانە و تـاکتیکخـوازانە، گـەمـەکردنی نێوان بەها و مانایە، گـەمەکرنە بەهـەمـوو مەوداکانـی سادەیی شیـعر، ئەم گەمـەکردنە هـەروا گـەمەکردنێکی منداڵانە نییە، گێـڕانەوەی چیرۆکی ئەو بـەسـەرهـاتانەن جـارێک لە واقیـع و جارێک لە ناواقعیـدا دەژین، قووڵبوونەوەیە بەنـاو یاقووتی زمـان و ڕەهاکـردنی لەو سـادەیی و ئاسـاییـیـەی کـە تێیـدایە، هـەوڵ دەدا زمـان لەناو شـیـعـردا زمـانـی ڕەهـابوون و تایبـەت بـێ، شـیـعـر لە پێناوی زمـاندا دەنووسـێ نەک زمان لە پێناوی شیـعردا. ئەمەش نهێنییـە سـەرەکییەکانی بوونی شـیـعری

(سەباح ڕەنجدەر)ن.

سروشتی نووسین لەو ئاستەدا ناوەستێ کە تەنیا نووسین بێ لە پێناو نووسیندا، یان گێڕانەوە بێ لە پێناو گێڕانەوەدا، هەر ئەمەش وای کردووە، کە زۆربەی بەسەرهاتەکان باس لە تەنیایی و مەرگ و خەون و ڕابردوو و دەسپێکردن بکەن، سروشت و خەسڵەتی گێڕانەوە لەناو شیعری ئەم شاعیرەدا خەسڵەتێکی سیحرئامێز و مەرگزاو و خەواڵووی هەیە. پێوەستە بە داهاتوو و ڕابردووەوە ئێستای تەنیا بۆ دەسپێکردنە نەک بۆ ئێستا، لە ئێستادا شیعر دەبێتە سەردەمی بێ زەمەن، سروشت و خەسڵەتی گێڕانەوە لەناو شیعری ئەم شاعیرەدا خەسڵەتێکی سیحریان هەیە، ئەم سیحرە لە سێ حەقیقەتی سەرەکیدا خۆی حەشار داوە:

یەکەم: زمانی شیعر لە نێوان سۆز و مانادا گەمە دەکات.

دووەم: مانا لە هەندێ کاتدا جێ پێی سۆز لەق دەکات.

سێیەم: زمان و گەمەی زمانەوانی وا دەکەن تێکستەکانی ناو کتێبی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)، کە فرە مانایی شێوازێکی زاڵ بێ. هەر بۆیە لە لێکدانەوەی شیعرەکان هەست بە بوونی مانایەکی زۆر دەکەین، زۆربەی ماناکان ڕەگێکی تایبەتییان هەیە، ئەم مانایانە پێوەستن بە مێژوو، سۆز و مانا هەمەچەشنەکانەوە.

کاتێ کە شیعر نەتوانێ بەسەرهاتی مێژوو بێ. ئەوە دەتوانێ ببێ بە مێژووی خۆی، ئەمەش ئەو شتەیە کە ئێمە لەناو زۆربەی زۆری ڕووداوەکاندا دەیبینین، شیعر ململانێی وشەیە، ململانێی نێوان سۆز و مانا، وەرگیراو و لە جیاتیدانان شێوەیەکن بە مەبەستی دووبارەنەکردنەوەی ئەو مەبەستانەی کە نابنە سەرتایەک بۆ لێکدانەوە و بیرکردنەوە، ئەمەش وا دەکات کە بەشێکی زۆری ئەو شێوازانەی کە وشە پێک دێنن بەشدار بن لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی سۆز و مانا.

ئەوەی بە وردی لە مێژووی وشە و شیعری ئەم شاعیرە ورد بێتەوە، بۆی

دەردەکەوێ کە شێوەی مامەڵەکردنی شیعرییانەی ئەم شاعیرە وایان کردووە سەرەتا و کۆتاییەکان بەشێک بن لە پێکهاتنی مانا، گەمەکردن بە وشە بەو مەبەستە نییە تا ماناکان ئاوەژوو بکرێنەوە، گەمەکردن بە وشە لە پێناوی دووبارە داڕشتنەوەی وشەیە، بۆچوونێک هەیە دەڵێ: لە پشت هەر وشەیەکەوە ژمارەیەکی زۆر مانای شاراوە هەیە، بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ کە مانا تەنیا بە گەمەکردنی وشە نایەتە دی، بگرە دەبێ وشە بتوانێ سەرچاوەیەک بێت بۆ چوونە ناو جیهانی وشەوە، واتە سەرچاوەیەک بێ بۆ ناسینەوەی بنیاتەکانی پێکهاتنی بەسەرهاتەکان، کەواتە ئەرکی سەرەکی لە تێکشکاندنی ماناکان مەبەستێکی تەکنیکی و زمانەوانی و داهێنەرانەی لە پشتەوەیە، ئەو هەر لە خۆیەوە کاری تێکشکاندنی مانا بەجێ ناهێنێ، بگرە مانا دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی ئەو، مانا دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو پرسیارانەی کە نەکراون، ژمارەیەکی زۆر لە بەسەرهاتەکان بۆ ئەوە نانووسرێن تەنیا بەسەرهات بن و بەس، بگرە بۆ ئەوە دەنووسرێن، کە سەرەتا و کۆتایی بن و شێوەیەک بن لە دووبارە تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی وشە، ئەمەش بۆ خۆی پرسیارێک دەورووژێنێ. ئایا ئەم هەموو وردەکارییە لەگەڵ شیعردا لەپێناوی چی؟ بۆچی ئەو هەموو گەمەیە؟ ئایا ئەمە مەبەستێکە و لە پشتیەوە داهێنان خۆی حەشار داوە، یان شێوەیەکە لە گەڕان بەدوای زمانێکی نوێ و شێوازێکی نوێ لە نووسیندا، یان گەڕانە بەدوای ئەو کون و کەلەبەرانەی کە مێژووی شیکردنەوە نەیگرتووەتەوە.

## مانا لە دیوی ئەودیوی زماندا

هەرکەسێ بەوردی لە ناو کونج و بناوانی بنیاتی شیعریدا بگەڕێ و گەڕانێک بە ئاسۆی زمان و لێکدانەوەی بکات، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم کەسە مامەڵەکردنی لەگەڵ تێکستدا، لە سنووری میتافۆرمەوەیە، کۆنتێکستەکانی شێوەیەکن لە دەقئاوێزانبوونی ئەو تێکستانەی کە وەک فۆرم لە زۆر کاتدا دووبارە دەبنەوە، مێژووی دووبارەبوونەوە لەناو قەسیدەکاندا بێزارکەر نین،

ئەوەی کە خوێنەر سەرسام دەکات، دەوڵەمەندی زاراوە و وشە و دەستەواژەکانن، فەرهەنگی خوێنەری ئاسایی و خەڵکی سادە دەرەقەتی شیکردنەوەی ئەو هەمووە نایەت، لە زۆر کەلێن و درزەکانی مانادا ئەوانەی دەیانەوێ مەبەست بگەیەنن وشە نین، یان سەرچاوەیەک بن بۆ دروستکردنی ئایدیا و بۆچوون، بگرە دیوەکەی تری وشەکان مرۆڤ بۆ حەقیقەتی مانا ڕادەکێشن، شیعرەکان ئەگەرچی هەواڵی مۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزمی دەدەن. لە هەندێ کاتدا دەگەنە ئاستی سوریالیزمی و پۆست سوریالیزمی، بەڵام بەڕاستی ئاشنایی و نزیکبوونی شیعرەکان و دەوڵەمەندی مانا و وشە و خوازیار و مەجازەکان ئەوەندە لە شێوەی کلاسیکییەوە نزیکن کە باوەڕ ناکرێ، (مەحوی)ەک بۆ وەسفی بێهوودەیی ژیان پەنا بباتە بەر شیوەن و سۆز و بێ ئەمەکی ژیان و پاڕانەوە بە مەبەستی پاکژبوونەوە لە گوناهەکانی دنیا، تەنیا وێنەیەکە سەر بە زەمەنێکی تر، ئەوەندەش جیاوازی نییە لەو وێنانەی کە ئەمڕۆ و لەم سەردەمە لە (خەون)ەکان لای (سەباح ڕەنجدەر) باس لە بەسەرهات و بێهوودەیی ژیان و نزیکبوونەوە و پاڕانەوە بۆ نزیکبوونەوە لە ژیان دەکەن، ئەوەی کە زیاتریش ئەو نوێخوازی و شێوازە تایبەتییە و کلاسیکییەی لێک نزیک دەکاتەوە، یاری و گەمەکردنە بە وشە و دەستەواژە، ئەگەر لای (نالی) لەب و قەد و زوڵف ببنە مەتەڵێک و دەرئەنجامەکەی ماچ بێ، ئەوە لە ناو کتێبی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)، بڕێکی زۆر پویزڵ هەن کە شتی سەیروسەمەرە و مانای حەقیقەت و ژیان بەدەستەوە دەدەن، نەک ئەمەش سنووری مانا تەنیا لەوەدا ناوەستێ کە گەمەکردن بە وشەو کۆکردنەوەی وشە تەنیا لە پێناوی بەخشینی مانا بێ، بەڵکو هەندێ کات لە پشتەوەی زمان، مانای سەیر دەبینین.

زمان شێوازێکە بۆ گەیاندن، بەڵام لە خەونەکاندا زمان تەنیا ڕەش و سپی سەر کاغەز نییە، لەو شیعرە درێژەدا زمان هەوڵ دەدات پەلی خوێنەر بگرێ و بە ناو ژیان و چالاکی و زەحمەت و خۆشیدا پیاسەی پێ بکات، نەک ئەمەش هەوڵ دەدات پێوەندییەک لە نێوان ئەو زمانە ئاساییەی گوند و ژیان و شەقام

و سـادەییدا بنیـات بنـێ، تا بتوانـێ ئەو هەمـوو مـانایانە لـە دیوی ئەودیوی ئەم زمـانانەدا بدۆزێتـەوە، واتە لەناو ئەو زمـانەدا ڕووبارێک مـێژوو هەیە بەردەوام مانای نوێ دەدۆزێتـەوە، بەردەوام هـەوڵ دەدات پردی نێوان مـاناکانی ئێستای حـازربەدەست و مـاناکـانی پشـتـەوەی زمـان بدۆزێتـەوە، واتە سـۆسـیـۆریانە، مانای شاراوەی پشتەوەی زمان بدۆزێتەوە.

ئەمـە سـەرەڕای ئەوەی کـە وردەکارییـەکـان نابنە هۆی شـێواندنی وشـە و ڕسـتـە، تەواو لە کـۆمـەڵـێ پارچەی کـەشـتـی تـەواو دەچـێ و خـۆی دەخـاتە بەردەستی کارامـەیەک تا پێکیانەوە ببـەستێتـەوە، ئەم بەستنەوەیـە تەنیا بە خودی شاعیر ناکرێ، شاعیر نایەوێ کەشتیەکی تەواوی حازربەدەست بخاتە ناو کەناری دەریا و ئەرکی مرۆڤیش تەنیا ئەوە بێ کە سـەرکەوێ و گەشتەکەی دەست پێ بکات، نەخـێـر ئەوەی تێـبـینی سـەرتاپای مـێـژووی شـیـعـری ئەم شـاعـیـرە بکات بۆی دەردەکـەوێ کـە شـاعـیـر، بەپێی تیـۆری (یاکـۆبسن) شیعرەکانی دادەڕێژی، بێگومان هۆشمەندی و ناهۆشمەندیەک لەم داڕشتنەدا هەیـە، واتە پێش ئـەوەی شـیـعـرەکـان لـەدایک بن، پـەیام و زەمـینەی پـەیام و گۆیندە و سیمبۆل ئـامادەیە، هـەروەهـا زەمینەی بوونی ئەو پەیامـەش ئامادەیە، پێوەندیی نێوان شاعیر و خوێنەر پێوەندیی مـەتەڵ و هـەڵهێنانە، ئەو شیعرەی کـە دەوترێ زەمـینەی ئەو دەلالـەتانەی لایە کـە خـوێنەرەکـەی دەیەوێ، بۆیە پێوەندییەکە دەچێتە ناو قالبی وتنی نهێنی و ئاشکراکردنی نهێنی.

ئاشنـابوونی مـانا لای شـاعـیـر وا دەکـات شـیـعـر لەگـەڵ وتیندا مـانایەک دروست بکات، ئەگـەر زمـان وەکو سـەمـایـەک بە ناو ڕێڕەوی خۆشـەویسـتـیدا تێپـەڕێ، ئەوە مـانا لەو ڕێڕەوەدا چاوەکـانی بریووەتـە جووڵە و بزووتنەکـانی شیعر. بەپێی سیستـمی (هیگڵ) ئەدەب دەکەوێتە دەرەوەی سنووری سیستمی زمـان، کەواتە مـانا شـیعرییـەکان لەم قـەسیدەیەدا دەکەونە دەرەوەی سنووری شـیکردنەوە، بـەڵام ئەوەی زیاتر وای کـردووە شـیـعـرەکـانی ئەم شـاعـیـرە تا ڕادەیـەکی زۆر بە زینـدوویی بمـێنێـتەوە جـێ پێ هـەڵگری سـروشـتـ، سروشتـخوازی لە گێڕانەوە و وتن و داڕشتن، واتە سنووری بنەڕەتیی شیعری

تێک نەشکاندووە، بگرە تێ پەڕیووە لەو سنوورە، زۆربەی زۆری ئەو جومگانەی شیعرەکانی پێکەوە پێ گرێ دەدات جومگەی مانای پشتەوەی مانان.

مانا لێرەدا تەنیا وەلامدانەوەیەک نییە بۆ ئەو نهێنیانەی کە لە پشتی وشەوە خۆیان حەشار داوە، بگرە مانا لێرەدا ڕاپەڕینی وشەیە، کاتێ (شکلۆفسکی) دەڵێ : شیعر ڕاپەڕینی وشەیە، مەبەستی لەو شیعرانەیە کە گەمە بە مانا و مەبەستی وشەکان دەکەن، ئەو مانایانەی شۆڕش و کوودەتا لە ناو زماندا بەرپادەکەن، زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەی ئەمڕۆ دەیانخوێنییەوە لەم شۆڕشە بێ بەشن، ئایا بۆ؟ لەبەر ئەوەی وشەکان هەر لە قاڵبی وتن و ئیقاعی ئاساییدا دەمێننەوە و ناتوانن ببنە پردێک بۆ بەرپاکردنی کودەتای زمان، هەروەها پێوەندیی زمانەوانیان لە سنووری وشە و ڕستەو دەستەواژەی ئاساییدا ناچێتە دەرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانن پێوەندی بن، پێوەندییەکی پتەوی نێوان کێش و مۆسیقا و شیعرییەت، شیعرییەتی وشە شیعرییەتی ئەو زمانەیە کە دەیەوێ لە شێوەی ئاسایی بچێتە دەرێ، چوونەدەرەوە لە شێوەی ئاساییەوە بۆ شێوەی شیعری ڕەسەن ئەو هەوڵەیە کە شیعر دەیدا بە مەبەستی بەرپاکردنی کودەتا.

ئەو کاتە مانا دەتوانێ ببێتە شیعر ئەگەر مانایەکی سیحرئامێز بێ، زۆربەی ئەو هەولانەی بۆ مانەوەی شیعر لە سنووری مانا و هارمۆنیدا دراون نەیانتوانیوە ئەو سنوورە بشکێنن، هەروەها شیعری کوردی لە پاش شیعری کلاسیکی و بڕێک هەوڵی تازەگەری و مۆدێرندا لەو ئەزموونەدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست نەهێناوە. ئاشکرایە ناتوانرێ نکوڵی لەو ڕاستییە بکرێ کە ژمارەیەکی زۆر لە بنیاتی شیعری پابەندن بە چۆنیەتی ڕەهابوون لە کۆتی زمانی ئاسایی، ئەگەر لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا تەماشا بکەین دەبینین زمانی ئاسایی و زمانی شیعر هەرچەند لەیەک دووربوونێکی فراوان لە نێوانیاندا هەبووە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی شیعر جەماوەریەتی مەزن و بەرفراوانی خۆی هەبووە، واتە شیعر توانیویەتی بەشێک بێت لە بیرکردنەوە و چێژی خەڵکی سادە و بازاڕی، لە زۆربەی گوند و شار و شارۆچکەکانی ئەو

سەردەمە، ژن و پیاوی جووتیار و کرێکار و نەخوێندەوار هەبوون کە شیعری مەزنانی وەک: (سالم، مەولەوی، خانی، فەقێی تەیران، جزیری)یان لەبەر بووە، ئەم نزیکبوونەوەیە پێوەندیی نهێنی نێوان زمان و ئیقاع و مانایە، واتە هەستی شیعری مامەڵەکردنێکی ئیقاعی و ڕیتمخوازانەی لەگەڵ شیعردا کردووە، واتە شیعر توانیویەتی ئەو سنوورە دەستنیشان بکات کە لە خەڵکی نزیک دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بەها و سەنگینی وشە و نەزم و خوازیاری و مەجازییەکانی شیعری بدۆڕێنێ، واتە شیعر توانیویەتی ئەو سنوورانە بدۆزێتەوە کە بەرەو دەرەوەی حەزەکانی خۆی دەریدەپەڕێنێ. نهێنی ئەم حەزخوازی و پێشوازیە لەوەدا بوو کە مامەڵەکردنی شاعیران لە سنووری مامەڵەکردنێکی یەک مەوداییدا نەبووە، بگرە فرە مەودایی شیعری و فرەتوانایی شاعیران تەوژمێکی بەخشیووە بەشێوەی شیعری و توانای شیعری، یان بەپێی بۆچوونی (ئەرستۆ) زمانی سرووش و زمانی شیعری بووبوون بە یەک. زۆربەی سەرچاوەکانی ئەو شاعیرانە لە دەرەوەی توانای خۆی بوو، بەڵام بابەت و مەبەستەکان دەربڕی ڕوحی ئەوان بوو، هەر ئەمەش بۆ خۆی وای کردوو کە زمانی سادەی خەڵکی لەناو زمانی چڕ و پڕی شاعیردا ڕەنگ بداتەوە.

شێوەی ئەوان بریتی بووە لە داڕشتنی زمانی دەستەبژێر لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە پاراستنی هێزی شیعری و توانای هونەری و دەوڵەمەندکردنی توانا دەروونییەکانی شیعر بەو زمانەی کە زمانی خەڵکی سادەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سوودوەرگرتن لە فەلسەفە و مەنتیق و ڕوح و سیاسەتیش شێوەیەک بووە لە دووبارە گێڕانەوەی ئەوەی کە پێی دەوترێ شیعر لەوێوە بۆ ئێرە.

بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین شیعری (سەباح ڕەنجدەر) وەک شاعیرێک لە زۆر ڕووەوە نزیکترە لە ئەزموون و توانا و نهێنی ئەو شێوەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، واتە هەوڵدانەکانی ئەو لەگەڵ مانادا هەوڵدانی ناوازە و دوورەدەست و خۆجیاکەرەوە نییە، ئەزموونێک نییە تەنیا بەدوای ئەزموون لە پێناوی ئەزمووندا بگەڕێ، بگرە ئەزموونێکە دەیەوێ ئەو تەلیسمانە بشکێنێ

که تا ئێستا نەشکێنراون، شیعر تایبەتمەندی نییە لە پێناوی دوورکەوتنەوە لە دنیای سادە و زمانی ئاسایی و گرفتە ئاساییەکان، بگرە لەناو شیعری ئەودا یەکەتییەک هەیە، ئەو یەکەتییە سەرچاوەکەی لە بوونی یەکبنیاتی و فرەمانایی و سۆزخوازییە. هەرچەندە ئەو بە هەوڵەکانی جەخت دەکاتە سەر یەک مانایی و فرەلێکدانەوەیی، بەڵام لە پشتەوەی هەر ڕستەیەک لێکدانەوەیەکی قووڵ ئامادەیە ئەم لێکدانەوەیە دەتوانین بە زۆری لە کارە سەرەتاییەکانی ئەودا بەدی بکەین.

کاتێ کە شیعرەکانی ئەو لەناو دنیای شیعری کوردی لە پاش گرووپی (ڕوانگە) و (کفری) و (پێشڕە) و نوێخوازانی تر لە دەرگەی شیعری کوردیان دا، کەس گوێی لە دەنگی دەرگەکەی ئەو نەبوو، بەهۆی ئەو هەموو گارە گار و هاژە و وژەی دەوروبەری گوێی شیعری کوردییان گرتبوو، شتێکی ئاسایی بوو ئەگەر ئەم دەنگە و هاودەنگەکانی ئەمیش دەنگی خۆیان و دەرگەکانیان دەنگدانەوە نەبێ.

ئەو دەرگایانەی کە ئەوان هەوڵی گوتانیان دا لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە کودەتاییەکەی (شکولۆفسکی) لە خۆ گرتبوو، یان هەوڵی تێگەیشتن بوو بۆ ئەو تێکستانەی کە هێشتا نەوتراون. مامەڵەکردن لە پشتەوەی ماناکان بۆ ئەوە بوو تا دیوی ئەودیوی شتەکان ببینێ، (سەباح ڕەنجدەر، ئەحمەدی شاملوو) ئاسا لە دیوی پەنجەرەیەک وەستاوە و لێدانی نمە و دڵۆپە باران بەدیوی ئەودیوی پەنجەرەکانەوە ناهێڵن هیچ دیمەنێک ببینێ ئەوەی هەوڵی بینین دەدا لە واقیعدا دوا جار لە ناخی خۆیدا دەیدۆزێتەوە، گەڕانیی شیعری لای ئەم زاتە گەڕانی سۆفییەکە بەدوای بوونی ڕاستی خوادا دەگەڕێ، گەڕانی ئەم گەڕانی حەقەیەکە بەدوای ئەنالحەقی وشەدا، هەروا بە سانایی دەست بە پشکنین ناکات، بگرە نەخشە و هەوڵی قووڵی خۆی هەیە، سەرەتا لە وشەوە دەست پێ دەکات، پاشان تێما و دوا جار بەدوای بنیات، لای ئەم بنیات دوا وێستگەیە کە لێی دادەبەزێ، مانا لە نێوان وشە و تێماکانەوە سەردەردێنێ، کەسێکە سیمیولۆجیای زمان وای لێ دەکات، لە هەر دەنگ و ژێ دەنگ و

بزوێنێکدا مانایەک بخوڵقێنێ، زمانی ئەم سنووری خودی زمانی ئاسانی دەبڕێ، زۆر جار لە نێوان ماناکانی دووەمدا خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەوەی توانای شیعری ئەم شاعیرە لە ڕووی ماناوە لە کەسانێکی تر جیا دەکاتەوە، گەمەکردنە بە مانا، گەمەکردنە بە حەقیقەتی زمانەوانی وشەکان، وشە لە یەک شوێن و لە یەک مانادا قەتیس نابێ، پەل دەهاوێ و لە زۆربەی زۆری مەیدانەکاندا بۆ خۆی مانایەک هەڵدەبژێرێ، ئاو لە شوێنێک ئاوە، لە شوێنێکی تر توینێتی و مەلەوانی، لەولاتر لافاو و مەترسی و بارانە، لەناو لابوورەکانی خۆشەویستیدا دەبێتە گەردیلە و دوو هەناسە و بەرزبوونەوە، لە زمانی جووتیاراندا خێر و بەرەکەت، لە ئاسمانی تاوستانی گەرمیاندا تەسکینی، لە ئاماژەی عەشقبازاندا دەبێتە شەهوەت. ئاو لەو سنوورەدا ناوەستێ کە تەنیا ژیان و مەرگ بێ، بگرە دەشبێتە وێرانکردن، جار جار لە چاوی سەندبادەکان و گەڕۆکەکاندا دەبێتە سەفەر و گەشت و بەردەوامی، تەنانەت ڕاوچیش وەکو تینویەک سەیری ئاو ناکات، جار جار ماسییە و دوا جاریش دەبێتە بەرەکەتی خوا.

کەواتە فەلسەفەی هەڵبژاردنی وشە لای ئەم شاعیرە فەلسەفەی بەرفراوانییە، ئەگەرچی هەندێ جار بەوە تاوانبار دەکرێ کە زمانی ئەو زمانی تایبەت و فەرهەنگی تایبەت و شێواندنی زمانە، بەڵام ئەگەر بە وردی شیعرەکانی بخوێنرێتەوە، هەست دەکرێ کە ئێستێتیکی وشە و مانا لە یەک کاتدا شانبەشانی یەکتری دەڕۆن، لە هەمان کاتدا خاوەنی تایبەتمەندی و وردەکاری خۆیانن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا ڕستەیەک و وشەیەک بەڕووت و پەتی مانای گشتگیر نابەخشن و پێویستیان بەوەیە کە پێکەوە کۆ ببنەوە، کۆبوونەوەیەک تا بتوانن سەرچاوەیەک بن بۆ بەخشینی مەودایەک بە چاو لە خوێندنەوە و پێکهێنانی مانا.

بۆ ئەوەی زیاتر لە وردەکاری ئەو شتانە بگەین کە لە نێوان ڕستە و وشە و دەستەواژەکاندا خۆیان حەشار داوە دەبێ ئاشناییمان بە فەرهەنگی زمانەوانیدا هەبێ، کە ئەمەش مەسەلەیەکە پاشان بە ورد و درێژی و بە

نموونەوە قسەی لەسەر دەکەین.

بە تەنیا دەوڵەمەندی وشە دەوڵەمەندی بە شیعر نابەخشێ. دەبێ ڕەگەز و ستوونە بەهێزەکانی تر هەبن، بە مەبەستی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ماناکان، بۆیە کاتێ کە دەڵێین دەوڵەمەندی وشە لە پاڵ ئەمەشدا بەکاربردنی ئەو دەوڵەمەندییەش کارێکی گرینگە، زۆربەی زۆری ئەو هێزەی کە زیاد وا دەکات شیعرییەت لەناو تێکستەکانی ئەم شاعیرەدا ئامادە بێ، توانا و هێزی بەکارهێنانی ئەو توانا زمانەوانی و فەرهەنگییە. (لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە لە هەندێ ئەزموونی سەرەتایی ئەم شاعیرە، شێوەیەک لە ناهۆشمەندی بەدی دەکرێت لە بەکارهێنانی زماندا، ئەم ناهۆشمەندییە بە نەرێیی بۆی گەڕاوەتەوە و بووەتە هۆی لەدەستدانی ژمارەیەک لە خوێنەرانی)، بەڵام ئەم حاڵەتە لە ئەزموونە نوێیەکانیدا کەمتر بەدی دەکرێ، کە ئەمەش بۆ خۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لەناو بنیادی شیعری خۆیدا ئەنجامی داوە. بێگومان دەبێ ئەوەش بوترێ کە شاعیر زیاتر خاوەنی توانایەکی زمانەوانی شیعری لۆکاڵییە، بەهۆی خوێندنەوە و کاریگەربوونی بە شیعر و شاعیرانی کلاسیکی و تازەگەر و نوێی کوردی. کەواتە نهێنی هێزی ئەو زمانە سەرچاوەکە ناوەکییە تا دەرەکی، ئەمە سەرەڕای بوونی پێوەندییەکی ئاسۆیییانەی نێوان زمان و دەنگ.

توانای خەیاڵ تەنیا لەو سنوورەدا ناوەستێ کە تەنیا ئاوڕدانەوەیەک بێ لە سێبەر و سەراب و تارمایی و خەونەکانی عەقڵ، بگرە مەودای لێکدانەوە لەوەش زێدەتر دەڕوا تا دەگاتە ئەوەی کە خەیاڵ دەگۆڕێ بۆ مەودایەک لە لێکچواندن و وێنە و مەجاز، وێنەکان تەنیا ئەوە نین وێنەی ئاسایی بن، بگرە ململانێن لە نێوان شتە هەستدارەکان و بێ هەستەکان، هەندێ کات لێکچواندنی وێنەکان لای ئەم شاعیرە دەبنە هۆی جێگۆڕکێکردنی شتەکان لەگەڵ یەکتری، ڕوحدارەکان دەبنە بێ ڕوح و خەسڵەتی بەرد و دار و درەخت و سروشت وەردەگرن، جار جارێکیش وێنە مردووەکان ڕوحدار دەبن و مامەڵەیەکی ڕوحداریان لەگەڵدا دەکات، نەک ئەمەش بگرە ژمارەیەکی زۆر لەو

وێنانـەشی دێنە پێـشـمـان، وێنـەی ئاسـاییی ژیانی ڕۆژانەن، بەڵام لـەناو دێری شـیعـرەکاندا تووشـی سـەرسـوڕمان و ناجێگیـری و بوون و نەفرەتمان دەکەن، ئەو تێکـەڵکردنی وێـنانە، دەبنە تـابلۆیەک و شـێـوەی سـەیروسـەمـەرە دروست دەکەن، ئەو وێنانە تەنیا لە سنووڕێکدا ناوەستن، بگرە دەڕۆن مەودای جووڵەی خـۆیان بەرفراوان دەکەن، شـێـوەکان دەگـۆڕێن، وەک ئاوێنـە و ڕووبـــار و بیر هەریەکـەیان بە شـێوەیـەک ڕووەکان وێنا دەکەن، هەندێ جار سیمـاکـان لەبەر گۆڕان و شێواندنیان خـۆیان ناناسنەوە، هەندێ کاتیش ئەوەندە شێوەیەکی تر دەنوێنـن، خـودی شـاعـیـریش خـۆی نایانناسـێـتـەوە. تـەنیـا لە شـێـوەکـاندا تێکـەڵبـوون بـە ئەنجـام ناگـات بگرە تێکەڵبـوونـەکە جـەسـتـە و تەن و دیمەن و هەست و سۆز و هەناسـەش دەگرێتەوە، ڕوح دەبێتە شەوەزەنگ و شـەو دەبێتە مرۆڤـێکی سـەرهـەڵگرتوو، هـەناسـە دەبێتـە گـڕ و مـاچ بە ژەهر، سـەر دەبێـتـە سـەوداو تیـشـکیش دەبـێ بە چەقـۆ، ئەوەندە شـتـەکـان ئاڵوگـۆڕی وێنەییـیـان بەسـەردا دێ، لە کـۆتاییدا شـیـعـرەکـانیش تووشـی گومـان دەبن، شـاعـیـریش دیمەنەکانـی خۆی ناناسێتەوە، ئەوەندە سـەرەتاکان دەگۆڕێن، کۆتایش نازانێ لە کوێیە.

خـەیاڵ و مـانا لای شـاعـیـر لە سنووری وشـە و وێنەدا ناسـووڕێتـەوە، بگرە مـەودایەکی تر هـەڵدەبژێرێ، نامـۆیی وشـە نـابێـتـە کـارەسـات، بگـرە نامـۆیی دەبێتە تێکەڵبوون، کـارەسـاتـی زمان دروست دەکەن، ئەو هەمـوو نارەزاییـیـەی ناو زمـان دەبێتە یاخیـبوون، هەر بۆیە دەبینین یاخیـبوون لەناو شـیعـرەکاندا زێدەڕۆیی یاخیـبوونن، زمـان لەسـەر یاخی دەبێ و وشـە لە ڕسـتـە و ڕسـتـە لە برگە و برگـەش لە قەسیدەکان، خەون بە یەکترییـەوە دەبینین، وشـەیەک باوەش بە وشـەیەکی تر دەکاتەوە، زمان ئەوەنـدە دەکەونە ناکۆکی لەگـەڵ یەکتریـیـەوە، ڕێگە لە یەکـتـری دەگـرن، چۆن بڕۆن و ڕوو لە چ دەرگـەیـەک بکەن، ئـەوەندە قـەرەبـاڵغی بەرفـراوان دەبێـتـەوە، خـۆشـیـان نازانن لە چ سـەرچاوەیەکـەوە هەڵهاتوون و بەرەو کوێ دەڕۆن.

## خەون وا خۆی گێڕایەوە

سەیر نییە، ئەگەر بڵێم تامەزرۆیی وا لە وشە دەکات جێگەی هەموو شتەکان بگرێتەوە، سەیر نییە ئەگەر بڵێم تروسکاییەکان دەبنە کڵپە و لە ناخێکی پەنگ خواردوودا دەتەقنەوە، ئەوەی شیعر دەگێڕێتەوە هەر ئەوە نییە. کە شیعر لە باوەش دەگرێ، ئەوەی شیعر دەکاتە مانیفێست و سرووش و بلیمەت و پێغەمبەر و زێوان، ئەوانەن کە (ئەرستۆ) ئاسا فەلسەفەی شیعر دەگێڕنەوە، بلیمەتی شیعر ئەو کەسانە گەورە دەکات کە شیعر لە ئامێز دەگرن لەگەڵیدا گەورە دەبن، خەون و کاریگەریی شیعری تامەزرۆیەکن مرۆڤ پاراو دەکەن و لە خەو ڕایان دەچڵەکێنی کە تێیدا مت بوون و نازانن لە دەوروبەردا چ باسە، شیعر تەنیا لە پێوەندیدا ناژی، شیعر بۆ خۆی سەفەر دەکات و بۆ خۆشی ماڵ بەماڵ وەکو گەدایەکی دێرین هێور دەبێتەوە، لە پاڵ سێبەرەکاندا وچانی خۆی دەدا، لە نزیک کانیاوە شیرینەکانی گوێی دڵدارەکانیدا چرپەیەک و سیحرێک بەجێ دێڵێ، وەکو ئەو کارمامزەیە لە پێدەشتێکدا بە دوای چرپەی پێیەکدا دەگەڕێ تا هەڵبێ، شیعر وریابوونەوەیە پێش ئەوەی خاوبوونەوە بێ، خۆشنوودی زەمینی جوانییە، شیعر هەرچییەک بێ ئەوا لەلای ئەم شاعیرە دەبێتە سروشت، دەبێتە خەون و خولیا.

ئەگەر بەم پێشەکییە ویستبێتم مانای شیعرتان پێ بڵێم ئەوا بە هەڵەدا چووم، هیچ کتێبێک، وتارێک، پەرەگرافێ. ڕستەیەک، وشەیەک ناتوانێ ئەوەتان پێ بڵێ کە من ویستومە بیڵێم، ئەو نهێنییەتان پێ بڵێم کە هەموومان پێی مەست دەبین و هەرچی پێش ئێمەش بوون، پێی مەست بوون، ئەگەر بمەوێ لە خەونێک لە خەونەکانی شیعر بگەم، بێگومان هەڵەم و لەوە نەگەیشتووم کە ئەمەوێ بیڵێم، بەم پێشەکییە دەمەوێ بەدوای گوریسێکدا بگەڕێم، تا بەرەو نهێنی ئەو ڕوحە ئاوێزانم کات، دەمەوێ سەری دەزوویەک بم و لەناو پەردەکانی شیعردا دروومانێک ئەنجام بدەم.

(خەون وا خۆی گێڕایەوە) پێش ئەوەی بزانم چییە، بەدەر لە هەر مێژوویەک

که شاعیر خۆی له مانیفێستەکەیدا باسی خۆی دەکات، دەمەوێ بەوردی لەو دنیایە بکۆڵمەوە کە سروشتدۆست و مرۆڤپەروەرێکی وەکو ئەمی کرد بەو هونەرمەندەی لە دەرەوەی یاسا باوەکانی شیعری کوردیدا بە ئارامی و بەدەر لە پێوەندییە چر و پڕەکاندا حیکایەتی بەشیعر و شاعیربوونی خۆی بگێڕێتەوە. گێڕانەوەی شیعر گێڕانەوەی باسێکە دەکرێ لە بەردەمیدا ئیستێک بکەین، گێڕانەوەی شیعر نە مێژووە، نە سیاسەت، نە جوگرافیا، گێڕانەوەیەک زاراوەکان لە باوەش دەگرێ و بە ناو دەریای مانادا دەڕوا.

(سەباح ڕەنجدەر) لە هەناسە درێژەکانی شیعری هاوچەرخی کوردییە، بەڵام هەناسەیەکە لە گەرووی زەمەنێک پێش زەمەنی خۆیدا هاتوچۆ دەکات. ئەگەر تەماشای مانیفێستی شیعری، (خەون وا خۆی دەگێڕایەوە) بکەین، پێموایە دەسپێکردنێکی نوێیە، دەسپێکردنێکە بە شیعر دەست پێ ناکات، بە ڕاگەیاندنی شیعر دەست پێ دەکات، شیعر ناکاتە ئاڵا، سیمبۆلەکان شی دەکاتەوە. سەرەتای گێڕانەوەی ژیانە، کاتێ کە شاعیر بڕیار دەدات لە بارەی شتەکانەوە بنووسی نەک لەسەر خودی شتەکان، بڕیاردانێکە بۆ دابڕان، دابڕان لە هەموو ئەو شتانەی توخنی پیرۆزی و ڕیتوێڵ دەکەون، خەون کەس نایگێڕێتەوە، ئەوەندە پیرۆزە دەبێ کەسێکی تر لە دەرەوەی کڕنووشی پەرستن، لێکدانەوەی حەقیقەتەکانی بۆ بکات، یەکەم ڕستە لە مانیفێستی خەونەکانی شاعیر بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە شکاندنی ڕێز و مۆرکی شتە ناسکەکان، دوورکەوتنەوە لە کفری بێ دەستنوێژی هەست و خەون و پێکەنین.

لە مانیفێستدا زۆر شت هەن، شاعیر لەوێدا شایەد نییە خۆی ئەو شتەیە کە هەیە، خۆی ئامادەبوونە، مافوورێکی پیرۆز نییە لە پەرستگەی شتە پیرۆزەکاندا، بگرە ڕێز و کڕنووش و پاڕانەوەیە، دووبارەبوونەوەی شتە دەگمەنەکانە، ڕەنگدانەوەی ئەو سێبەرانەیە کە بەر زەردەی دەمەو ئێواران دەکەون، لە مانیفێستی شیعری کە سەری دیوانەکەیەتی، چون خودی ئەم کتێبە لە چوار بەش و مانیفێستێک پێ کدێ، کە دوایین بەرهەمی درێژی (سەباح ڕەنجدەر)ە، دەبێ سەرەتا ئەوە بڵێم کە شیعرییەتی ئەم مانیفێستە لە

شیعرییەتی بەشەکانی تر کەمتر نییە، لێرەدا ئەگەر دانپێنانێک هەبێت بەڕاستی بوون و سەرەتاییی شیعری خۆی، ئەوەش هەیە کە چەند نهێنییەکی تێدایە دەکرێ ئاماژە بێ بە مێژووی نهێنی شاعیر، شاعیر لەناو ئەم مانیفێستەدا دەری دەخات، یان دەتوانین بڵێین لە دوو توێی ئەم مانیفێستە شیعرییەدا، شیعرییەتی تێدایە، یان بە زاری (جان کۆهین) شێوازی شیعری کە بابەتەکەی شیعرە. زۆربەی زۆری وشەکانی ئەم بەشە بە دوو شێوە زمان نووسراون، یەکەم: زمانێکی گێڕانەوە. دووەم: زمانی دانپێنان و باسکردن. چیرۆک نییە، بەڵام باس لە بەسەرهاتی بەشیعربوونی ژیان دەکات، بە گێڕانەوە دەست پێ دەکات، بە شیعر کۆتایی دێت، سەرەتای زمانی گێڕانەوەیە، بەڵام هێدی هێدی بەرەو ناو شیعر کێشمان دەکات.

بەشیعربوونی ئەم دەقە بەشیعربوونێکی ناوکۆییە، بۆیە خوێندنەوەی ناوکۆیی دەوێ. (ڕیفاتیر) پێی وایە کە شیعر شتەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێ، بۆیە لەم دەقەی سەرەتادا بەپێچەوانەوە پەخشان ڕاستەوخۆ شتەکان بە زمانی شیعر دەردەبڕێ. (جان کۆهین) پێی وایە کە شێوازی هەڵگری بەهایەکی ئێستێتیکییە، ئەم بەهایەش ئێمە لەم مانیفێستەدا دەیبینین.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە بڕگەکانی ئەم مانیفێستە زمانی گێڕانەوەن، بۆیە ئێمە تەنیا ڕوو دەکەینە بەشە شیعرییەکانی. پاش ئەوەی لە خۆ دەدوێ، باس لە بنچینەی خۆشەویستی دەکات، ئەوەش بەپێی بۆچوونی ئەو خۆشەویستی شیعرە.

(مرۆڤ ئێستای لە نەماندایە. ڕابردوو و داهاتووی هەیە. شیعرێک لەسەر بنەما و جیهانبینی ڕوون بنیات نەنرابێ نە بە کەڵکی ئەمرۆ دێت، نە هیچ سەردەمێکی تریش وەک دەقی پتەو و پەتی ئەدەبی قبووڵی دەکات.)

پێم وایە ئەمە سەرەتای دانپێنانی شاعیرە بە ژیان، سەرەتای دۆزینەوەی ئەو کلیلانەیە کە شاعیر ونی کردوون، هەوڵێکە بەرەو دووبارە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەی کە خودی شاعیر زەمەنێکی زۆر بەدوایاندا وێڵە پرسیاری

سەرەتا و هەمیشەیی ژیانن، ئەو هەرگیز حەزی نەکردووە لە کەس بچێ، بەڵام حەزی کردووە بەدوای جوانییەکانی کەسانی تردا بگەڕێ، هەرگیز بەم شێوەیە بیر ناکاتەوە تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە لە داهێنان دادەبڕێ و لە گەشەکردندا پەکی دەکەوێ. لێرەدا حەز دەکەم بە کۆمەڵێ سەرەتا، دەست پێ بکەم، کە بریتین لە شیکردنەوە و دانپێنان و وتنی ڕاستییەکان. مەسەلەیەکی زۆر گرینگ لەم مانیفێستەدا هەیە کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی دانپێنان و نەفیکردنە، ئەم مانیفێستە نەفی ئەوە دەکات کە ئەو شتە لەو بارەیەوە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێ کە ئەو سەرقاڵی ئەو کارەیە، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو، ئەو نموونانە دەربڕین لەم دانپێنان و نەفیکردنە دەکەن.

من ژیان دەنووسم لە بارەی ژیانەوە نانووسم
من خەون دەنووسم لە بارەی خەونەوە نانووسم
من چارەنووس دەنووسم لە بارەی چارەنووسەوە نانووسم
من جوانی دەنووسم لە بارەی جوانییەوە نانووسم
من دامەزراندن دەنووسم لە بارەی دامەزراندنەوە نانووسم
من فانتازیا دەنووسم لە بارەی فەنتازیاوە نانووسم
من هەست دەنووسم لە بارەی هەستەوە نانووسم
من زمان دەنووسم لە بارەی زمانەوە نانووسم

دووبارەبوونەوەیەکن بۆ تەئکیدکردن، لەسەر ئەرکەکانی خودی شاعیر نا، بگرە ئەرکی شیعر خۆی، شیعر وەکو مرۆڤ، لەدایکبوون و مەرگی هەیە، شیعر لە خودی شاعیر کە جیا دەبێتەوە، سەمفۆنیایەکی سەربەستە و ژەنیارەکانی خۆی ناناسێ، شیعر لە دەرەوەی شاعیر سەکۆی پشوودانی ڕوحە. ئەگەر شیعر لە هەموو جێگەیەک بۆ ئەوە نووسرابێ کە شتێک بگێڕێتەوە، ئەوا لێرەدا باس لە شتەکان دەکات و هیچیان لە بارەوە ناڵێ،

خودی شیعر دەبێتە شتەکان و شتەکانیش دەبنە خودی شیعر. ئەمەش هاوکێشەی پۆست مۆدێرنیزەکانی شیعرە.

(ژیان، خەون، چارەنووس، جوانی، دامەزراندن، فانتازیا، هەست، زمان) هەر هەموویان پێکەوە سەرچاوەی دەسپێکردنی پێوەندین لەگەڵ مێژووی نووسینەوە لەبارەی ئەو شتەی کە نانووسرێ، هەموو شتەکان بە باسکردنی خۆیان دەست پێ دەکەن، ناکۆکییە شیعرییەکە لەوێدایە، ئەوە دەکەم و ئەمە ناکەم، کردەی کردن و نەکردن سەرەتا و کۆتایی دەسپێکردنی ئەو خەونەیە کە ئەم نایگێڕێتەوە بگرە خۆی خۆی دەگێڕێتەوە.

ئەگەر تەماشایەکی وردی ئەو ڕستانەی سەرەوە بکەین جیاکارییەک لە نێوان دەربڕینەکان دەبینین، بەڵام لە هەمان کاتدا پێوەندییەک هەیە، سەرەتا زۆربەی ڕووداوەکان باس لە کردنی کارێک دەکەن کە لە هەمان کاتدا شێوەی کردنەکە نەفیکردنی کردەی یەکەمە، بگرە دەیەوێ لە خودی شتەکانەوە دەست پێ بکات، لە هەموو ئەو کرداری نووسینانەدا شاعیر لەبارەی خودی مرۆڤ و شتە ڕۆحدارەکان نانووسێ، بگرە لەبارەی ئەو شتانە دەنووسێ، کە پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرینگە، خودی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی مرۆڤ بەرەو جوانی دەبات، ئەو کۆمەڵە پێویستیانەن کە پێویستن بۆ بەردەوامی مرۆڤ و جوانییەکانی مرۆڤ، (ژیان، خەون، چارەنووس، جوانی، دامەزراندن، فانتازیا، هەست، زمان)، لە نووسینی لەبارەی ئەو شتانە دوو هێڵی هاوبەش هەن، یەکەم شاعیر لە دوو هێڵەوە دەنووسێ، هێڵی شتە هەستییەکان و هێڵی بنیاتنان، ئەو فانتازیا و دامەزراندن بەکار دێنێ تا بتوانێ ژیان و هەست و چارەنووس و خەون و جوانییەکانی مرۆڤ جوانتر بکات. ئەوەی کە نەفیکردنی دانپێنانە، ئەوەیە لەم مانیفێستە شیعرییەدا یەکەم ڕەفزکردنە لە بارەی شتێکەوە قسە بکات کە خۆشی قسەی لەسەر دەکات، لە کاتێکدا لە خەون نادوێ و لە بارەی خەونەوە نانووسێ کە چی دەیاننووسێتەوە، ئایا نووسین لە بارەی شتێک و نووسینی شتێک یەکناگەیەنێ، لە ڕووی لێکدانەوەی ڕوحییەوە نووسین لەبارەی شتێک

خۆدانانە لە دەرەوە ئەو شتـە، کاتێ لەبارەی ژیان دەدوێی خۆت لە دەرەوەی ژیان دادەنێی و ژیان شتێکی نامۆیە بە تۆ، تۆش وەکو نامۆیەک بەچاوەکانت دەیپشکنی، بەڵام کاتێ کە تۆ لە ژیان دەدوێی و دەنووسی مانای وایە تۆ لە سنووری ناوەوە باس لە شتەکان دەکەیت، خۆشت بەشێکی ئەو رووداو هەست و دیمەنەی. بۆیە شاعیر نەفیکردنێکی جوانی بەکار هێناوە بۆ نەفیکردنی ئەو حەقیقەتانەی دەیانووسێتەوە، نەفیکردنەکەی پشت راستکردنەوەی دژە نەفیکردنەکانەن.

لەو مووچڕکە و تەزووانەی کە هەموو رووبەری ئەم مانیفێستە دادەگیرسێنێ، راگەیاندنەکانێتی لەمەڕ شیعر و داهێنان، ئەمەش خەسڵەتی مانیفێستە کە دەبێ، بڕیاردان و دانپێنانی تێدا بێ، کاتێ شاعیر دەڵێ: رۆشنبیری کوردی رۆشنبیرییەکی شیعرییە، ئەمە وتنی حەقیقەتێکە بنیاتی مانیفێستەکە تەواو دەکات. چییەتی نووسین و دەسەڵاتی وشە و گفتوگۆکردن لەگەڵ ژیان، خەسڵەتێکە نووسەری ئاگردز ئەنجامی دەدا، ئەفسانەیەکی گریکییە و خواوەندێکی پڕ نادیارییە، لە هەموو ئان و ساتەکاندا دەردەکەوێ.

مانیفێستی خەونەکان، تووڵە رێگەیەکە بۆ گەیشتن بەو خەزنەیەی سەرشارە لە نهێنی و جوانی سەرزەمین و شازادەی ناو ئەفسانەکان، ئەم مانیفێستە دەرگەی کردنەی ئەو گرێکوێرانەن سەردەم پاش سەردەم پێمان گەیشتوون و دەیانەوێ لێرەوە بچنە ناو ژیانەوە، دەیانەوێ لێرەوە لە ماناکانی لەدایکبوون بگەن، ئەم سەرەتایە سەرەتایی ئەو دەرگایانەن کە هەرگیز بە کراوەیی نەماونەتەوە، ئەم دەرگەیە هەڵماڵینی هەموو ئەو رووە شاردراوانەیە، هەڵماڵینی نهێنی و درۆ و ناپاکی و ئاشکراکردنی جوانییەکانی ناو دنیای شیعرە.

هونەری شیعری لە سرووشدا، لە سنووری شیعریەتی دەردەچێ، دەکەوێتە ناو پێکهێنانی وێنەی شیعری پچڕ پچڕ، لێرە وێنەیەک لەوێش وێنەیەک، هەر هەموویان تێکەڵ بە یەکتری دەبن لە هارمۆنیایەکی تایبەتدا دەچنە پاڵ یەک و وەکو چەندین کۆلاژی هەڵپچڕاو لێرە و لەوێ، وێنەیەک پێک دێنن، ئەو وێنەیەش لەگەڵ کۆمەڵێ وێنەی تر یەکتری دەگرن و دەبنە پرسیارێک و ڕیتمێک لەناو فەزای شیعرەکەدا بەجێ دێڵن، سرووش وەکو بنیات و پێکهاتە لە هەموو بەشەکانیدا شێوازی مونتاجی شیعری تێدا دەردەکەوێ، واتە دیمەنە شیعرییەکان لە جێگەی جیاواز جیاوازدا دەردەکەون، لە نێوان ئەو وێنە و دیمەنە شیعرییانەدا بۆشایی هەن، بۆشاییەکان وەکو زنجیرەیەک بەردەوام دەڕۆن، دەڕۆن، تا دەگەنە ئەوەی پێوەندییەکە لە نێوان تێکست و دیمەنەکان بۆ پێوەندیی نێوان تێکست و وەرگر دەگۆڕێ، واتە خوێنەر، یان گوێگر دەبێ ئەو بۆشاییانەی نێوان دیمەنەکان پڕکاتەوە و مانایەکی گشتگیری چنگ بکەوێ:

(ئاسمانی سەرگەردانی بە ئاسوودەیی پێوا
تۆی تێکەڵ بە ناز و مەنزڵ و نیازم
بۆچی بوو ئەی ئاسمان
ڕێبواری ماندوو بە هەموو ڕێگاکانی تێپەڕی
خوای دڵکەش و ئارام بە جوانیی
لە دەموچاوی ڕوون و بە بەزەیی کتێب هاتە دەرێ
ددانەکانی گوشی
ئاگری داهێنا
گەڵاکانی درەختی ناوبانگ شاد و پەسەندن

دەبن بە کاغەزی بەرەکەت و بێ تەگەرەیی)

ئەگەر لێرەوە بمانەوێ، جوان لە ناوەڕۆکەکانی زمانی شیعری ئەم شیعرە بکۆڵینەوە، دەبینین زمانێکی شیعرییە و لە قالبی پەخشاندا وێنەکانمان پێشکێش دەکات، یان بەپێی بۆچوونی (جان کۆهین) بە پەخشان ڕووبەڕووی شیعر دەبینەوە، ماتەریاڵەکان هەموو کۆمەڵێ ماتەریاڵی زمانەوانین، بەڵام لە پشتیانەوە، توانایەکی ئێستێتیکی زاڵە. ئەگەر وەکو کۆلاژ و مونتاجیش تەماشای بکەین دەکرێ بڵێین، کۆمەڵێ وێنەن، بە ئەنقەست خوێنەر دەخەنە بەردەم کۆمەڵێ بۆشاییەوە، بڕوانە ئەم وێنانە:

(بازێک ئاسمانی پێوا
ڕێبواری ماندوو تێ دەپەڕێ بە هەموو ڕێگاکاندا
خوا بەشێوەیەکی جوان لە دەموچاوی کتێبەوە دێتە دەرێ
ددانی خۆی دەگوشێ
ئاگر دادەهێنێ
گەڵاکان دەبن بە کاغەزی بەرەکەت)

ئەگەر ئەم دیمەنانە وەک مانا تەماشایان بکەین هەریەکەیان سەربەخۆ مانایەکن بۆ کۆمەڵێ کردار، ئەرک، جووڵە، ئەنجامدان، لە ئاسمانەوە دەست پێ دەکات، دێتە سەر زەوی و لەوێشەوە دەچێتە ناو کتێب و لە کتێبیشەوە دێتە دەرێ و پاشان دەست بەکار دەبێ بۆ بە ئەنجامدانی کۆمەڵێ چالاکی خۆبەخۆیی لە ددانی خۆیەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە خوڵقاندنی ئاگر، پاشان وێنەی گەڵا دەبینین کە دەبێ بە کاغەز و ددان دەبینین دەگوشرێ. لە هەموو وێنەکان بزواندن و لەدایکبوون بەرچاو دەکەوێ، جووڵەی باز، ڕۆیشتنی ڕێبوا رو هاتنە دەرەوەی خوا لە کتێبەوە، پاشان داهێنان دەبینین ئاگر و گەڵا.

شاعیر (ئێستێتیکای بۆشایی لە نێوان ئەو دیمەنانە بەکار دەهێنێ بۆ خوڵقاندنی جوانکاری جیاوازی، هەروەها جوانکاری تێکەڵکردن بەکار

دەهێنێ بە مەبەستی کورتکردنەوەی زەمەن. مونتاجی شیعری یەکێکە لەو بەشە رەخنەییەی کە زۆر گرینگی بە لێکدانەوەی پێوەندییەکانی نێوان رست و وشە و مانا دەدات لەناو بنیاتی شیعریدا، شوبهاندنی شیعر بە وێنەو دیمەنی شانۆیی، یان سینەمایی هونەرێکە لەگەڵ پەیدابوونی سیمیۆلۆجیدا پەرەی سەندووە. بەهەرحاڵ ئەم شێوە مونتاجە بە ئاشکرا لەناو رستە و وێنە شیعری و کارەکانی (سەباح رەنجدەر)دا دەبینرێ.

ئەگەر بەم چاوە تەماشای بنیاتی مونتاجی ئەو وێنەیەی سەرەوە بکەین ئێمە لە بەردەم دوو دیمەنی تایبەتین، دیمەنێکی وەستاو و دیمەنێکی جووڵاو شتەکان لە جووڵەن (خوا و مرۆڤ و باز) دێنە دەرێ و هەڵدەفڕن و ڕێ دەکەن، وەستاوەکانیش (کتێب و زەوی و ئاسمان)ن. ئەگەر ئەمانە لە چاوێکی نمایشییەوە تەماشا بکرێن، ئاماژەن بۆ پێکهێنان و بڕینەوەی ئەو پێوەندییانەی کە شیعرییەتی سرووش دەیەوێ خۆی ئاوێتە بکات، لەگەڵ مەبەستە گشتییەکاندا.

ئەگەر شیعر شێوەیەک بۆ نمایشکردن و پێشکێشکردنی دیمەنەکان، بەڵام ئەو هەستە بەدی دەکرێ کە سرووش کۆمەڵێ بابەتی پچڕاوی پێوەستدارن، بۆشاییەکانی نێوان ئەو پارچە و دیمەنانە خوێنەر پڕیان دەکاتەوە، (ڕۆلان بارت) وتەنی: وشە لەناو شیعری سرووشدا تەنیا ئاماژەیە، بەڵام بە هاوپەیمانی لەگەڵ وشە و ڕستەکان لەگەڵ یەکتریدا شیعرییەتمان دەست دەکەوێ.

سرووش نایەوێ ببێتە تێکستێک بۆ مانای ڕووت، ئەگەر ئەو ئەرکە ئەنجام بدات ئەوە ئەرکی شیعرییەتی خۆی لە دەست دەدات، جوانکارییەکانی شیعر لە شیعرییەتدایە نەک لە مانا، زۆربەی نسکۆ و تێکشکانی شیعری بەرگری و ئایدیۆلۆژی لەوەدایە کە خۆئامادەکردنێک لە پشتەوەی ماناکانەوەیە، خۆ ئامادەکردنێک پاڵ بە شتەکانەوە دەنێ، ئەم خۆئامادەکردنانە ئەو پێوەندییانە دەشێوێنن کە وشەکان دەیانەوێ لە نێوان خۆیاندا دای مەزرێنن.

## لینــزی شیعری

دەبێ ئەوەش بوترێ کـــە تەمـــاشـــاکـــردن بەچاوی لینــــزی بۆ دیمەن و بەسەرهاتەکان، سەرەتاکەی لەناو شیعری کوردی بۆ شیعری کلاسیکی دەگەڕێتەوە، واتە شیعری کوردی تەنیا چاوێک نەبووە، کە لینــــزی بەکار هێنابێ بۆ وردبوونەوە لە دیمەن و شتەکان، بگرە شیعری جیهانی و بەتایبەت شیعری فەرەنسی لەم بوارەدا گەلێ نموونەی زیندووی تێدایە، هەر لە (شارل بۆدلێرەوە تا پۆل ڤێرلێن) دەیان گەورەکردنەوەی دیمەنە وردەکان بەدی دەکرێن، لە (گوڵی خراپە) ئەم نموونانە بەزەقی و جوانی دەردەکەون، بەو ئاســتـــەی کـە زۆربەی دیمەنەکـان لە بەردەمماندا بە ســانایی دەبینرێ و پێویستمان بەوە نابێ لەدەست نابینایی و چاوکزی بناڵێنین، نەخێر، هەروەها لەلای (ئارتور رامبۆ)ش ئەم حەقیقەتانە گەورەتر دەبێتەوە، لە شیعری کلاسیکی کوردی نموونەی ئەم شێوە لیـــنـــزانە زۆرن، کە بەپێی چاوی تایبەت ناڕواندرێتە دیمەنەکان، بگرە بەپێی بیرکردنەوەی تایبەت لە هەموو ئەو وردەکاریانەی کە پێوەستن بە هێز و توانای تێڕوانینی دیمەنەکان. کاتێ وردەکارییەکانی شیعری کلاسیکی دەخەینە ژێر وردبینەوە و بەشێوەیەکی قووڵ تێی دەڕوانین، دەتوانین ئەو ساتانەی تێدا ببینین کە ساتی وردی بیرکردنەوە و تێڕوانین و ڕامان و ژیانن، لە ناویاندا وردەکارییەکانی هەست و تێڕامان دەبینین. ئەم دەردی وردبینینە بە درێژایی سەقاڵبوونی شیعر بە هەستەکانی بیری ئەشق و ئاین و تەسەوف و مەرگ بەردەوام بووە، چاوەکانی ئەوان، بەڕاســتی لینـــزی وردکەرەوە و پشکنین بووە، بڕوانە ئەم لینـــزەی (نـــالـــی) مەزن، چۆن مەزنی بە شیعر دەبەخشێ:

(ڕۆژ ســەری کــوڵمــتــە ڕووناکـــی نـــووری بەصـــەرم
شـــەو خـــەمی زوڵـفـتـە تاریکیـــی طولی ئەمـــەلــــــم

یان دەڵێ:

له دوگـمـەی سـینە دوێنـێ نوێژی شـێـوان
بـەیانـی دا سـفـیـدەی باخـی سـێـوان
لە خـەوفـی تەلعـەتی ڕۆژ هـەروەکـو شـێت
بـە ڕووزەردی هەڵات و کـەوتە کـێـوان)

ئەمەی سەرەوە نموونەیەک بوو لە وردەکاری و لینـزەکانی شیعری کلاسیکی، ئەو نموونەیە هەر خـۆی شـایەدی لەسـەر توانای چاو و بینینی وردی شاعیرانەی ئەو سەردەمە دەدەن.

وەسفکردن بەشێکە لە باڵای شیعر، وەسفکردن ئاوڕدانەوەیە لە هەموو ئەو هەستانەی کە شیعر دەیەوێ ماناکان لە دیوی خۆیەوە ببینێ، کاتێ کە بیری شیعری لە بازنەی خۆیدا دەسووڕێتەوە، تایبەتمەندییەکە دەکرێ تەنیا بە زمانی شیعر دایەلۆگی لەگەڵدا بکرێ، زۆربەی زۆری گرفتەکانی زمان لەوەدایە کە تۆ چۆن دەڕوانیتە واژەیەک و کەسێکی تر چۆن دەڕوانێ، ئەم مەسەلەیەش لە سیمیۆلۆجیادا پێی دەوترێ پێوەندیی نێوان دال و مەدلوول، ئەگەر ڕۆژ دال بێ بۆ ڕووناکی، گەرمی، ڕۆژ و سـاڵ و مـانگ، ئەوا مەدلوولەکانیشی بەپێی کەسێک بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، ڕەنگە لە مانای واقیعی خۆی لادا و ببێتە شتێکی ئێجگار جیاواز، دەکرێ ڕۆژ ببێ بە ئازادی بە کۆچ، بە هیوا، و.. هتد. لێرەدا مەدلوولەکان بەپێی پێوەندییەکانیان دەگۆڕێن، ئەم ئەرکە لەناو بنیاتی شیعریدا گەلێک بە زەقی دەبینرێ، بەڵام ئەوەی کە گرینگە پێوەندی نییە لە نێوان دال و مەدلوول و وردبوونەوە نییە لە ناکۆکی و دژەکان و لێکدانەوەی دوولایەنەی بنیاتگەریانە نییە، بگرە ڕوانینە بە چاوێکی لینـزی بۆ وشە و ڕستە و برگەکان، لێرەدا ماناکە ئەوە نییە کە ئێمە بێین یەک بە یەکی وشەکان بە چاوی لینـزی شیعری گەورە بکەینەوە و لێی بڕوانین، بەڵکو مەبەستەکە چۆنیەتی گەڕانە بە چاوی لینـزی بە دوای وشە و مانا شاراوەکان.

چاوی لینـزی لە کتێبی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)دا چاوێکە بەردەوام

دەگەڕێ و لەم دیمەنەوە بۆ ئەو دیمەن بازمان پێ دەدا و جار جارێ لە ئاستی دیمەنەکان دەوەستێ و بە زوم ئین بەرەو ناخ پەلکێشمان دەکات، ئەم سەخڵەتە لە زۆربەی زۆری بەشەکانی ناو ئەم کتێبەدا دەبینرێ، سیمایەکە لە سیمایەکانی ناباوی شیعری، واتە شیعر جەستەیەکە بەسەر یەک ڕێگەدا دەڕوا. پاشان وەک گیانلەبەرێ دەبێ بە چەندین جەستە، هەر جەستەیەکیش ڕێگەیەک دەگرێتە بەر، چاوێک دەبینین لە شەوەزەنگی تەنیاییدا بە دوای شتە ونەکاندا دەگەڕێ، لە پڕ دەبێتە دەیان چاو و لە هەموو کون کەلەبەرێکدا بەدوای پرسیاردا دەگەڕێ، شیعر ئەگەر لێرەدا پرسیار بێ لەسەر تەنیایی ئەوا لێرەدا پرسیارە لەربارەی گەڕان بە دوای تەنیاییدا:

(بازیش هێز و هۆش دەگەیەنێتە گەڵا

دەبێتە هونەرمەند وێنەی ئەو لکانە دەکێشێ دەکرێنە زەمبیلە و سەبەتە

دەشتاییی ڕووت و ئاسمانی نائومێد دەبن بە نێچیری لاواز

ڕووباری کەنار پڕ مرواری و ماسیگرە

باوەشی دەکاتەوە جگەرگۆشەکانی دەژمێرێت

سێبەری بەسەر بەرد و درەختە ئارەزوو بەرزەکان درێژ دەبووەوە)

لەم کۆپلەیەدا میکانیزمی شیعری لە پنتێکدایە کە چاوێک هەیە و بەرانبەری دیمەنەکان ڕوو دەدەن، ئەم ڕووداوانە لەناو عەقڵی لینزیدا جار جار گەورە دەبن و جار جار دوور دەکەونەوە، بەجۆرێک خۆمان لە بەردەم دیمەنێک لە دروستبوون و ژیان و دووبارەبوونەوە دەبینین. پێش ئەم کۆپلەیە و دوای ئەم کۆپلەیەش پێوەندییەکان بۆ شێوەیەک لە گۆڕانی ئەرک دەگۆڕێن، بەڵام لینزەکان هەموو شتەکان بە گەورەیی دەبینن، ئەم لینزە تەنیا دیمەنەکان گەورە ناکاتەوە، بگرە وریا و چالاکە بە تێکەڵکردنی ئەو دیمەنانەی لە چوارچێوەی بازنەی گەورەکردنەوەکەدان.

باز دەبینرێ کــە شــتــێکی مــەعنەوی بە گــەڵا دەبەخــشــێ، لەولاشـــەوە هونەرمـەندێ خـەریکی کـارێکی هونەرییـە، لەلایەکی ترەوە شـتێک ڕوو دەدات گـۆڕانی سـروشـتـییـە و تێکەڵ بە فـەنتـازیا دەبێ، لەولاشـەوە دیسـان بە مـرۆڤـبـوونی ڕووبار دەبینـین دەبێتـە باوەشێکی پڕ سـۆز و ئەمـەک.... هتـد. هەمـوو ئەمـانە لە چاوی ئەو لینـزەوە دەبینرێ کە هەندێ جار وێنەکان گەورە دەکــاتـەوە، هەندێ جــار وێنە دەگــرێ، لە هەنـدێ جــێگەی تریش دەبێــتــە مـــایکرۆسکۆبێک و ناخ و ڕۆح و خـــەیـاڵ دەخـــوێنێــتـــەوە. چاوی لینــزی (سـرووش)، بەشـە بە بەشی بـە ناو چوار مـەودای گـرینگدا قـووڵ دەبێـتـەوە، یەکـەم: مــەودای ناخ، دووەم: خـەیاڵ، سـێـیـەم: سـروشـت، چوارەم: ئەودیوی وێنەکان، مەودایی ئاسایی سێ مەودایی مرۆڤیش دەخوێنێتەوە:

(خەونم لە تۆدا کەسە دوورەکانی بینی
قسەم لە تۆدا بووە گۆرانی
هەنگاوم لە تۆدا جۆگەلەی دەرەوەی پەرژینی هێنا ناو ڕەز)

ئەگەر بە لینـزی ڕوانین تەمـاشـای ئەم کۆپلە بچووکە بکەین، مەودای ناخ و خەیاڵ لێرەدا بەرجەستەبوون، تێکستە، یان زمانی تێکستە لە (من)ەوە دەست پێ دەکـات بۆ (تۆ) و دوا جار لای (ئەوان) دەنیشـێتـەوە، ئەمـە جـووڵەی سێ مەودایی شـیعرییـەتی (خـەونە کـاتێ خۆی دەگێڕێتـەوە)، واتە خـەون و قسـە و هەنگاو هی (من)ە، لە (تۆ)دا. واتە لەلایەک کەسی دووەم دەبێ بە کەسی دوور و گۆرانی و جووڵە، ئەمـەش نیشـتنەوە لای (ئەوان). ئەم شـێوە سێ ئامـراز و سێ مـەودایە زمـانی زاڵە لە سـەرتاپای شـیـعری (سـەباح ڕەنجـدەر). لینـز لێرەدا بە چاوی کەس شتەکان نابینێ، بگرە خۆیەتی خەون و قسە و هەنگاوی ئەوە لە بەرانبـــەریدا شــــتــــەکـــانی (ئەو) دەبینـێ. هـەر بـۆیە دەبینـین بەرجـەسـتەبوونی ناخ لەو شـتانەن کە لە هەسـتکردن بە کەسی دەرەوەی خوا بەرجەستە دەبێ.

هەروەها جـوولەیەک بەدی دەکـەین، بەم شـێـوەیە دەست پـێ دەکـات لە خـەونەوە بۆ قسـە. پاشـان بۆ هەنگاو، واتە خـەون ئەو مـەودا قـوولەی هەسـتی شـاعـیـرە تەنیـا لە حـاڵەتی قسـەدا دەردەکـەوێ چـی بووە و چی ڕووی داوە، پاشان دەبێتە کردار، کە ئەویش ئەنجامدانی کاری هەنگاو هەڵهێنانە.

مـەودای سـروشت و ئەدیوی وێنەکـانیش دیسـانەوە، وەک شـێـوەیەک لە بەمرۆڤبوون ئامادە دەبن بۆ ئەنجامـدانی ئەرکەکانی سـەرشـانیان، زمـان لای شـاعیر زمانی یاخیبـوون و دووبارە تێکشکانی بنیـاتە باوەکانی سروشـتە، ڕووبار لای ئەو ڕێ ناکات، بگرە پشـتی زەوی دەخـورێنێ، ئاسـمـان هەروا لەو بەرزییـەوە تەوز بە مـرۆڤ ناکات، بگرە باوەش بە سـینگمـاندا دەکات، هەرچی شتە سروشـتییەکان هەن لەودیوی وێنەی ڕووداوەکانەوە فرمانی خۆیان بەجێ دەگەیەنن:

(ساماڵە و جۆگەڵە خامۆشەکانی ناو دارستانی سنەوبەر
پەنجەیان خستووەتە ناو پەنجەی تریفەی شەیدا
کۆڕنیشی سەر دارستان چپەیەکی مەردانەی دا بەگوێیان
ئاگری نەجیبزادە لە چارەنووس هەڵنەهات
هەور بیر دەکاتەوە و سەرەڕۆ دەڕوا
یان بەدوای دەنگی کێڵگەیەکەوە دەچێ)

تەنیـا ئەوەی لێرەدا مـەبەسـتـە مـامـەڵەکـردنە لەگـەڵ مـەودا سـروشـتـیـیـەکان بەشێوەی ئەرکبەخشین بە سـروشت کە ئەمـەش هەر هەمـوو لە چاوی لینـزی شـیـعـرییـەوە بە گـوێگر دەگـات، وەرگـر لە بەردەم وێنەیەکـە نەک تەنیـا دەیخـوێنێـتـەوە، بگرە دەشـبـینێ و چاوی ناوە بە دووربینەوە و لە ڕێگەی نزیککردنەوەی وێنەکانی ناخـەوە هەمـوو ئەو سـامـاڵ و جـۆگەلانە دەبینـێ کە پەنجەیان خستووەتە ناو پەنجـەی تریفەی شەیدا، یان چرپەکان بە چاو دەبینن کە چۆن لە پەناگوێی ئەواندا چرپەی خۆی بە گوێیان دەدا.

چاوی لینــزی ئەم شــیــعــرە تەنیــا لە مـــەودای وێنەگــرتن و گــەورە و بچـووککردنەوەدا ناوەسـتێ، بەڵکو وێنەکانمان جـارێک بۆ گەورە دەکـاتەوە و جارێکیش بچووک، لەمەش بترازێ بیرگەی ئەو لینــزە لە ناخی خۆیدا هەندێ یادگاری تۆمار دەکات، ئەو یادگارییانە دەبنە سەرەتای دەسپێکردنی مێژووی هەڵکۆڵینـی شـیـعرەکە، کە ئەمـەش تـەنیـا بەوە دەردەکەوێ کە بتـوانرێ بە ناو چینەکـانی ئەو بیـرگـەیەدا شـۆڕبینەوە، کـتێـبـێک هەیە کـە ئێـمـە دێنێ، لەودا خەونەکانی کەسە دوورەکان دەبینێ، خەون تەنیا بـە چاوی ورد و بیرگە نەبێت کەسە دوورەکان نابینێ:

(کتێبی چی ئێمەی هێنا
خەونم لە تۆدا کەسە دوورەکانی بینی
قسەک لە تۆدا بووە گۆرانی
هەنگاوم لە تۆدا جۆگەلەی دەرەوەی پەرژینی هێنا ناو ڕەز
ئالأم لە تۆدا ئارمی ڕۆژی چاپ کرد)

ئەگـەر سـەرتاپای شـیـعـرەکە وەک نهـێنییـەک تەمـاشـا بکەین، ئەوە لە ناخی یادگــارییــەکــانی لیــــنــــزی ئەم شــیــعــرەدا کــۆمـــەڵێ نهـێنی هـەن بەردەوام دەگەڕێینەوە سـەری، ئـەوانەش لە دوو شـێـوەدان، یەکـەمیـان ڕوحن و ئەوانی تریش هەست و سـۆزو یادگـارن. بازو ئەسپ و شـاعیـر لەلایەک و لەولاشـەوە کتێب و خەون و ماتەریاڵ.

قسـەکردن لەسـەر سەرتاپای ئەم شیعرە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو کارێکی سەختە، زۆربەی بەش و بڕگەکانی ئەم شیـعرە بریتین لە بەسـەرهاتێک بە دوو گـەڕانەوە دەست پێ دەکـەنەوە، ئـەویش گەڕانـەوەیە بۆ لای نووسـەری هەمـوو ژیان و کتێب و باز، کەواتە سێ کوچکەی (مرۆڤ و کتێب و گیـاندار) سووڕی ئەم شیعرە تەواو دەکات.

وردەکارییـەکان تەنیـا ئەوە نین کە گێـڕانەوەی زمـان بن، بگرە وردبینی لە

نێوان وشەکانیشدا دەردەکەوێ، وردبینی لە هەڵبژاردنی جۆرەکاندا، گیانلەبەران، ماتەریاڵ، وەرز و سەردەم. هەر هەموویان ئاماژەن بەوەی کە چاوتیژی شاعیر چاوتیژی هەڵبژاردنی وردەکارییەکانی ژیانە، بۆیە ئەوەی ئەو دەیبینێ چاوی ئاسایی نایبینێ ئەوەی ئەو تێبینی دەکات لەگەڵ ئەو زمانانەی کە باس لە ژیان دەکەن جیاوازی هەیە، باس لە بەشەکانی ژیان دەکەن، هەندی لەو نموونانە، دەتوانین لەم چەند کۆپلانەدا بەرجەستەی بکەین:

(باڵی بۆنخۆشی یەک بازن
ڕووباری کەنار پڕ مرواری
سەدەف گەرمایی دەداتە پێیەکانی
یاقووت گەرمایی دەداتە پێیەکانی
ئەڵماس گەرمایی دەداتە پێیەکانی
ئاسن دەمارەکانی لە خوێن ڕایان کردووە
تاسەی لووتکە
ڕازی لووتکە
وێڵی لووتکە
مەستی لووتکە)

ئەمانەی سەرەوە ئەو شتانەن کە ئێمە تەنیا دەبێ بەچاوی لینــزی بیانبینین، لەبەرئەوەی هیچ چاوێک نییە بتوانێ بۆنخۆشی باڵ و گەرمایی سەدەف و ئەڵماس و یاقووت ببینێ، بزانین تاسە و ڕاز و وێڵی لووتکە چۆنە. ئەمە سنووربەزاندنی شاعیرە لە بینینی شتەکان، نەک تەنیا چاوی بازی هەیە، بگرە لە بازەکەی خۆشی چاوتیژترە و زیاتر دەچێتە ناو خەیالات و بۆن و بەرامی شتە سروشتی و ناسروشتیەکان، هەندێ لە دێرە شیعرییەکانی ئەم قەسیدەیە کە باس لە وردەکارییەکانی بۆن و هەست و بینین و بەرکەوتن دەکەن. هێز و توانای لە ڕادەبەدەرم بەبیر دەهێننەوە، کاتێ شاعیر لە

سێبەری وڵاتدا بزر دەبێ، ئەو کاتە بەهای سێبەر دەزانێ، کاتێ حەز لە تامی بەرد دەکات چێژی سێو و بادەمی تێدا دەدۆزێتەوە. نەک ئەمەش سنووری مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ شتە وردەکاندا، جۆرێک لە ناباوی بە شیعرەکانی بەخشیووە، نەوەستانی ئەو لە سنووری یەک مەودایی شتی وای کردووە کە گشتگیری پشکنین و گشتگیری مەوداکانی بەرزی و نزمی و کێو و نشێو و دەشت و ساراکان بەرفراوان بن.

جار جار ئەو لە سنووری سروشتیش دەچێتە دەرێ و مامەڵەی وردەکاری لەگەڵ ماتەریاڵەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە: (لە سپیاتیی کاغەز ژیان بەسەردەبا) و (حاڵیشە لە جادووی تاریکی) لای ئەم (جادوویانەی تایبەتییە و دەشزانێ سیسبوونی خونچە دڵتەنگی خوایە).

ئەگەر ئەوەندە لە نهێنییەکانی سروشت و دەوروبەری خۆشی دەرچین، بەرەو وردەکارییەکان دەڕۆین کە ئەویش گەردوونە، ئەو تەنیا ئەوە نابینێ، بگرە تێکچوونی گەردوون و سیسبوونی خونچەکان دەبینێ:

(نووسەری هەموو ژیان
گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی ڕەش کردووە
حاڵیشە لە جادووی تاریکی
تاریکی یانەی تایبەتییە
دەشزانێ سیسبوونی خونچە دڵتەنگیی خوایە
دڵتەنگیی خوا زەنگی کەوتنی تەواوی زەوییە)

پاش ئەوەی لەو هەموو شتە دیارانە ورد دەبێتەوە، پاش ئەوەی نهێنی هەموو سروشت و حاڵەتەکانی سروشت دەپێکێ، لە بەردەم ئاوێنەی حاڵەتەکانی خۆیدا دەوەستێ. ئەم جارە ڕووی لینــــــزەکەی دەکاتە ناخ و شۆڕ دەبێتەوە، هەرچەند ئەم شۆڕبوونەوەیە هەروا بە ئاسانی ڕوو نادات، ئەو ڕوانینەی بۆ دەوروبەر و دەرەوەی خۆیین، هێز و وزەیەکی تایبەتی دەوێ، بەڵام ڕوانین و

گەڕانەوە بۆ ناخ، هەوڵێکە بۆ ناسینەوەی حەقیقەتی ناخ، ڕاستییەکانی ویژدان و تێڕامان و تێفکرین، هەوڵە بۆ تێکشکاندنی سنووری نێوان ناخ و دەرەوە، لە جوانترین کۆپلەدا بەرجەستەی ئەم ڕاستییە کراوە:

(باز لە گەرمایی ئاگری پیس نەبوو فامی کرد بۆنی ڕیای لە دەنووکی سڕی

پڕە لە سۆز بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە
پڕە لە بێگەرد بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە
پڕە لە بەندەناس بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە
پڕە لە جەربەزە بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە)

ئەگەر لیـنـزی ئەم شیعرە هەوڵێک بێ بۆ وردکردنەوەی پێویستییەکانی بیر و داهێنانی شیعری. ئەوە هەوڵیشە بۆ وردبوونەوە لە جەستەی شیعر، هەوڵە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماڵی ڕوح و ماڵی گیان.

## نەفیکردن و دژە نەفی

پێ دەچێ ئەو دژانەی لە بەرانبەر ڕەتکردنەوەکاندا قووت دەبنەوە، زۆرجار دووبارە ببنەوە، دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتە، زیاتر پێوەستە بە بنیاتی شیعرەکەوە، پێوەستە بەشێوەی گێڕانەوەی شیعری و ڕیتم و شەپۆلی هەڵچوونی ئەو وێنانەی کە گەورە و بچووک دەبنەوە، نەک ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو وێنانەی لەم ناوەندەدا دەردەکەون، پێوەستن بە پێداگرتن و ڕەتکردنەوە و هەڵگەڕاندنەوە و ڕاستکردنەوەی وێنەکان، بڕێکی زۆر لەو وێنانەی لەم ئاستەدا دەیانبینین لە ناوەندی شیعرەکەوە دەست پێ دەکەن و

بەپێی بنیاتی ستوونی هەنگاو هەڵدەهێنن. پێشکێشکردنی وێنەیەک، یان بەسەرهاتێک بەو شێوەی کە شاعیر مەبەستێتی، یان دەربڕینێکی واقیعانەیە لەربارەی ژیان، پاشان لە هەمان ساتدا پێشکێشکردنی دژە وێنەیەک وێنای حاڵەتێکی تەواو پێچەوانەی ئەوەی یەکەم. پێم وایە ئەم بنیاتە کاریگەرییەکە کەم تا زۆر بنیاتێکە سەرچاوەکەی لە شیعری کلاسیکییەوە وەرگیراوە، بەڵام لە شێوەی بنیات و مەودایەکی مۆدێرنترەوە. لە قەسیدەی (سرووش) لە چەندین بڕگەدا ڕووبەڕووی ئەم شێوە نەفیکردنە دەبینەوە:

(دوو بازی وشیار و دڵسۆز
بەسەر دەرگەی دیواری نووسراو
ماتی و بێدەنگییان دروست کرد
چیم نەپرسی)

لێرەدا ساتێک ڕادەوەستێ و پاشان دەگەڕێتەوە سەر هەمان وەسف. هەمان دیمەن و هەمان کاراکتەر، بەڵام تەواو پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە:

(دوو بازی وشیار و دڵسۆز
بەسەر دەرگای دیواری نووسراو
ماتی و بێدەنگییان شکاند
چییان نەپرسی)

ئەگەر لە بڕگەی دووەم بڕوانین، ئەم جارە هەر ئەوان شتێک تێک دەدەن و خۆشیان هیچ ناپرسن تەواو پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە شتێک دروست دەکەن کە ئەویش ماتی و بێدەنگییە، بەڵام هیچ ناپرسن. لەم بڕگەیەدا سەرەڕای ئەو نەفیکردنەی سەرەوە، شێوەیەکی تر لە نەفیکردن هەیە، کە پێی دەوترێ نەفیکردنی ناوکۆیی، کاتێ مرۆڤ مات و بێدەنگی دەشکێنێ، دەست بە ورتە و قسە و دەربڕین دەکات، کاتێ لە بڕگەی دووەم ماتی و بێدەنگی تێک دەشکێ

لە جیاتی ئەو بێدەنگییەکی سەرتاپاگیر دێتە کایەوە، ئەمەش هەوڵێکە سرووش دەیەوێ پێمان بڵێ، هەموو تێکشکانی شتێک مانای دروستبوونی شتەکەی تر نییە، تێکشکانی گریان. مانای پێکەنین و نەمانی ماتی. مانای ورتە و نەمانی تەنیایی. مانای تێکەڵبوون نییە. هەر لەسەر هەمان ڕیتم و هارمۆنی سرووش لە چەند جێگەیەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو شێوە نەفیکردن و هەڵگەڕاندنەوەیە:

(ڕێزێکم بۆ ئەسپ دانا
ئەسپ بەکەلکێشی دەوڵەمەندە
کێ ئاوی دایە ئەو ئەسپە
لەخۆبایی کرد
کێ ئەو ئەسپەی لە ئاو ڕەواندەوە
دڵشکاوی کرد)

ئاودان و لە ئاو ڕەواندنەوە دوو حاڵەتی دژ بەیەکن، کارەکتەری ئەم ئاوە ئەسپە، جارێ تینووە. جارێ تێر ئاوە، جارێ تەوژمی تینوێتی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و جارجاریش بەرەو دنیای تەنیایی دەبات، سەرەڕای هەموو ئەمانەش لە نێوان دوو کەوانەی بوون و بێدەنگیدا دێت و دەڕوا، لەم دژایەتییەدا جۆگەلەیەکی مەودا کورت و ڕوح تێری ناو دێری شیعرەکان چیرۆکی تەنیایی ئەم ژیانە دەگێڕێتەوە. تەنیا لەو سنوورە ناوەستێ، بگرە لە بازەوە بۆ ئەسپمان دەبات، لە ئەسپەوە بۆ ئاو لە ئاویشەوە بۆ ڕۆشنایی ماڵەکان، ئەم تەوژمی دژایەتی و نەفیکردنە سروشتێکی ڕوحی شیعرەکەیە، دەربڕینی شێوەکانی ژیان و بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤانەیە، کە شاعیر ڕووبەرێکی فراوانی شیعرەکەی بۆ تەرخان کردووە، شێوەی بینینی مرۆڤ و ڕووداوە بێ مێژووەکانە، ئەو بوونەوەرانەی بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و هەستکردندان بە ونبوونی ناسنامە و ونبوونی جوگرافیا و دوودڵی لە نێوان ئەمەکداری و بێ ئەمەکیدا:

(ڕۆشنایی لە ماڵەکاندا
ڕەنگ و ڕووی منداڵەکانی کردووەتەوە
خوا ئەی هەمیشە دڵگەرم
هەمیشە دڵنەرم
هەمیشە سادە
تاریکی لە دارستانەکاندا ڕەنگ و ڕووی ئاسکەکانی هەڵبزرکاندووە)

بڕوانە لەم وردەکارییانەی کە دەیبینین، شیعر هەوڵی ئەوە دەدا تێبینی و وردەکارییەکانی وشە بەڕاستی بەکار بێنێ، ئەگەر ئێمە لە یەکەم ڕوانینماندا بۆ ئەم قەسیدەیە، بڕیارێکی سەرپێی بدەین، ئەوە دەڵێین ئەم زمانە بۆ ئەوەندە تێکشکاوانە شیعر دەڵێ، بەڵام کاتێ وەک مەلەوانێکی بن دەریا بە خۆمان و ئامێرەکانی هەناسەدان گەڕانی ورد بەناو ئەستێرەماسی و پەپوولەماسی و سەرەبچووکەکانی کەناڵەکاندا دەکەین و لە ڕوح و زمانی دەریای شیعرەکە ورد دەبینەوە، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ لە ناو چ زمانێکی پڕ زاراوە و ڕەسەندا مەلەدەکەین. هەروەک چۆن دەربڕینە شیعرییەکان سەرسامان دەکەن، چۆن نەفیکردنەکان ئەمبەر و ئەوبەرمان پێ دەکەن، هەرواش زمانی سرووش لەناو گێژاوی گەمەی زمانەوانیدا دەمانهەژێنێ.

جارێکی تر لەبەر ڕۆشناییدا تووشی تاریکی ئەو نەفیکردنانە دەبینەوە کە شیعر لەگەڵ خۆیدا باری کردووە. لەو کۆپلەیەی سەرەوە، دوو سیما لە بەردەمماندان، دوو سیمای پڕ پاکیزەیی و پاراوی، دوو سیما شاعیر لێرەدا لەگەڵ دوو شتدا بەراوردیان دەکات لە خۆیان پاکیزەترن (منداڵ) و (ئاسک) سیمبولن بۆ پاکی و بێگەردی و وردبینی لە بەرانبەریشدا ڕۆشنایی و دارستان، یەکێکیان دارستانە کە پڕ بووە لە تاریکی و ڕووی پاکیزەیی ئاسکۆڵەکان هەڵدەبزرکێنێ، ئەوی تریان ڕێک بە پێچەوانەوە ڕووناکییە و ڕووی ئەو منداڵانە جوانتر دەکات کە خۆیان جوانترن. لێرەدا سیمبۆلی

تەماشاکردن پێوەندییەکە لە نێوان چاو و ڕوانین، یەکێکیان بینینە کە ئاماژەیە بە خۆشی و کراوەیی و دڵفراوانی، ئەوی تریان تاریکییە کە ئاماژەیە بە کوێری و نابینایی و ڕەشبینی و خەم. لە یەک جیهاندا دوو پاکیزە منداڵ و ئاسک جارێ جوانن و گەشن، جارێکیش پڕن لە ئازار و نەهامەتی.

بەردەوام لە پێکهاتەی ئەم شیعرەدا ئەو وردەکاریانەی نەفیکردن بەدی دەکەین، پێم وایە شیعرەکە بەو بنیاتەوە جوانە کاتێ بەراوردکارییەک بە ئەنجام دەگەیەنێت لە نێوان هەردوو دیوی شتەکان، جارێ لە نێوان شەنگی و دزێویدا، جارێکیش لە نێوان دوو شتی جوان و دوو شتی دزێودا، بەراوردکاری لای شاعیر ئاماژە نییە بۆ دوو نموونە ناچوون یەک بە ئەندازەی ئەوەی ئاماژەیە بە بەراوردکاری نێوان دوو حاڵەت، دوو حاڵەت کە ڕوحی شیعر ئاسایی خەونەکان بەو شێوەیە دەگێڕنەوە.

هەر لەو سنوورەشدا ناوەستێ، لە نێوان مەملەکەتی وشەکانیدا ئەو کونجانە بنیاتدەنێ کە داڵدەی بێ خانووە کەسادەکان دەدا و وەسفی ئەو ئاسمانە جوانە دەکات کە لەبەر دووکەڵ و قەرەباڵغی ژیان لێڵ بووە:

(دوو کتێبەوان کوڕە گەورەی ئاسمان و زەوی یان ئا و نا
لە ژوورێکی لاکەوتە ئێمەیان دۆزییەوە
بە لێوی وشک و قاقای لە خۆڕازیبوونەوە هاواریان بەسەردا کردین)

لێرەدا نەفیکردنەکە لە نێوان یەک دیمەن و دوو کارەکتەرە، کە ئەوانیش دوو ئەفسانەن، دوو کوڕی گەورەن، بەڵام دوودڵی لەوەدایە ئاخۆ ئەوان کوڕی گەورەی ئاسمانن، یان کوڕی گەورەی ئاسمان نین، کە ئەمەش بۆ خۆی دووبارەکردنەوەی ئەو پرسیارەیە کە بەردەوام مێژوو، ئاین، ئەفسانەکان کردوویانە، ئەم نەفیکردنەی لێرەدا دەیبینین، تەواو پێچەوانەی ئەوانی ترە، لێرەدا نەفیکردنەکە لە نێوان چەند دیمەنێک، یان چەند ڕووداوێک نییە، ڕەفزکردن و قبووڵکردنی یەک حاڵەتە کە ئەویش بەکوڕبوونی دوو کتێبەوانە بەکوڕبوونی ئاسمان، یان زەوی. لێرەدا گومان زاڵە، ئەگەر لە بەشەکانی تردا

یەقین و دڵنیـایـی لە بەراوردکـردنەکـاندا هەبووبێ ئـەوا لێـرەدا گـومـان باڵی بەسـەر ڕووداوەکـەدا کـێـشـاوە، گـومـانەکـەی ئێـرە لە گـومـانی (هـاملێـتی و دیکارتی) دەچێ، ڕەنگبێ شاعیر بێ ئەوەی ئاگەداری ئەو حاڵەتە بێ لە نێوان شێوەیەک لە گومانی سۆفیگەریدا ئەم پرسیارە دەکات.

جۆرێکی تر لە شـێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دژایەتییـەی کە لە شیعری (سرووش)دا دەبینرێ، ئەو شێوەی کە ئێمە بەردەوام ڕووبەڕووی ناچوونییەکی دیمەنەکان دەبینەوە، تفەنگ و گوللە، دوو زاراوەن شانبەشانی یەک هەن، بەڵام شـاعیر وا نایانبینێ، ئەو لێرەدا گوللـە بە تاوانبار دەزانێ و تفەنگ بە ئاشق، وا لە وەرگـر دەکـات، بەگـومـان بێ لەوەی کـە لێـرەدا شـیـعـر بـۆ دەیەوێ ئەم بەراوردکارییە بکات، بۆ دەیەوێ بمانکاتە بەرگێک و لەناو دنیای ئەمڕۆ ڕامان گرێ. تفـەنگ و مـایکرۆفـۆن دوو سـەرچاوەن بۆ یەک سـیـمبـۆل، هەردووکـیـان هەڕەشـە و ترس پەخش دەکـەنەوە، هـەردووکـیـان مـردن دەچێـنن، هەڕەشـەی کوشـتن، کوشـتنی جەسـتە و ڕوح لای تفـەنگ و کوشـتنی هەست و ویژدان لای مـایکرۆفـۆن. تفـەنگ جـارێ بە دەسـتی جـەلادەوەیە و جـارێک لە دەسـتی شـۆڕشگێـڕ، جـارێک ڕاوی گـورگ دەکـات و هەندێ جـاریش ئاسکۆڵەکـان خـەڵتانی خـوێن دەکان. مایکرۆفۆن هەرجارەی لە بەردەستی یەکێکە، جارێ هەست دەژێنێتەوە. وەکو کۆتریش برێک کات خۆشـەویستی لە وێنەی وشـەدا دادەبارێنێ بەسـەر هەست و ڕوحـە نسـرم ئاسـاکـان. بەم جـۆرە نازانین لە چ سـێـبـەرێکدا باس لەم بەراوردکـارییـە بکەین، تـەنیـا ئەوەندە دەڵێم ئـەمـە نەفیکردنێکە لووله لووله ڕەت دەکاتەوە.

هەر لە گۆشەی ئەم بەراوردکارییە چاومان بە چەندین وێنەی تر دەکەوێ کە لێـرەدا دەمـەوێ ئـەو نموونانەش وەک شـێـوەیـەک لە مـامـەڵەکـردنی شـاعـیـر بیانخەمە ڕوو. گۆڕانکاری لە دژایەتییەکان شێوەی جۆراوجۆر دەگرنە خۆیان، دژایەتیکردنی جـەسـتـەخـوازی، دژایەتیکردنی کـیـمـیـاگـەری، دژایەتیکردنی هاوکێشەیی و ململانێ و..... هتد:

(نووسەری هەموو ژیان
گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی زەرد کردووە
حاڵیشە لە میهرەبانی ڕووناکی
ڕووناکی یانەی تایبەتییە
دەشزانێ گەشانەوەی خونچە دڵخۆشیی خوایە
دڵخۆشی خوا مۆسیقای ڕاپەڕینی تەواوی زەوییە
مۆسیقا دەنگی ژیان بەگوێی
ئاسمان
برادەرایەتی
ئادەم
دەگەیەنێ
پێویستە ئێمە ئا یەک بڵێین

***

نووسەری هەموو ژیان
گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی ڕەش کردووە
حاڵیشە لە جادووی تاریکی
تاریکی یانەی تایبەتییە
دەشزانێ سیسبوونی خونچە دڵتەنگیی خوایە
دڵتەنگیی خوا زەنگی کەوتنی تەواوی زەوییە
زەنگ دەنگی مەرگ بەگوێی
ئاسمان
برادەرایەتی
ئادەم

دەگەیەنێ

پێویستە ئێمە نا یەک بڵێین)

تەماشای پێکهاتەی ئەندازەیی ئەم شیعرە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە وردبینی دژایەتییەکان لێرەدا لەوپەڕی وردبینیدایە، من لێرەدا ئەم دژایەتییە لە چەند روویەکەوە دەخەمە روو:

ڕووناکی بەرانبەر بە تاریکی

ڕازینەبوون بەرانبەر بە ڕازینەبوون

گەشبینی بەرانبەر بە ڕەشبینی

ئەگەر لێرەدا ئەم سێ حاڵەتە روحییە کە ڕەنگدانەوەی هەستی مرۆڤن، ئاماژەی ناو ئەم شیعرە بن، ئەوا دەگەڕێینەوە لای شیعرەکە بزانین ئەم دیاردانە چۆن خراونەتە ڕوو، بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناو کرۆکی ئەو لێکدانەوەیە، دەبێ ئەوە بووترێ، لە سەرووشدا تەنیا دەربڕینی دوولایەنەی دژەکان نییە، واتە بەشێوازە بنیاتییەکەی تەنیا ململانێی نێوان ڕاست وچەپ، ڕەش و سپی، تاریکی و ڕووناکی نییە، بگرە ئەو ئەم مەودایەی تێ پەڕاندووە، هەر جار جارێ لە نێوان ئەو دژانەش هاوتەباییەک هەیە و جارجارێک شتە نەگەتیڤەکان هەموو پێکەوە شایی دەگێڕن، یان پۆزەتیڤەکان دەبنە هاوەڵی نەگەتیڤەکان، واتە سنووری دژایەتییەکان ئاشکرا نییە.

دێینەوە سەر شیعرەکە لێرەدا گڵۆپێک لەلایەن نووسەری هەموو ژیان هەڵدەکرێ، دنیا ڕووناک دەبێتەوە، لەولاشەوە هەر ئەو نووسەرە گڵۆپی هەموو مەوداکانی گفتوگۆ دەکوژێنێتەوە. ئەم داگیرسان و کوژانەوەیە کە شاعیر بە ڕەنگی (زەرد) و (ڕەش) ئاماژەی بۆ کردووە، دەلالەتێکی ڕەنگئامێزە کە شاعیر بەشێوەی بینیاری دەیخاتە ڕوو. کە ئەمەش ئەم داگیرسانەی کۆپلەی یەکەم شێوەیەکە لە گەشبینی کە تەنیا لەو حاڵەتەدا ناوەستێ، بگرە بەردەوام دەبێ لەوەی کە گەشانەوەی خونچە دڵخۆشی خوایە و دڵخۆشیش مۆسیقای

ڕاپەڕینە، کە ئەمانەش هەر هەموویان گەیەنەری دەنگی ژیانن، بەڵام لەولاوە کاتێ کە نووسەری هەموو ژیان گڵۆپی مەودای گفتوگۆ ڕەش دەکاتەوە، تاریکی دەبێتە یانەی تایبەتی. واتە کاتێ سیمبولی تاریکی کە ڕەشبوونەوەی گڵۆپە دەردەکەوێ، لەگەڵیدا ڕەشبینی و تاریکبینی و سیسبوون سەرهەڵدەدا، لێرەشەوە جارێکی تر وردەکارییەکانی ڕەشبینی سەرهەڵدەدا کە بریتییە لە دڵتەنگی و کەوتنە خوارەوە و مەرگ. ڕازینەبوون لەم شیعرەدا دەگاتە ئەو ئاستەی کە داوای ئەوە دەکات هەر هەموویان پێویستە (نا) یەک بڵێین.

سەرەتا داوای (ئا) یەکی دەکرد، بەڵام ئێستا داوای (نا) یەک دەکات.

هەر خودی (ئا) شێوەیەکە لە وەڵام و شێوەیەکە لە ڕازیبوون و ڕووناکی و تەسکینی کە ئەم لە بنیاتی ئەو شیعرەدا دەردەکەوێ، هەربۆیە هاوتەریبە لەگەڵ ڕەنگی گەش و زەرد، کە سیمبولی هەتاو و ڕووناکییە، لەولاشەوە (نا) دیسان وەڵامە، بەڵام وەڵامی ڕەتکردنەوە و ناڕازیبوون و دڵتەنگی، لەناو ستراکچەری ئەم شیعرەدا وتنی نا، ڕەنگە لە مانا ئاساییەکەیدا شتێک بێ بۆ ڕەتکردنەوە، بەڵام دەشێ ئاماژەش بێ بۆ تەسکینی و خۆشی. بەڵام لێرەدا هاوتەریبی تاریکی و کوژانەوەیە، کە ئەمەش ڕەنگی ڕەش باشترین ئاماژەی ئەو حاڵەتەیە.

دوا بەراوردکاری دژەنێوانی دوو نموونە، دوو سیمبول، دوو هێما و ئیماگۆ، کە هەر یەکەیان لە چەند ڕوویەکەوە هێمای مێژوویی و فیکری و فەلسەفییان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێمای ئەفسانەیشیان هەیە. ئەو دوو نموونەیە، دوو باڵندەن، (کوندەبۆ) و (باز)ن. هەموو کات وا تێگەیشتووین کە ئەم دووانە یەکێکیان نیشانەی ئاژاوە و سیخوڕی و شوومییە، ئەوی تریان ئاماژەی نەمری و سەربەرزی و کۆڵنەدانە. هەرچەندە بۆخۆی ئەم شێوە بەراوردکارییە لە ڕووی زانستی و پێکهاتەیی و کارەکتەرەوە تا ڕادەیەک کارێکی گوماناوییە، بەڵام مەودایی ئەم بڕگە شیعرییە، گشتگیرییەکی پێوەیە، تەنیا ناوەڕۆکەکەی دەتوانێ، ڕاستییەکانمان پێ بڵێین:

(کۆندەبۆ ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی کۆیلەیی
باڵەکانت لە خێزانی ناکەسبەچە رووا‌ون
ئاژاوەکانی زەوی بۆیە توانییان
شلی بکەن و لە فڕین دای بگرنە سەر گردە نزمەکان
دڵنیاییت لە دەست دا
ژیان بەو ڕەنگە دەبینی دوژمنایەتی جۆشاندبی
هێلانە و ماڵ و سامانی باپیرانی فرۆشت
ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێ کۆتاییيان لە بەیندا نەبوو
لە دەنووکی نووسراوە ڕۆژگارێک چاوەڕوانمانە جێی شانازی نییە
کلیلی خەزێنە لە دەستی نەزانێکی دێرین دەشارێتەوە
بەدبین هیچیان زمانی خەزێنە فێر نابن
کتێبی چی ئێمەی هێنا دادەخرێ

***

باز ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی بێباکی
باڵەکانت لە خێزانی خانەدان ڕووا‌ون
ئاژاوەکانی زەوی بۆیە نەیانتوانی
شلی بکەن و لە فڕین دای بگرنە سەر گردە نزمەکان
دڵنیاییت لەدەست نەدا
ژیان بەو ڕەنگە دەبینی برایەتی جۆشاندبی
هێلانە و ماڵ و سامانی باپیرانی پاراست
ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێ کۆتاییيان لە بەیندا بوو
لە دەنووکی نووسراوە ڕۆژگارێک چاوەڕوانمانە جێی شانازییە
کلیلی خەزێنە لە دەستی زانایەکی دێرین دەناسرێ

ڕوونبین هەموویان زمانی خەزێنە فێر دەبن
کتێبی چی ئێمەی هێنا دەکرێتەوە)

ئەمەی لەم بەشەی شیعرەدا بەدی دەکەین، بەراوردکارییەکی پڕ وردەکارییە، لە نێوان دوو پێوەندیی یەکێکیان پێوەندییەکی ناجێگیر و بێ بناخە و ڕەگ و نەچەقیوو لەسەر زەمینەی واقیع و ڕاستی، لەولاشەوە نموونەیەکی تر کە شکۆمەندی و خۆڕاگری و مەزنی لێ دەبارێ، پێم وایە لەم کارەدا شاعیر نەیتوانیووە خۆی لەدەستی باویی ڕزگار بکا، هەر بۆیە ئەو سیمبولانەی بەو چاوە بینیووە کە هەمووان دەیبینین، نەیتوانیووە لە شتە باوەکان ناباوی دروست بکات، (کوندەبۆ) و (باز) هەردووکیان پەیوەستن بە ئاسمانەوە، ئەوانەشی پێوەستن بە ئاسمانەوە ناتوانن وەفاداربن بۆ زەوی، بۆیە نیشتمانیان ناسراو نییە، هەردووکیان باڵی فڕینیان هەیە، ئەو باڵێکە هی ناکەسبەچە، ئەوی تر باڵێکە سەرچاوەکەی خانەدانییە، کوندەبۆ زۆر بە ئاسانی لە بەردەم ئاژاوەکانی سەر زەوی دەپووکێتەوە، بەڵام باز هیچ کاری تێ ناکات. بەڵام لێرەدا شاعیر دابەزینی کوندەبۆ بۆ سەر گردە نزمەکان بە دۆڕانێک دەزانێ، لەچاو ئەو بازەی بەردەوامە لە فڕین و هیچ هێزێک ناتوانێ بیخاتە سەرزەوی.

لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم تاسە و ئارەزووی کوندەبۆ بۆ گردە نزمەکان، زیاتر خۆشەویستییە بۆ زەوی و دوورکەوتنەوەیە لە ئاسمان، کە ئەمە لای باز بەدی ناکرێ. هەرچەندە بەپێی نەریتی باو بازی فڕیو کۆڵنەدەرە و بەردەوامە لە فڕین، ئەمەش ئەو ڕوانینە باوەیە کە شیعرەکە خۆی تێیدا پێشکێش دەکات، بەهەرحاڵ بۆ کەسێک کە زوو دەکەوێ، دڵنیایی لەدەست دەدا. یەکێکیان ژیان بەڕەنگی دوژمنایەتی دەبینێ، ئەوی تر بەڕەنگی دۆستایەتی، ئەمەش بەراوردکاری نێوان (دۆڕاو) و (براوە)یە، (خۆفرۆش) و (سەرسەخت)ە، (سەربەرز) و (سەرشۆڕ)ە، کوندە بۆ ئاماژەیەکی نەرێیی هەموو خراپەکارییەکانە، باز ئاماژەیەکی ئەرێیی هەموو ئەو جوانی و

سەربەرزییە. دوو پەیام لەم کۆپلەیەدا مانیفێست کراوە، هەردووکیان لە یەک سەرچاوەوە دەردەکەون کە ئەویش ئاوازە، خوێندنە، ئەمەش لەسەر دەنووکی باز و کوندەبۆ نووسراوە، دەنووک لێرەدا ئاماژەیە بۆ گێڕانەوەی نەوەکان بۆ یەکتری، یەکێکیان ڕێنوێنیکردنە بەرەو ڕاستی و نەمری و سامان و عەقڵ، ئەوی تریان ئاماژەیە بۆ درۆ و نەمان و هەژاری و نەزانی. لەوێدا واتە لەو شوێنەی عەقڵ و سامان هەیە، هەموو شتەکان دەچنە مێژووەوە، هەربۆیە کتێبێک دێت و دەکرێتەوە، لەولاشەوە کە نەزانی و هەژاری هەیە. هەموو شتەکان بە شاراوە و بێ مێژوو لەناو دەچن. ئەم دوو هێما باڵندەیە، لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن، تەنیا لە سروشتی هەڵفڕین و ڕاوکردن و شێوەی دەرەکی نەبێ.

## بەمرۆڤبوون و بەڕوحبوون

لە زۆر کەلێن و کەلەبەری (سرووش)دا مامەڵەیەکی سیمیۆلۆجیانە بەدی دەکرێ لەگەڵ زماندا، زمانی شیعر بەپێچەوانەی کارەکتیزەکردنی دیمەن و شێوەکان، لە حاڵەتی باوەوە دەچێتە حاڵەتی ناباو، باوی زمان دەبێتە ناباوی، کەس دەبێتە کەسی نەناسراو، ئەگەر بڕوانینە سەرەتای ئەم شیعرەوە دەبینین شتێک هەیە پێی دەوترێ، نەناسراوەکان، لەم شیعرەدا نەناسراوەکان زۆرن، بەڵام لە یەک سەرچاوەدا کۆ دەبنەوە، کە ئەویش تێمای بابەتەکەیە:

(ئەوی لە هەموو شتێک دروستکرا و
تەواو مەست بەهەموو شتێک
کتێبی چی ئێمەی هێنا بە کراوەیی)

ئەگەر وەک وردبوونەوەیەکی گراماتیکی تەماشای ئەو کەسە بکەین کە لە هەموو شتێک دروست کراوە، نازانین چییە و کێیە، نەناسراوێکە، پاشان شیعرەکە بەردەوام دەبێ لەو نەناسراوییە:

(نووسەری هەموو ژیان لەناو خەون کەوتە سۆراخی ناونیشان
گەیشت بە گەورەترین ڕۆشنایی)

دەزانین ئەو نەناسراوە نووسەری هەموو ژیانە، بەڵام دیسان نەناسراوێکە ناونیشان و ئاماژەکردنێکی ڕاستەوخۆی بۆ نییە، ئەم ئاماژەی نەناسراوییە لە ڕێڕەوی شیعرەکەدا چەندان جار دێتە پێشمان، زۆر جار هەوڵ دەدا ئەو گرێیانە بکاتەوە، کە لە ئاشکرابوونی بێزارە، بۆیە نەناسراوی شێوەیەکە لە دووبارەکردنەوەی گرێکوێرەکان. ئەم نەناسراوییە هەندێ جار دەبنە گۆڕینەوەی دیمەن و تێما و کاراکتەرەکان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دی، ترانسفۆرمی شتەکان ترانسفۆرمێکی گشتگیرە، سەرتاپای تێماکان دەگەڕێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لە شیعری کوردیدا ترانسفۆرمی بەمرۆڤبوونی شتەکان کەمتر دەبینین، لە بەشتبوونی مرۆڤەکان، هەروەها شێوەی مامەڵەکردنی ئاسایی ئێمە لەوەدایە کە بەسروشتکردنی مرۆڤ دەبینرێ، وەک بوونی مرۆڤێکی سەرسەخت بەچیایەک، یان بوونی مرۆڤێکی بێ نیشتمان بە دەریا. مرۆڤی ماندوو بە شەقامێکی تاوستان. پیرەمێردێ بە بەفرێکی سپی.... هتد. ئەمە سەرەڕای بوونی شتەکانی تریش وەک بوونی دەستی سواڵکەرێ بە شار. پرچی کچێک بە ڕەشماڵ، دڵێکی شکاو بە ئێوارەیەکی پایز.. هتد. بەڵام پێچەوانەی ئەم حاڵەتە واتە بەشتبوونی مرۆڤ. ڕەنگە لە شیعری کوردیدا شێوازێکی نوێتر بێ، ئەمەش حاڵەتێکە ڕەنگدانەوەشی لە شیعری کلاسیکیدا هەیە، نەک ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو دیمەنانەی کە ئەمڕۆ لە شیعردا بەرچاو دەکەون دیمەنی بەشتبوونی مرۆڤن.

لە (سرووش)دا حاڵەتی یەکەم بە زۆری دەبینرێ، واتە حاڵەتە ئاساییەکەی بە مرۆڤکردنی سروشت و دیمەن و شتەکان، بەڵام حاڵەتی دووەم بەشتبوونی مرۆڤ، دیسان ئەم حاڵەتەش دەبینرێ، کە ئەمەش کەمتر مامەڵەی قووڵی لەگەڵدا کراوە، نامۆبوونی شیعری کوردی لە نامۆبوون و نەبوونی ئەم دیاردەیە نییە، بگرە خودی ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانی: (نالی، مەحوی،

حاجی قادری کۆیی، کوردی، وەفایی) و شاعیرانی کلاسیکیشدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە شیعری نوێی کوردیدا کەمتر قووڵبوونەوەی لەم بوارەدا هەیە، لەلای چەندان شاعیری وەک: (ئەنوەر قادر محەمەد، جەلال بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، سەلاح شوان، سەلام محەمەد، جەمال غەمبار، محەمەد عومەر عوسمان) و شاعیری تریش ئەم شێوە مامەڵەکردنە کەم تا زۆر دەبینرێ.

هەرچۆنێ بێ ئەوەی مەبەستە دیاردەی بەشتبوونی مرۆڤ زیاتر گەڕانە بەدوای هاوشێوەکردنی دوو حاڵەت، یان دوو کاراکتەر، هاوبەرانبەرکردنی دوو دیاردە و دوو دیمەن و دوو سەرچاوە، یەکەمیان خودی دیمەنەکەیە، دووەمیش هاوشێوەکردنێتی بەمرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە لەو بارودۆخە جەستەیی و دەروونییەدا دەژی، کە پێی دەوترێ بەراوردکاری. ئەم شێوەی دیمەنانە لای (سەباح ڕەنجدەر) شێوەیەکن لە هاوشێوەکردنی بەرانبەر و نابەرانبەر. بەرانبەر بەو مانایەی تۆ شتێک بکەی بە مرۆڤ کە ڕێگەی تێ بچێ و شێوەیەک بێ لە کارەکتەر و فسیۆلۆژی مرۆڤ، دووەم نابەرانبەر واتە هاوشێوەکردنی مرۆڤ بە شتێک کە هیچ هاوبەرانبەرییەک لە نێوانیاندا نەبێ. نموونەکانی هاوبەرانبەری:

(زیندوویی
مردوویی
باڵی بۆنخۆشی یەک بازن
زەمینی وشک
ئاسمانی بەباران
ئەوانیش باڵی بۆنخۆشی یەک بازن
باڵێک هێندەی دووگردی نوێژ دڵنیا و بڵند و بە پەیمان
تەنیایی ئەی قووڵترین ڕاستی بە هەموو زەمیندا تێپەڕە

با هەڵەی کرد هاتە ناو دارستان
دەستی ئاشنابوو بە ڕاشڵەقاندنی هێلکەی گەرمی ناو هێلانە)

ئەگەر بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ لەم کۆپلە شیعرییە وردبینەوە، دەبینین، چەند دیمەنێکی نابەرانبەر بەرانبەر بەیەکتری وەستاون، وەک: (زیندوویێتی، مردوویی، باڵ، زەمین، تەبایی) ئەمانە هەریەکە و سەر بە دنیاییەکی مرۆڤن، سەر بە هەست، گیان، جەستەن، بەڵام دەبن بە کاراکتەرێک، مامەڵەی شیعری لەگەڵ ئەمانەدا مامەڵەی هەست و ڕوح و جەستە نییە، بگرە مامەڵەی بە مرۆڤبوونە، مامەڵەی بەڕوحبوونە، زیندوویی و مردوویی دوو شتی غەیبانی و نهێنی ئامێزان، بەڵام دەبنە باڵ کە باڵیش، سەرچاوەیەکە لە جەستە، بەشێکە لە گیان، بەشێکە لە ڕوح، جا ئیتر ڕوحی مرۆڤ بێت، یان ڕوحی ئاژەڵ و پەلەوەر. لەولاشەوە زەوی و ئاسمانیش کە دوو نموونەی سروشتین دەبنە باڵ، واتە دەبن بە ڕوح، لە حاڵەتی سروشتی بێ گیانەوە دەبنە حاڵەتی فسیۆلۆجی گیاندار.

کەواتە نا هاوبەرانبەرییەک لە نێوان بەڕوحبوونی شتەکاندا هەیە، لە هەستەوە بۆ جەستە، لە سروشتەوە بۆ جەستە، لە جەستەوە بۆ گیان، ئەمەش مەلەوانیکردنە لەناو ئارکیۆلۆژیەتی بیری بەڕوحبوونی شتەکان، واتە یەک بەیەکی پەردەکانی لێکدانەوە هەڵدەداتەوە، بەڵام بەمرۆڤبوونی شتەکان زۆرن، کە دەتوانین چەند نموونەیەک بهێنینەوە:

(فریشتەیەکی ڕەخسیوی ساکار بەپێی کوتراو ڕادەکات
منداڵدان و کفن
لانک و گۆڕ
بێ وچان بەدوایەوەن
ئاوی بەبەزەیی
گیای دڵڕەق)

هەرهەمان ئەو هاوبەرانبەریە لێرەدا دەبێتە بەراوردکاری لە نێوان دوو شێوە بوون، بوونێکی خەیاڵی و پیرۆزئامێز بەرانبەر بەبوونێکی ئاسایی، پاشان لێرەدا بەمرۆڤبوونی شت دێتە ئاراوە، فریشتە دیوێکی تری مرۆڤە، بۆیە وێناکردنی فریشتە لەسەر شێوەی مرۆڤ، ئەوەندە جێگەی سەرسوڕمان نییە، بگرە گرینگییەکە لەوەدایە کە ئەم شێوە دیمەنە دووبارە دەبێتەوە، هەر لەوێوە دێینە سەر ئەوەی کە ئەم جارە منداڵدان و کفن و لانک و گۆڕیش دەبنە رۆحدار و دەرۆن و رێ دەکەن، ئەم بەراوردکارییە لێرەدا سیمبۆلئامێزەکەی لەوەدایە کە منداڵدان جێگەی گەورەبوون و ڕاکشانی منداڵە بەشێوەیەکی زیندوو، هەروەها لانکیش شێوەیەکی تری ئامادەبوونی زیندوێتییە، بەڵام کفن و گۆڕ دوو نەگەتیڤی تری منداڵدان و لانکن، ئاماژەن بۆ نەمان و وەستان، واتە ڕوح وەستان لەوێدایە، بەڕوحبوونی منداڵدان و لانک بەرانبەرەکەی بە مەرگبوونی کفن و گۆڕە.

لە دێڕێکی تردا رێگە دەبێتە جادووباز، واتە رێگە لە ماتەریاڵێکی بەستەڵەک و بێ ڕوحەوە دەبێتە کەس، کەسی جادووباز، کەسێک تەنیا شتێکی ڕاکشاوی بێ گیان نییە، شتێکە ئەرکێکی زیندووانە ئەنجام دەدات، ئەمەش شێوەکە لە بە ڕوحبوونی شتەکان، واتە شاعیر پێویستی بە جێگۆڕکێی هەیە، واتە گۆڕینی ئەرکی مرۆڤ بە شتە نامرۆیییەکان، هەروەها ئەوەی شاعیر ناتوانێ، یان ناوێرێ، یان نایەوێ لە رێگەی مرۆڤی ڕاستەوخۆوە نیشانی بدات، پەنا دەباتە بەر خەسڵەتی بەلەجیاتیدانان، واتە هەوڵ دەدات، شێوەیەک لە هەستگۆڕینەوە و ویژدان گۆڕینەوە بە ئەنجام بگەیەنێ، لە نێوان مرۆڤ و شتەکانی تردا:

(رێگا جادووبازە بە ئاوازی مارش و بزەی فێڵاوییەوە)

هەر لەو ئاستەدا ناوەستێ، هەندێ جار بەشتبوونی مرۆڤ دەچێتە ناو زاراوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە، لە جێگەیەکدا دەڵێ:

(خانمی کەلەپوور داپیرەیەکی بە بەزەییە
دەفتەری تێبینییەکانی وەک پێویست ڕووناک نییە)

خـانمـی کـەلەپوور، ئافـرەتێکە لە کـرۆک و نـاخـیـدا چیـرۆکی ئەو هـەمـوو بەسـەرهاتانەی هەڵگرتووە، کە باس لە چیرۆک و شـیعر و گۆرانی و فۆلکلۆر دەکـەن. لێـرەدا بەخـانمبـوونی کـەلەپوور واتە بەخـانمبـوونی شـتـێکە، کـە خـەسـڵـەتـی مـرۆڤ وەردەگـرێ، واتە لە حـاڵـەتە مـەعنـەوییـەکـەیەوە دەردەچێ و دەچێتە حاڵەتە مرۆییەکەیەوە.

(تاسەی لووتکە
ڕازی لووتکە
وێڵی لووتکە
مەستی لووتکە)

چوار حـاڵەت کـە تەنیـا مـرۆڤ و ڕوحـدارەکان تووشـی دەبن، مـەسـتی و ڕاز و وێڵـبـوون و تاسـە، خـەسـڵـەتن بـە ڕوحدار دەبـەخشـرێن، بـەڵام لێـرەدا دەبنە بەشـێک لە بـوونی لووتکە، واتـە بە شـتـبـوونی مـرۆڤ لێـرەدا بە لووتکـەبوونی مرۆڤە.

لەو بڕوایەدام یەکەمین و سـەرەکیترین ئامرازەکانی شاعیر وشـەیە، بە وشە ئەو گۆڕانکارییـانە دەخاتە ڕوو کە دەربڕینی پێویستییە شـیعرییـەکانین، بەڵام ئەوەی لای ئێـمـە و لای شـیـعـری ئێـمـەدا هـەیە کـەمی وشـەیە، کـەمی زاراوە دەسـتەواژە شـیعرییـەکانن، بەڵام زاراوەکانی بە ڕوحبوون لەم شـیعرەدا باڵی بەسەر بەمرۆڤبوونی شتەکاندا کێشاوە، بڕوانە ئەم بەراوردکارییانە:

دەشتێکی ڕووت ـــــــ نێچیری لاواز
ئاسمانی نائومێد ـــــــ نێچیری لاواز
شینایی ئاسمان ـــــــ پێغەمبەر

بەهەرحاڵ لەسەرتاپای شیعرەکە ئەم بە ڕوحبوون و بەمرۆڤبوون دەبینین، یان بەپێچەوانەوە بەمرۆڤبوونی شتەکان بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

خەم دەبێتە مرۆڤ
نەخۆش دەبێتە هەتاو
دیوار دەبێتە کابرایەکی پیر
شار مرۆڤێکی خۆڵاوی
باران ژنێکی شەرابی
یان بەپێچەوانەوە، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:
مرۆڤێکی بریندار دەبێ بە سێبەری شکاوەی درەختێ
چیرۆکی مرۆڤ دەبێ بەخەون

هەندێ کات نموونە مەعنەوی و چەمکەکانی زەمەن و سروشت و گەردوون خەسڵەتی ڕوحدار و مرۆڤ وەردەگرن.

تەماح ———> شەرمەزارە
درۆ ————> سەرهەڵگرتووە
دەریا ———> ئیرەیی دەکات
هەتاو——> دڵشکاوە
خاک ——> باوێشک دەدا
شەو ———> تینووە
ئاو ——> دوو چاوی ڕۆشنی هەیە
ئارەزوو——> دەرناکەوێ
چراتەلەکان——> دوو چاوی سیخورمەن
باران———> بە پەنجە بلوورینەکانییەوە

بە ڕووی نەرمی خاکا

چەند لێدانێک دەوەشێنێ

## هەندێک وردەکاری سرووش

لە (سرووش) جێگەیەک هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ (ڕوح) و (مرۆڤ) و (سروشت)، لە پاڵ ئەمەشدا جێگەیەک هەیە بۆ تێئاخاندنی بڕێکی زۆر ئاژەڵ و باڵندە و کانزا و ماتەریاڵ. ئەو ئاژەڵانەی بەدییان دەکەین بریتین لە پەپوولە و ئەسپ و باز و گا و گورگ و کوللە و مشک و ماسی، هەروەها کانزاکانیش بریتین لە ئاسن و مس و کورسی پلاستیکی و قۆپچەی برۆنزی و مرواری و ئاوێنە و برۆنز و یاقووت و ئەڵماس و مەرجان و جامی زێڕ....هتد. سەروکاری ئەم شیعرە لەگەڵ ئەم هەموو زاراوە و نموونانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە جیهانبینی و بنیاتی ئەم شیعرە هەرچەندە لە بنیاتێکی خەیاڵئامێزەوە دەڕوانێتە پێوەندییەکانی نێوان ڕوح و بیرکردنەوە و پاگژی و بێ گەردی و خەڵتان بوون لە بێ ویژدانیدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە دنیایەکی واقیعئامێزدا دەسووڕێتەوە، ئەو جیهانەی پێوەندییەکان لە چوارچێوەی پێوەندی بە شت و دیمەنەکانی ترەوە دەبینێ، ئەو جیهانەی ژیان لە چوارچێوەی بوونە سروشتی و ئەنتۆلۆجی و بوونی گەردوونییەکەیەوە دەیبینێ، هەربۆیە پێوەندی نێوان هەر هەموو ئەو بەشانە بڕێک لە پێوەندیی تایبەتن.

سرووش هەروا بەبێ مەبەست ئەو ناوی ئاژەڵ و ناوی کانزاکانی نەخستووەتە ناو پانتاییی شیعرەکەیەوە، هەریەکەیان بۆ خۆیان پێوەندییەکیان هەیە، ئەو پێوەندییەش دەیانبەستێتەوە بە ئەرکێ کە شیعرەکە دیاری کردووە نەک خۆیان، جارێک باز پاڵەوانی گشت بەسەرهاتەکانە، جارێکیش کەسێکە و ڕووداوەکان بەدەوری ئەودا دەسووڕێنەوە، لەولاشەوە پەپوولە نموونەیەکە لە پشکنین و پاکیزەیی، نموونەیەکە بۆ دڵناسکی، ئەسپ دەبێتە سەرقافڵەچی و نموونەی جوانی ماسییەک ئاسوودەیی لەخۆ گرتووە، گا بە مووی کلکی تەم

دەسرێتەوە، مشک جلوبەرگ کون کون دەکات، کوللە بەسەر خواندا دەپژمێ ماسی فوو بە کەرەنا دەکات، گورگ کەسێکە لە بەردەرگە دانیشتووە. هەرپێوەندییەک کە ناوی یەکێک لەو گیانلەبەرانەی تێدا هاتووە، پێوەندییەکی سەقامگیرە لە نێوان هەموو دیمەنەکان، هەموو پێوەندی نێوان شتە ئاساییەکان و ئەو ڕووداوانەی بەدەوری ئەم نموونانەدا ڕوو دەدەن.

نموونەی بەکارهێنانی هەر شتێک هەر ناوێک، یان دیمەنێ، یان زاراوەیە، یان تێماو ئاماژەیەک لەناو سرووش دا مەبەستێکی لە پشتەوەیە، با بڕوانینە نموونەی بەکارهێنانی ئەو کانزایانە و تا بزانین لە چ ڕوانگەیەکەوە بەکار هاتوون و لە چ پێوەندییەکدا سەقامگیر بوون، هەروەها چۆن ئەو پێوەندییانە دیاری دەکەن کە سەرچاوەن بۆ پێکەوە گرێدانی هەموو بەسەرهات و ناوەندەکان، سرووش سەرەڕای ئەوەی سنوورێکی دیاریکراوی بۆ ژیان نییە، هەروەها بەپێی بۆچوونی (فرانکو موریتی)، شیعرێکی پێکهاتەیی گشتگیرە، کۆکەرەوەی هەموو پێوەندییەکانە، لەبەرئەوەی باس لە هەموو شتێک دەکات، مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، ئەفسانە، سیاسەت، جوگرافیا، سروشت، کانەکان.

تەپڵەی کانزایی (٤٣)، کورسی پلاستیکی (٤٣)، قۆپچەی برۆنزی (٤٣)، ناڵی برۆنز (٤٥)، پەنجەرەی ئاسن (٥٢)، کراسی زێڕین (٥٧)، جامی زێڕ (٦٠)، دەنکە چەو (٦٠)، دیارە ستوونی گێڕانەوە کە پێکهاتەی سەرەکی شیعرەکەیە، ستوونێکی بەرفراوانە لە سایەیدا بڕێکی زۆر وێنەی هەمەچەشن هەن، ئەو ستوونە هاوبەرانبەرە لەگەڵ ئاسۆیەکی پڕ لە نهێنی و شاراوە و ناو و نموونەی ڕوح و بێ ڕوح. لێرەدا (سەباح ڕەنجدەر) وەک (ت.س. ئلیەت) دەیەوێ لەو هەموو نەزۆکی و بێ سەروبەرییەی کە مێژووی مرۆڤی هاوچەرخ پێیدا تێ پەڕیوە هەندێ دەلالەت و مانا بەدەستەوە بدا، دەیەوێ لە دەریایەکدا ڕاو بکات کە نازانێ چ شتێک بە تۆڕەکەوە گیر دەبێ. ئەو هەموو وردەکاری و پەنابردنە بەر هەڵبژاردنی وردەکارییەکان هەوڵە بۆ دۆزینەوەی مانایەک بۆ ژیان. هەوڵە بۆ دۆزینەوەی زمانێک بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هارمۆنی شیعری.

لەم هەمـوو وردەكـارییـەدا تەوەری مـانا و بـەهـای شـیـعـری مـەبەسـتـێكی سـەرەكـیـیـە كـە ڕێڕەوی شـیـعـرەكـە دەیەوێ پێـشكێـشی بكات. دیارە سـەرچاوەكـان، لە زمـان و پێكهـاتەی زمـانی ئەم شـیعـرە و لە بـەكارهێنانی وردەكارییـەكانی زمـان هـەوڵی ئەوە دەدەن تا تـەسـبیـحێك دروست بكـەن كە دانەكـانی هـەریەكـە و لە ڕەگـەزێك و سـروشـتـێكی تایبـەتەوە هـاتبێ، وەك لە سـەرەوە ئـامـاژەمـان كرد شـێـوەی بەكارهـێنانی ناو و خـەسلـەتەكـانی ناو و زاراوەكان بۆ ئەوەیە تا بزانرێ ماناكان بەرەو چ بەهـایەک دەڕۆن.

لەم شـیـعـرەدا جیـاوازیـیـەكانی نێوان سـەرچاوەی نیشـانـە و سـەرچاوەی مەبەستەكانی نیشانە جیاوازییەكی مەجازییە، باز، ماسی، پەپوولە، نیشانەی دووبارەبوونەوەی شكۆ و حەز و پـاكـیـە. (كەواتە بـۆ دەسـتنیـشـانكردنی مـانا بەشـێـوەیەكی پەتی، پێویـسـتـمـان بە ڕێبـازی كردەی جیـاكاری نێوان كردارە بەدەسـتـهـاتووەكانـە، نەک تەنیـا لە ڕێگەی هێـزی بەدەسـتـهـاتووەوە، بگرە ڕێگەی ناوەڕۆكی مــــەســــەلەوە) . هـەر بـۆیـە پێم وایـە لـە (ســــرووش) دا پێوەندییـەكان شێوەیەكی زمانەوانی پتـەویان هـەیە، درامای شیعری لەناو ئەو بەسـەرهـاتەی سـرووش دەست پـێ دەكـات. هـەندێ جـار كـار دەكـاتە سـەر تواناكـانی هـارمـۆنی و مـۆسـیـقـای شـیـعـری، بەڵام نابنە هـۆی تێكشكانی ئەو ڕیتمەی خـودی شیعر نەخشـەی بۆ كێشاوە، بۆیە مـانای وشـەكان ئەو مانایەن كە (فیتگنشتاین) پێی دەڵێ: (مـانای وشـە لە شێوەی بەكارهێنانی)، هـەروەهـا (فیتگنشتاین) لە زماندا (داوامان لێ دەكات كە لە مانای وشـە نەپرسین، بگرە پرسـیـار لە بەكارهێنانـی بكەین). ئەگـەر بەدوای وردەكـارییـەكانی نـێوان ئەم شـیـعرە بگەڕێـین، دەبینین چەندان گـەڕانی ورد هـەڵدەگـرێ، بەڵام ئەوەش هـەیە كە هـەر دێڕێك لەم شـیـعرە پارچـە مـۆسـیقـایەكە، سـەمـفـۆنیـاكە و توانایەكی تایبـەتی هـەیە و توانای گەورە هـەڵدەگرێ، لە ئاگری پیس نەبووی ناو دێرەكانی ســــرووش دا بـۆنی بـەرزبوونـەوەی گــــەرمـی دەكـــەین، هـەروەهـا شــێــوەی پێوەندییەكان بە سـێ قۆناخدا تێ دەپەڕێ، قۆناخـی یەكەم: دەسـتپێكردنێكە لە سەركـەوتن دەچێ، لە پێدەشـتێكەوە بۆ لاپاڵی گرد و پاشـان بەرەو سەرتەپۆڵكە

و پاشان بەرەو ناوقەدی چیایەک و سەرکەوتن بۆ سەر لووتکەی چیا، قۆناخی دووەم: واز لە سەرکەوتن و بەسەرهاتی سەرکەوتن دەهێنێ و لەو رێرەوەدا بیر لە گیا و گوڵ و مێرووله و گیانداران دەکاتەوە، قۆناغی سێیەم: لەگەڵ ئەو بیرەوەرییانەدا دەدوێ لەنیوە رێگا و سەرلووتکەکاندا بوون بە هاورێی. ئەمە بەشێوەیەکی مەجازی بەسەرهات و رووداوی ناو (سرووش)ە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە. ئەوەی گرینگە تێبینی بکەین ئەو وردەکاری و تێبینییانەی سەرتاپای ئەم شیعرەی لەخۆی گرتووە، چیرۆک و بەسەرهاتەکانی نییە، بگرە چڕوپڕی توانا شیعرییەکانە، تیۆدۆرۆف وتەنی: ئەو زمانەی ئەدەب بەکاری دێنێ زمانێکی تەنک نییە، بگرە زمانێکی چڕوپڕە، شیعریش وەک بەشێکی ئەدەب، دەبێ ئەو چڕوپڕیەی تێدابێ، ئەم چڕوپڕیە لەناو سرووشدا بەدی دەکەین و چریکەی حەزەکانی سرووش لە تێگەیشتنی مانای هەناسەساردی حەسرەتەکانیەتی.

شوباتی ۲۰۰۸ هۆڵەندا

سەرچاوەکان


١- خەون وا خۆی گێڕایەوە، دیوانی شیعر، سەباح رەنجدەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٤، چاپی یەکەم

٢- عبدالمجید جحفة ـ مدخل الى الدلالة الحدیثة، دارالتوبقال للنشر، ٢٠٠٠

# ديمانه

# ڕەخنە و چیرۆک لە دیمانەیەکدا

سازدانی: ڕامان

کە چیرۆکی (دەروێش)ی ئەم نووسەرەم لەیەک لە ژمارەکانی کۆواری ڕاماندا خوێندەوە کەڵکەڵەی ئەوەم لا دروست بوو، پێویستە ئەم نووسەرە بەتەواوی بناسم و بیخوێنمەوە. گرینگترین حاڵەت ئەو حاڵەتەیە داهێنان وات لێ بکات لە دڵەوە بەدوای داهێنەرێکدا بگەڕێی و بیدۆزییەوە.

گەڕام چەند چیرۆکێکی تریم لە کۆواری پرۆژە و گەلاوێژی نوێ و ئایندەدا دۆزییەوە، ئەمانیش بەئاستی دەروێش کاریگەریی خۆیان نواند.

سەلاح حەسەن پاڵەوان بیست و دوو ساڵە چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری دەنووسێ و لە زمانانی (عەرەبی و فارسی و هۆڵەندی و ئینگلیزی) بابەت وەردەگێڕێ، گرینگترین کتێبەکانی (داهێنان و مەرگ) و(تیۆدۆر ئادۆرنۆ) و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆواری پرۆژە. لەم هەڤپەیڤینەدا بەشێک لە رازەکانی نووسین دەدرکێنێت.

* هەموو داهێنەرێک لە کردەی داهێناندا دید و گۆشەنیگای تایبەت بەخۆی لە ئەزموونیدا بەدی دەکرێ، دید و گۆشەنیگای تۆ لە کردەی چیرۆک و رۆماندا چییە و چۆنی بە خوێنەر دەگەیەنیت؟

– کاتێ کە دەنووسم بیر لە خۆم و دەوروبەر و هەموو ئەو ساتانە ناکەمەوە کە لەمیانەی نووسیندا بەلامدا گوزەر دەکەن، کردەی نووسین لای من دووبارەبوونەوەی نییە، بۆ ئەوە نانووسم شتێ بگێڕمەوە کە رووی داوە، بۆ ئەوە نانووسم بێدەنگییەکان بشکێنم و تەمەکان برەوێنمەوە، کردەی نووسین

لای من دروستکردنی دەنگن ئەو دەنگانەی کە نین، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەن ڕوویان نەداوە، ناڵێم من دروستکەر و ئەفرێنەرم و لە هیچەوە شت دروست دەکەم، بەڵام کەسەکانم، دەوروبەرم کاراکتەر و ساتەکانم کە دەبنە ڕووداو، خۆیان خۆیان دەگێڕنەوە، لەو چیرۆکانەی کە نووسیومن (رامان) و (دەروێش) و (بەرد) باس لە مرۆڤ و گەرەک و بەرد و خۆشەویستی دەکەم، بەڵام مرۆڤەکانی من بێ دەست و قاچ ڕێ دەکەن، لەگەڵ مردووەکانی خۆیاندا قسە دەکەن، ئەو گەڕەکەی دروست دەبێ فەنتازیایە وئەو مرۆڤانەی یاخی دەبن مرۆڤی ئاسایین و ئەو کچانەی پێ دەکەنن لە گریانێکی قووڵ قورتار بوون، ئەو گەڕەکانەی باسیان دەکەم گەڕەکن لە خەونەکانمدا ڕوحی نێو گەڕەکەکان ئەو ڕۆحانە نین رۆژانە دەیانبینین، قسەکردن و خەوتن و هەستانیان جیاوازە، مرۆڤی ئاسایین، بەڵام ئاساییەکی سیحراوی کە زۆر کەس لێیان ناگات، ئەو بەرد و خۆشەویستییەی پێکەوە کۆ دەبێتەوە نامەئلوفیەتێک دەگێڕێتەوە کە پێکەوە هەڵناکەن، ئاگر دەبێ بەهاوڕێی ئاو و بەرد دەبێ بەهاوڕێی گۆشت، ڕێکردن دەبێتە هاوڕێی بێ دەست و قاچەکان، گشت کەسەکان لە گەڕەک و شەقام و شارەکانمان گەورە دەبن نامۆن، کەس بە ئەندازەی چاوەکانی کەسانی نێو چیرۆکەکانی من لە مانای ترس و چاوەڕوانی ناگەن.

گۆشەنیگای من لە چیرۆکدا گۆشەنیگایەکی وردئامێزە و پەنا بۆ خەیاڵ و خەون و نائاساییبوون دەبا و ناشبێ بە سیحر و خەیاڵ، نێزیکییەکە لە نێوان واقیعیەتی سیحری و ئەفسانە و ئەودیوی خەیاڵ، چیرۆک لای من سیناریۆکردنی ڕووداوەکانە، دایەلۆگە، دایەلۆگ وشە گۆڕینەوە نییە، بگرە گۆڕینەوەی بینایی و جەستە و ئاماژەیە، زمانی ئاماژە لە چیرۆکەکانی مندا مۆرکی منن، ئەوەندەی ئاماژە و جووڵەی کەسەکان دەبنە ڕووداو، ئەوەندە ڕووداو نابێتە ڕووداو، چیرۆک لای من ئەو پونتەیە کە سەرچاوەکانی لێوە دێتە دەرێ، زمان تەنیا شێوازێکە بۆ دەربڕین، زۆربەی دەربڕینەکانی من سەرچاوەیەیان لە قووڵاییەوە وەرگرتووە.

شێوازی نووسینی من لەژێر کاریگەریی گشت تەوژمە ئەدەبییەکانە، هەر لە

بوونگەراییەوە تا دادایزم و سوریالیزم و واقیعیەتی سیحری، لە نووسینی چیرۆکدا پابەند نیم بەهیچ سەرەتا و گرێ و کۆتاییەک هەموو شێوازەکانم بە خێرایی دەگۆڕێن، بۆیە ئەوەی لەنێو رووداوەکانەوەی سەرهەڵدەدەن پێشتر خۆمم بۆ ئامادە نەکردووە، پرۆسەیەکە خۆی خۆی دروست دەکات.

* چۆن نووسینی بیۆگرافیا پێوەندی دەکات بە هونەری رۆمانەوە، یان رۆمان بۆ دەوڵەمەندی و فرە دەنگی چەند سوود لە رەگەزی بیۆگرافیا وەردەگرێ. ئەم دوو رەگەزە بە چ شێوازێک و ئاستێک یارمەتیدەری یەکترین بۆ بەرهەمهێنانی دەقی زیندوو؟

– بیۆگرافیا، یان مێژووی بەسەرهاتی ژیان، کەم تا زۆر پێوەستە بە نووسینی هەر چالاکییەکی ئەدەبی و تەنانەت هونەریشەوە، هەموو شێوە داهێنانێکی ئەدەبی بەرئەنجامی ئەزموونی ژیانە، بەتایبەتی لە هونەرەکانی گێڕانەوەدا لە دەستنیشانکردنی کاراکتەری بابەت و سیناریۆی بەسەرهاتەکاندا، ئەزموونی تاکە کەس کەم تا زۆر دەکەوێتە نێو کاری ئەدەبییەوە بەتایبەتی هونەری رۆمان و چیرۆک نووسین، کەم تا زۆر بیۆگرافیای تاکە کەس رۆڵێکی سەرەکی لە کردەی داهێنانی رووداو و خوڵقاندنی کەسایەتییەکاندا دەبینێ، هەندێ لە نووسەرە مەزنەکانی دنیا وەک هەمەنگوایی و جاک لەندەن و گابریال گارسیا مارکیز و میلان کۆندێرا و سادق هیدایەت و محەمەد خزەیر و ئۆرهان پامۆک و جین ماری لۆکلیزیۆ و .... هتد، بەسەرهاتەکانی خۆیان بەشێکە لە گێڕانەوە و بەشێکە لە کەسایەتییەکان، بەشێکە لەو پێوەندییە گرینگانەی کە شتەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکە دەبێتە هۆی هێنانە ژیان و کایەی کەسایەتییەکی خەیاڵی کە حەقیقەتەکەی کەسی نووسەر خۆیەتی، ئیرنست هەمەنگوای کاتێ بۆ سەفەر و گەشتی سەر دەریا روو دەکاتە کوبا لەگەڵ دەریادا تووشی حاڵەتێک لە سەرسەختی دەبێ، بۆیە لەوێ سانتیاگۆی کەسایەتی نێو رۆمانی"پیرەمێرد و زەریا" هەر رەنگدانەوەیەکی نێزیکی کەسایەتی هەمینگوای خۆیەتی، کەواتە کەسایەتی"کا"ی رۆمانی"بەفر" ی

ئۆرهان پامۆکیش هەر برێکە لە کەسایەتییەکی نێوان دوو کولتووری تورکی – ئەڵمانی، کە خودی پامۆک خۆی لە نێوان ئەو دوو کولتووردا ژیاوە. بۆیە بیۆگرافیای تاکەکەس لە رۆمان و چیرۆکدا بەهۆشمەندی، یان ناهۆشمەندی برێتییە لە گێرانەوەی بەشێک لە ژیان و باسکردنی رووداوەکانی ژیانی نووسەر خۆی، هەندێ کەس ئەو جیاوازییە لە شێوەی مامەڵەکردن دەبینین، هەروەها هەندێ نووسەر راستەوخۆ سوود لەم حاڵەتە دەبینن، هەندێ نووسەر ناهۆشمەندی گێرانەوەی بەسەرهات و چیرۆکەکانی ژیانی خۆیان دەکەن بە رۆمان و چیرۆک.

رۆمان وەک هونەرێکی فرە رەهەند بواری ئەوە بە رۆماننووس دەدات، لە هەموو مەودایەکەوە پەل بهاوێ، لە پێش دەمی خۆیدا ئەو رووداوانە دانێ کە دەکرێ چرکە لە دوای چرکە سوودیان لێ ببینێ، زۆر کات ئەم سوود وەرگرتنە پێچەوانەیە، نووسەر لە رێگەی کەسایەتی رۆمانەکانییەوە ناخی خۆی زیاتر دەگووشێ تا زیاتر لەوان بچێت و دەچێتە حاڵەتی ئەوانەوە تا بەسەرهاتەکانیان بە جوانی بگێرێتەوە، هەروەک دەبینین رۆماننووس لە نووسینی رۆمانی واقیعیدا دەچێتە ئەو جێگەیانەی کە رووداوی رۆمانەکانی لەوێدا دەکرێ روویان دابێ، ئەگەر باس لە بەندیخانە بکات لەوێدا دەژی، ئەگەر لە بیابان و گوند و کێڵگە و نەخۆشخانە و شێتخانە و .... هتد. ئەم شێوەیە ناکرێ بیوگرافیایەک بێ کە روویان دابێ، دەکرێ بیۆکرافیایەک بێ کە روو دەدا و دەبێتە بەشێک لە بەسەرهاتی ژیانی رۆماننووس و دەچێتە نێو ژیانی نووسینەکانییەوە.

بە هەردوو بارەکەدا گێرانەوە و چیرۆک و بەسەرهات دەکرێ و کراویشە کە راوکردنی کلافەی ئەو پەتانە بێ کە گلۆر دەبنەوە و دەگەنە قەدێک کە کەسایەتییەکانی نێو رۆمان دەستی دەدەنێ، ئێمە لە رۆمانی کوردی ئەم حاڵەتە بەزۆری دەبینین، لەبەرئەوەی زۆربەی رۆمانە کوردییەکان بەسەرهات و گێرانەوەی ئەزموونەکانی تاکەکەسی نووسەر، گێرانەوەی ئەو شتانەیە کە خۆی تێیدا ژیاوە، یان وێناکردنی ساتە وێنەگرییەکانی ژیانی دەوروبەری

خۆیەتی، رۆماننووسە کوردەکان زۆر بە گرانی دەتوانن لە جوغزی بیۆگرافی خۆیان بچنە دەرێ و بتوانن مەودای گێڕانەوەیان زیاتر بکەن لە مەودای ئەزموونی ژیانی خۆیان، جارجار دەربازبوون لەو شێوە هەیە، بەڵام زۆر کەم و مەودا کورتە.

* تێکەڵاوی و ناحاڵیبوونێک لە ئاستی شیعرییەتی زمان و زمانی شیعرییەت هەیە، لە چیرۆک و رۆماندا شیعرییەتی زمان و زمانی شیعریی چۆن کاریان پێ کراوە، بەتایبەتی لە کارەکانی نەوەی ئێوەدا؟

– شیعرییەت لەنێو ئەدەبی کوردیدا چووەتە هەموو مەوداکانەوە، ئەو زمانەی کە شیعرییەت لەگەڵ خۆیدا دەباتە نێو رۆمان و چیرۆکەوە بۆ ئەوە نایبا تا دەوڵەمەندییەکی مۆسیقی و هارمۆنی ببەخشێتە شێوەکانی گێڕانەوە و پێکهێنانی بنیاتێکی بەهێز بۆ ئەو رۆمانە.

زمانی شیعری جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەشیعربوونی زماندا هەیە، زمانی شیعری بەخشینی شێوە هارمۆنیایەکی تایبەتە بە زمان کە لە قالبە سادەکەی بەکارهێنانی رۆژانەدا بەکار دەهێنرێ، بەڵام لەنێو رۆماندا هارمۆنیای رۆمانەکە رێکوپێک دەکات، واتە بوونی ئەو زمانە بەمەبەستی بەشیعرکردنی رۆمان و چیرۆکەکە نییە، بۆیە دەبینین لە ئێستادا لەنێو کاری رۆماننووسین و چیرۆکنووسیندا شێوەیەک لە بەکارهێنانی زمانی شیعری هەیە کە ئەمەش بۆ خۆی لە بناغەدا خزمەت بە گەشەکردنی رۆمانەکە ناکەت، بگرە ئەرکەکەی دەگۆڕێ، میلۆدیای زمانی رۆمان لەگەڵ زمانی شیعرا جودایە، ئەو جیاوازکارییە تایبەتی خۆی هەیە و هەر ژانرێک شێوە زمانێک دەخوازێ، بڕێکی زۆر لە پێوەندییەکان ئاماژە بۆ شێوەکانی بەکارهێنانی ئەم زمانە دەکەن، تێکەڵکردنێک لەلایەن رۆماننووس و چیرۆکنووسان هەیە لە نێوان زمانی شیعر و شیعرییەتی زمان، زمانی شیعری وا دەکات کە تۆ بتوانی ئەو دەرگایانە لە خۆت بکەیتەوە کە دەبنە هۆێ بەهێزکردنی زمان و

ئاستی میلۆدیای بەسەرهاتی نێو رۆمان و چیرۆکەکانت، نەک سستیان بکات، زمانی شیعری ئەو هێزە لە رۆماندا دەکوژێ ئەگەر هاتوو بەتەواوی سەرتاپای مەودای گێڕانەوە و شێوەکانی بنیاتی رۆمانی گرتەوە، ئەگەر زمانی شیعری بووە زمانی سەرەکی کەواتە تۆ سیفەتی شاعیربوون دەبەخشیتە هەموو کارەکتەر و رووداوی نێو رۆمانەکەت.

شیعرییەتی زمان واتە بوونی ناواخنێکی شیعرییانە لەنێو زمانی گێڕانەوەدا، واتە بوونی پێوەندیی لە نێوان ئەو بەسەرهاتە و شێوەی بەکارهێنانی هاوتەبایی لە نێوان زمانی رۆمانەکە و رووداو و بەخشینی ئێستێتیکای گێڕانەوە و شانبەشان رۆیشتن لەگەڵ رووداوەکان.

بۆیە شیعرییەتی زمان کۆمەڵێ پێوەندیی لەنێو دەقدا دروست دەکات ئەگەر هاتوو بەستنەوەکەت پابەند بێ بەشێوەی پێکەوەبەستنی رووداوەکان بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموو جەمسەرەکان لە یەک سەنتەردا یەکبگرنەوە.

شیعرییەتی زمان مەودایەکی بەرفراوان دەبەخشێتە زمانی سووڕانەوەی رووداوەکان بەپێچەوانەی زمانی شیعری ئەو مەودایە تەسک دەکاتەوە، شیعرییەتی زمان هاوئاهەنگی لە نێوان هونەری رۆمان و شیعردا دەهێڵێتەوە هونەری رۆمان بۆ هونەری شیعر ناگەڕێنێتەوە، کە ئەمە لە زمانی شیعرییدا روو دەدا، هەروەک دەبینین لە بەسەرهاتە شیعرییەکانی هۆمیرۆس و خەسرەوی قوبادی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی رووبەری رووداوی تەسک دەبینەوە و زمانی رووداو و کەسەکان ئەوەندە بەرفراوان نین، کە ئەمە بۆ ئەمرۆی رۆمان کارێکی قورسە و ئاسان نییە، رۆمان لەمرۆدا پێویستی بە رووبەرە نەک رووبەری لێ تەسک بکرێتەوە، کەواتە زمان هەوڵی ئەوەی ئەوێ کە شتەکان بناسێ، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو سنوورێکی شاراوە بدۆزێتەوە، هەموو ئەو نهێنییانە تەی بکات کە وا دەکەن پێوەندییەکان ببنە سەرەتا و کۆتایی، بۆیە زمانی شیعری ئەو زمانەیە کە لە شیعرەوە نیزیکە و پابەندی کۆمەڵێ سنوورە، بەڵام لە شیعرییەتی زماندا ئەو حاڵەتە

بەدی ناکەین، زمانی شیعر پارچەبوونی جەستەی رستەکانە لە سەرتاپاگیرییەکی بەرفراواندا، شیعرییەتی زمان ئەو پارچە پارچەبوونە تێک دەشکێنێ.

* کردەی فەرامۆشکردنی داهێنەران لە هەموو قۆناخەکاندا بەردەوامی هەبووە و هەیە، بەتایبەتی گرووپ بیەوێ یەکێک بکات بە دیاردە، بە پلان ئەم کارە دەکەن، هەست ناکەیت کار بۆ درێژبوونەوەی بوونی ئەم دیاردەیە ئێستاش بەردەوامی هەیە؟

– لە هەموو قۆناخێکدا داهێنەران لە سەردەمی خۆیاندا سەرکووت و دەمکووت کراون و بایکۆتێکی گەورەیان بەسەرەوە بووە، پێم وایە داهێنەری راستەقینە دژ بە تەوژم دەڕوا و هەرگیز گوێی لەوە نەگرتووە کە لە چ راستەڕێگەیەوە وەپیری دێن، داهێنەری وەچەی زەمەنێکی تایبەت نییە، بۆیە ئەگەر لەو زەمەنی خۆی وێنەی تەڵخ بێ و بەناوازە تەماشا بکرێ، مانای وا نییە ئیتر بۆ خۆی کەسێکە هیچی پێ نییە، زۆربەی داهێنەران لە زەمەنێکی تردا وێنەیان گەشاوەتەوە، دەیەها نووسەری مەزن لە سەردەمەکەی خۆی پشتگوێ خراوە و پاشان ڕۆژگار و سەردەم دەنگی ئەوی بەرز کردووەتەوە.

کەسی داهێنەر بەگژ چیادا دەچێ، بیر لە راکێشانی رووبار دەکاتەوە لە پێ دەشتەوە بۆ سەر کێو، بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە لە دەرەوەی بیرن، داهێنەری راستەقینە، لە پاشکۆخستن ناترسێ، داهێنەری راستەقینە پەیامێکی پێیە کە دەبێ بیگەیەنێ.

بۆیە ئەوەی پاشکۆخستنی رۆشنبیری دروست دەکات نەزانەکانی رۆشنبیریین، ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردی ئەوە هەیە کە ڕوحی داهێنەر دەکوژرێ، ئەوەی توانا و هێز و بیرکردنەوەی هەیە هەر زوو تووشی پەڕاوێزبوون دەبێ، بۆ بڕیاردان لەسەر داهێنەربوون تەماشای بەرهەم ناکرێ، هەموو دەزگەکانی رۆژنامەگەری و تەلەفزیۆنەکانی بۆ تەرخان دەکرێ و لە سیمینار و کۆبوونەوەکاندا دەبرێتە حەلحەلەی ئاسمان، من پێم وایە ئەوانەشی ئەم

کارانە دەکەن لە روانگەی تێگەیشتنی خۆیانەوە ئەو کەسانە بەرز دەکەنەوە نەک لە روانگەی بەئاگابوونیان لە رەوتی داهێنەرانە لە دنیا و لە گەشەکردنی رۆشنبیری جیهان، بەڵام ئەوان بێ ئاگان لەوەی کە رۆشنبیری جیهانی سەدان نموونەی لەوانە گرینگتری لە توێشووەکەی خۆیدا هەڵگرتووە، کەواتە ئەوانەی سەرچۆپی پیاهەڵدان دەگرن، سەرچاوەکەیان سەرچاوەی نارۆشنبیرییە، راستە دەنگانێک هەن کە پێویست دەکات لە ئاستیان هەڵوێستە و وردبوونەوە لە بەرهەمەکانیان بکرێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر لەوێ و لە کن ئەو بەرهەمە و ئەو کەسانە مێژوویی داهێنان تووشی قەتیعە و دابران بێ، کەواتە ئەوانەی کە دیاردە دروست دەکەن، دەبێ پێوانەکانیان زانستی و عەقڵانی و باکگراوندی رۆشنبیری لە پشتەوە بێ، ئەوانەی کە دیاردە لەسەر بناغەی رۆشنبیری دروست دەکەن، دەبێ ئاگایان لەو خاڵە هەبێ کە رۆشنبیری پێوەندییەکی ستوونی نێوان بەرهەمەکانی خۆمان و بەرهەمەکانی دنیاییە، کاتێ بەرهەمێکی شیعری، یان چیرۆک، یان رۆمان بە لووتکە دادەنێین دەبێ ئەوە بزانین کە لە دنیای داهێنان و لە سەرتاسەری دنیادا بەرهەمگەلی ئەوەندە ناوازە و دانسقە هەیە کە رەنگە هونەرەکەی ئێمە نەگەیشتبێتە پاین و دامێنەکەی، هەروەها دەبێ بەبەراوردکاری لەگەڵ ئەدەبی دنیا لەو نهێنییانە بگەین، کە ئەمەش بۆ خۆی پێوەندییەکان لە قالبی تاک و تەنیایی و بەمەزن زانین دەردەکات.

ئەو گرووپانەی ئەم کارە دەکەن، چ جیاوازییەکیان لە گرووپێکی چەکداری هەیە بە زۆر دەچێتە سەر کەسێکی تر و هەموو دەسەڵاتی لێ دەسەنێنەوە، ئەم گرووپانە تەواو وەک ئەو گرووپانەن کە بە تۆپزی هێزی خۆیان دەسەپێنن، بەداخەوە دیاردەی پەراوێزکردنی توانا بەپێزەکانی نێو رۆشنبیری کوردی بەم شێوە کودەتایانە کوژاونەتەوە، ئەم هێزانە زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن، کە تەرازووەکان لاسەنگ بکەن و بێ پێزی بسەپێنن.

* کاتێک خوێنەر چیرۆکێک دەخوێنێتەوە هەست دەکات چەند تابلۆ و

پۆرترێتێک لە پێکهاتەی چیرۆکەکە بەشدارن. هێنانی ئەم تابلۆ و پۆرتریتانە چ سەرەتایەکیان لە دیدگای تۆدا هەیە. ئەم شێوازەش جۆرە تایبەتمەندییەکە لە تۆدا هەیە. چۆن دەتوانیت خوێنەر وەک تابلۆ و پۆرترێتێک راکێشیتە ناو ئەم شێوازە و لە پێکهاتەی دەقەکەدا بەشداری بکەیت؟

– چیرۆک لای من وەک هەر ژانرێکی گێڕانەوە بریتییە لە وێنەکێشان و لەچاودانی جووڵە و هەڵسووکەوت، لای من چیرۆک بە شێوە تەقلیدییەکەی، تەنیا گێڕانەوە نییە، هەوڵ دەدەم هەموو پێوەندییەکان بخوێنمەوە، هەموو ئەو ساتانە بخوێنمەوە کە خۆم مەبەستمە، هەموو ئەو شێوازانە ئاشکرا بکەم کە دەکرێ چیرۆکی پێ بگوترێ، ئەگەر بڕوانینە چوار دەوری خۆمان تێبینی دەکەین کە هەموو دیاردەکان چیرۆکن و چیرۆکیان پێیە، مێروو درەخت و گیانلەبەر و هەموو هەناسەدانێک چیرۆک و بەسەرهاتێکی پێیە، بۆیە دەکرێ لە هەموو دیمەنێکدا چیرۆکێک هەبێ لە هەموو بیرکردنەوەیەکماندا شێوازێکی گێڕانەوە هەبێت، تابلۆکانیش خۆیان چیرۆکن و دەشکرێ رووداوەکانی ژیانیش ببنە تابلۆ و پۆرترێت، من لە چیرۆکنووسیندا پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەم بۆ هەموو شتێک بکرێ بە چیرۆک، بۆیە بەکارهێنانی پۆرترێت و تابلۆ و مینیاتۆر و نەخشە بچووکەکان سەرەتایەکن بۆ بەتابلۆکردنی چیرۆک، بەکارهێنانی پۆرترێت لە چیرۆکدا ئەنجام دراوە، بەڵام بە پۆرترێتکردنی چیرۆک کارێکی قورسە، کارێکە پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ورد هەیە، کارێکە شێوازی بیرکردنەوە و روانینت بۆ هونەری گێڕانەوە و بەکارهێنانی فلاشباگ و مۆنۆ و فرە دەنگی دەگۆڕێ، چیرۆکی کوردی لەسەر دەستی کۆمەڵێ چیرۆکنووسی وەک: عەبدوڵا سەراج و کاکە مەم بۆتانی و"کاروان کاکەسوور ئەم کارەی بەخۆیە بینیووە، بەکارهێنانی تابلۆ و پۆرترێت تەنیا بەکارهێنانێکی پەتی نییە، پۆرترێت و تابلۆکان تەنیا نابنە پێوەندیی نێوان خوێندنەوە و مێشک و خەیاڵی خوێنەر، بگرە ئەم شتانە

پێـوەندی بینیـاری نێـوان چاو و رووداوەکـان دروست دەکـەن، چاو لـەگـەڵ تێکستەکان دەچێتە پێوەندییەکی قووڵەوە، چاو تەنیا ئەو پردە نابێ لە نێوان خوێندنەوە و مێشک، بگرە چاو دەبێتە بەشێک لە روانین، واتە دەبێتە گۆڕینی خـوێندنەوە بۆ بینین، مرۆڤ دەتوانی هەست بە ڕەنگەکان بکات، هەست بەو دەنگانە بکات کە لە دەرەوەی پێوەندییەکانەوە دەچنە دەرەوەی وێنەکانەوە.

چیـرۆک لای من دووبارە زیندووکـردنەوەی پێـوەندییـەکـانە دووبارە دارشـتنەوەی پێـوەندی نێـوان هـەمـوو ئـەندام و هونـەرەکـانـە، چیـرۆکی سـیناریۆئامـێز سـەرەتایەکـە بۆ پێوەندی نێوان چاو و مـێشک کـە ئەمـەش هەوڵێکە ویستوومـە لە چیرۆکدا بەکاری بێنم، لای من شـێوە پانتۆمـایمێک هەیە بۆ وێناکردنی هـەر رووداوێ، ئەم شێوە چیرۆکـانە دەتوانن، بۆ هـەموو زمانێ بشێن، دەتوانن هەموو کەسێ نهێنییەکانی تێ بگات، بۆیە چیرۆکی لەم باتەتە هەوڵ دەدات هەموو هێزەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. هەروەک چۆن هەر تابلۆیەک لە ناخی خۆیدا دەکرێ چەندان چیرۆک هەڵگرێ، هەر ئاوەهاش چیرۆکێ دەکرێ، چەندان تابلۆ لە خۆیدا بشارێتەوە.

پرسیـار: لە چیرۆکی پەنجا و شەستەکانی کوردیدا هونەری نامە زۆر بەکـار هاتووە. نموونە لـە چیرۆکـی مـحـەرەم مـحـەمـەد ئەمین، مـارف خـەزنەدار، مـحـەمـەد مەولوود مـەم).. هتد، لە چیرۆکی حـەفتـایەکاندا بەرەو کـزی دەچـێ و لەیەک دوو نموونـەی (عـەبدوڵا سـەراج و جـەلیل کاکـە وەیس)دا دەمـێنێـتـەوە. لە نەوەی ئـێوەدا بەتەواوێ نامـێنێ. ئەم کارپێکردن و نەمانە بۆچی دەگەڕێتەوە و وێستگەکانی چین؟

– من وای بـۆ دەچم ئەو شـێـوە هەولانە سـەرەتا بـەمـەبەسـتی نوێکردنەوەی چیـرۆکی کـوردیی بوو، واتە ئـەم هونەرە سـەرەتا بـەمـەبەسـتی نوێبـوونەوە و داهێنان هاتە نێو چیرۆکەوە و بە ئەندازەی بەکارهێنانی هەر ڕەگەزێکی نوێ ئەو بەکـارهێنانـەش لە چیـرۆکدا نوێ بوو، پێم وایە بەکـارهێنانـی ئەم ژانرە ئەوەنـدە نوێ نیـیـە، بـگرە شـێـوەی بـەکـارهـێنانـی ئەم ژانرە دەگـەڕێتـەوە بۆ

کاریگەریی چیرۆکنووسانی کورد لە خوێندنەوەی نامەی رۆماننووسان و چیرۆکنووسانی وەک: کافکا و سارتەر و چەند نووسەرێکی تری عەرەب کە ئەوانیش توانییان لە رێگەی ئەدەبی جیهانییەوە بیهێننە ناو ئەدەبی عەرەبییەوە، بۆ نموونە کافکا کۆمەڵە نامەیەکی بۆ باوکی نووسیووە و وەک چیرۆکێ ئەو بەسەرهاتانەی نێوان خۆی و باوکی دەگێڕێتەوە، یان رۆماننووسی رووسی دایستۆفسکی لە رۆمانی شەوە سپییەکاندا نامەی بەکار هێناوە، یان کەسێکی وەک چیخۆف چەندان چیرۆکی هەیە بەشێوەی نامە گۆڕینەوە باسی دەکات.

رۆماننووسی ئێرانی بوزورگی عەلەوی لە رۆمانی"چاوەکانی" سوودی لە رەگەزی نامە وەرگرتووە، هەروەها لە عەرەبیشدا نووسەرانی وەک عەبدورەحمان مەجید ئەلروبەیعی و وەلید ئیخلاسی سوودیان لە بەکارهێنانی نامە وەرگرتووە.

لە چیرۆکی کوردی، بەکارهێنانی رەگەزی نامە لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی نووسینی چیرۆکدا باو بووە، وەک گوتم بە مەبەستی نوێکردنەوەی رەگەزەکانی چیرۆک بەکار هاتووە، هەروەک چۆن هاتنە ناوەوەی رەگەزەکانی دایەلۆگ و فلاش باگ و مۆنۆلۆج بۆ نێو چیرۆک و بەمەبەستی دەرکردنی لە حاڵەتە باوەکەی، هەروەها بەکارهێنانی ئەم رەگەزەش بۆ خوڵقاندی گۆڕان لە بنیاتی چیرۆکدا.

ئەو سەردەمەی موحەرەم محەمەد ئەمین، مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم و عەبدوڵا سەراج و جەلیل کاکە وەیس سەردەمی هەوڵدانی نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی بوو، پاشان تەوژمی نوێبوونەوە زۆر بە خێرایی لە چیرۆکدا پەرەی سەند دوای بڵاوبووەنەوەی چیرۆکی هونەری و دەرچوونی چیرۆک لە ئاستی کلاسیکی و کەمبوونەوەی شێوەی گێڕانەوەی راستەوخۆ و پەیدابوونی شێوەی قوتابخانەی واقیعی سۆسیالیستی و خەیاڵی زانستی و واقیعی سیحری و چەندان تەوژمی تر وایان خواست کە چیرۆکی کوردیش گۆڕانی بەسەردا بێ لە نەوەدەکانەوە چیرۆکی کوردی ئاراستەیەکی تری لە نوێبوونەوە

گرتەبەر، چیی تر چیرۆک پابەند نەبوو بە ڕێسا و یاسا باوەکانی چیرۆکەوە پابەند نەبوو بەو تەوژمە تەقلیدیانەی پێش خۆی، چیرۆکی سەردەم و نەوەی ئێمە پابەند نییە بەهیچ ڕێچکە و یاسایەکی تایبەت، دەکرێ بگوترێ چیرۆکی ئێستا تێکەڵەیەکە لە هەمـوو هونەر و ڕێچکەکانی هونەری چیرۆک، واتە چیرۆکی کوردی سوود لە هەموو شێوە بیرکردنەوە و ژانرەکان وەردەگرێ، هەروەها داهێنانی قوتابخانە نوێیەکانی ئەدەب هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی شێوەی داهێنان بوون لە چیرۆکدا، تا سەرەتای ٢٠٠٠ یش مامەڵەکردنی دوو مەودایی لە چیرۆکدا پەیرەو دەکرا، بەڵام پاشان لەسەر دەستی نەوەی ئێمە و چەند چیرۆکنووسێکی کارامەی وەک: (عەتا محەمەد، کاروان کاکەسوور، ئارام کاکەی فەلاح)....هتد، سێ مەودایی هاتە نێو چیرۆکی کوردییەوە، پاشان دیاردەی بەکاربردنی هونەرەکانی تری وەک تابلۆ و مۆسیقا و ئەفسانە و چەندان شتی تر لەم سەردەمەدا هاتە نێو چیرۆک و تەوزیف کرا.

نەبوونی ڕەگەزی نامە لای نەوەی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە سەردەم و شێوەی ڕوانینی ئەم نەوەیە و دەوروبەری ئەم نەوەیە گۆڕاوە، نامە ناتوانێ هەموو شتەکان بڵێ هەروەک چۆن نامەبەرە و شێوەیەک لە مەرگ دەڕوا، پەیدابوونی پێوەندیی ئاشکرای نێوان زمان و گوێ، دەنگ و بیستن ڕۆڵی نامە کەم دەکەنەوە، هێزەکانی تری پێوەندی ئەو هێزە لە ئەدەبدا دەکوژن، چیرۆک هەوڵێکە بۆ گەیاندنی پەیامێ، هەوڵە بۆ گۆڕینەوەی هەستەکان، بەڵام ئەو نامەیەی کە تۆ باسی دەکەی ئێستا لەنێو کارەکانی نەوەی ئێمەدا هەیە، بەڵام لە شێوەیەک لە شێوەکان لەناو گێڕانەوە و شێوەکانی تری دەربڕیندا تواوەتەوە، ئەم پێوەندییە ڕێچکەیەکی تری گرتووە، پاشان نامە شێوەیەکە لە پێشکەشکردنی پەیامی ڕاستەوخۆ لەلایەن کاراکتەرەکانی چیرۆکەوە بۆ یەکتری، کە ئەم ڕاستەوخۆییە هێز و توانای چیرۆک کەم دەکاتەوە و چیرۆکیش ئێستا ئەرکی گەیاندنی دەیان پەیامە، پەیامی دەروونی و گوتاری و ناوکۆیی.

* ژیانی منداڵی رۆڵێکی تایبەتی لە پێکهاتەی نووسەراندا هەیە، گەرموگوڕییەکی بەردەوامیش دەدات بۆ راچەنین و کارکردن، ئایا ئەم گەرموگوڕییەی لە کارەکانتدا دەردەکەون چەند پێویستیان بەو پێکهاتەوە هەیە، کە منداڵی بە تەواوی تەمەنی دەبەخشێ و تا نەمان لەناو مرۆڤی هەستیاردا وەک خاڵێکی پڕ دەمێنێتەوە؟

– هەموو یەکێک لە ئێمە بەرهەمی بیرەوەری منداڵییەتی، هیچ یەک لە ئێمە ناتوانێ فەرامۆشی ساتەکانی منداڵی بکات چ بە نووسین و چ بە بیرەوەری، منداڵی بۆ خۆی بریتییە لە مەزنترین دەسپێکردن و مەزنترین کۆتایی، هەڵگرتنی پێکەنینە زارووییەکانە، هەموو راچەنین و کارکردنەکانمان سەرچاوەکەی لە بوونی ئەو منداڵیە نییە کە هەر یەک لە ئێمە هەیەتی بگرە لە بوونی ئەوەدایە کە چۆن هەریەک لە ئێمە دەتوانێ وردەکارییەکانی ئەو منداڵییە بەکار بێنێ، چۆن دەتوانێ زەردخەنەکانی ساتی منداڵی بکاتە دەسپێک بۆ دەسپێکردن، گریانەکانی منداڵی وەک پێکەنینێ بگێڕێتەوە، لە کردەی نووسینی چیرۆکدا منداڵی دەوڵەمەندترین هەوێنە بۆ هەڵهێنانی ئەو ساتە نووستووانەی ژیان، نووسەرە مەزنەکان سەرچاوەی ئیلهام و خەونەکانیان لە منداڵییەوە وەرگرتووە، لای کەسێکی وەک یوستن گاردەر منداڵی ئەوەندە مەزنە کە بە زمانی منداڵی دەنووسێ، ئەوەندە بالای بەرزە کە دەبێتە سەرەتا بۆ دەسپێکردنێکی دەوڵەمەند.

نووسەر بەدوو شێوە دەتوانێ سوود لە منداڵی خۆی وەرگرێ، یەکەم بە هەڵگرتنی هەموو ئەو بیرەوەرییانە لە شێوەیەکی خەملاو و گۆڕاو بۆ نێو پرۆسەی بیرکردنەوە و داهێنان، دووەم لە رێگەی ژیان لەنێو شێوە نوێکانی بیرکردنەوە کە منداڵی تێیدا بەشێک بێ بۆ دەوڵەمەندکردنی، بڕێکی زۆر لەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ بیرکردنەوە سەرەتاکەی هەڵگرتنی پاکیزەیی منداڵییە، منداڵی بریتی نییە لە گێڕانەوەی بیرەوەری بە ئەندازەی ئەوەی بریتییە لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی منداڵی، بیرکردنەوە لە

گۆڕانکاری لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر، لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر لە چۆنیەتی لێکدانەوە و بیرکردنەوەی سات لە دوای ساتی ئەو چرکانەی بەجێیان دێڵی و ڕوو دەکەیتە قۆناخێک لە دووبارەبوونەوە.

منداڵی لای من بریتییە لە دوو سەرکوتکردن و دوو سەرکەوتنی گەورە، سەرکوتکردنی باوک و کۆمەڵگە، کە ئەمەش دەرئەنجامی سەرسەختییەکان و دۆزینەوەی خەونەکانە، منداڵیم سەرسەختییەکی گەورە بوو بۆ ڕاهاتن لەگەڵ زڵلەکانی دەوروبەرم سەرسەختی بوو لەگەڵ پێکەنینە تاڵەکان، ڕاهێنان بوو بۆ سەرشۆڕی بەرانبەر دەسەڵات. سەرکەوتن بوو بەسەر دیوارە بەرزەکانی ژیان، ژیانی منداڵیم ئەزموونێکی لەبیرچوونەوەی ژیانە، من تاکە ئەزموونێک کە لە منداڵیمەوە بۆم مابێتەوە برینەکانێتی نەک وانەکانی، بەدەگمەن لە چیرۆک و نووسینەکانمدا منداڵیم دەبێتە بابەت، منداڵی دوا وێستگەیە بۆ دووبارە داهێنانەوە، نەک وێستگەی سەرەتاییم.

* ئەدەبی وەسفی و ئەدەبی دیدگای متوربەکراو بە ئێستێتیکا، ئەدەبی فیکری... هتد، هەیە نموونە ئەدەبی وەسفی ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی ئەدەبی متوربەکراو بە ئێستێتیکیا ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی هێمنگوای. ئەدەبی فیکری ڕۆمانی (پاژنە ئاسنینەکان)ی جاک لەندەن. ئەم سێ هێڵە چۆن تێ دەگەی و هەست دەکەیت کامە هێڵ زیاتر دەوڵەمەندت دەکات بۆ کارکردن و پەرەپێدان؟

– لە سەرەتای دەسپێکردنم بە نووسین بەتایبەتی کاری چیرۆکنووسین بڕوام بە هەندێ تەوژمی تایبەت بوو، سەرەتا لە خوێندنەوە و نووسینەکانمدا گوێم بەهیچ تەوژم و جۆرە ئەدەبێک نەدەدا، هەموو شێوە ڕۆمان و چیرۆک و قوتابخانەیەکم دەخوێندەوە، پاشان لەگەڵ گۆڕانکاری ئایدیۆلۆجی و وەک زۆربەی هاوتەمەنی خۆم ڕووم کردە ئەدەبی واقیعی سۆسیالیستی. بە ئەندازەیەکی بەرفراوان هەموو کارەکانی ئەو ئەدەبەم لە باشوورەوە تا باکور

خـوێندەوە، کـاریگەریی کـردە سـەر شـێـوازی نـووسـینیـشم، تـا ئەو رادەیەی هەمـوو ئـەدەبێکم رەت دەکـردەوە کـە لـە دەرەوەی جـوغـزی ئەو ئەدەبـە بووایە، پاشان رووم کردە نێو قـووڵاییی ئەو قوتابخـانەیە و کۆمـەڵێ شتی جـوانی لێوە فێربووم، کۆمەڵێ شتی پێ بەخشیم، بـەڵام کۆمەڵێ شتیشی لێ سەندمەوە، لە شێوەکانی تر و نموونەکانی تر و قـوتابخـانەکانی تری دوور خـستمەوە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە ژمـارەیەکی زۆر داهێنان و شـاکـاری دنیـایی لێ سـەندمـەوە، پاشـان ئەم کاریگەرییـە لە نووسین و کـارە وەرگێڕاوەکانیـشمدا رەنگی دایـەوە، وردە وردە بەپێی گـۆڕانکارییـەکـانی دنیـا توانیم لە و بـازنەیە بێـمە دەرێ و روو بکەمە شـاکـارە جیهـانییـەکانی دنیا و کـارەکانی ئەدیبانی ئەمەریکایی لاتین و یابان و ئەدەبی ئینگلیزی و کـلاسیکی رووسی بخوێنمـەوە، پاشان ئەمـە بۆ خۆی لای من ئاوێنەیەک بوو بۆ ناسین و لە یەک جیاکردنەوەی یەکبەیەکی ئەو ئەدەب و قـوتابخانانە لە یەکتری، بەڵام هـەموو کـات کاریگەرییە سیمبولییەکانم سـەرچاوەی لە ئەدەبە سیمبولییەکانەوە وەرگرتووە. سیمبولی موتوربـەکراو بە خـەیاڵ و ئێـستێـتیکا بۆ من زۆر گـرینگە، کـارەکـانی من لە هـەرسێ تـەوەری سیـمـبـول و خـەیاڵ و ئێـسـتێـتـیکا دەسـووڕێنەوە، حـەز بە راسـتەوخـۆیی لە نووسـیندا ناکەم، هـەروەهـا هـەوڵ دەدەم لە زۆربەی ئەو شێوە سیـمبولیـەتە رووتانەش دوور بکەومەوە، ئەدەبی فیکری بـۆ من تەنیا لە تەوەری ئایدیۆلـۆجیـادا ناسـووڕێتـەوە، ئـەدەب دەتوانێ لە ڕێگەی دەربـڕینی ڕێبـازێکی فیکری فـەلسـەفی و رۆشنبیری و سـایکۆلۆجییەوە وێنای بیـر بکات، کەواتە من هـەوڵ دەدەم هـەموو شتە تایبەتییەکانی نووسین کۆ بکەمەوە، بۆیە نووسین لای من زیاتر ئاوڕدانەوەیە لـە هەموو شـتـە جـوانەکان، لە خـوێندنەوەی هـەر شێوە نووسینێک و هەر شـێوە داهێنانێک گرینگ لای من هەڵبـژاردنی ناوەڕۆکە نەک هێنانی هێڵێکی راست و چەپ بەسـەر هـەمـوو قوتـابخـانەکاندا وەک هەندێ لە نووسـەران پەیڕەوەی دەکـەن، من لـەلای جـاک لەندەن و مـاکسـیم گـۆرکی و جـەنگیـز ئیتمـاتۆڤ شتـە جـوان و ڕوحییـەکـان دەبینم و لای جیمس جـۆیس و ولیـەم فـۆکنەر و مـارسـیل پـرۆست و کـافـکا و ئەسـتـۆریاسـیش شـتـی جـوان

دەبینم، جا ئیتر گرنگ نییە، ئەمیان سەر بە واقیعییەتی سۆسیالیستییە و ئەوی تریان سەر بە شەپۆلی نوێی ڕۆمان و بوونگەرایی و واقیعییەتی سیحرییە، جیاکردنەوە بەو شمولییەت و گشتگیرییە، گورزی کووشندە ئاراستەی ئەدەب و نووسین و بیرکردنەوە دەکات، کەسی جوانخواز لە هەموو قوتابخانەیەکدا بە دووی جوانییەکان دەگەڕێ، گرینگ نییە ئەو جوانیانە لە کوێ هەبن، تۆ دەکرێ لەنێو پڕ دڕکاویترین کێڵگەدا جوانترین گوڵ بدۆزیتەوە، هەروەها دەشکرێ لەنێو پڕ گوڵ و گوڵزارترین باخچەدا ئەو گیاکوێرانە ببینی کە دیمەنی جوانییەکانی ئەو باخچەیە تێک دەدەن.

ئەگەر نووسەر بە جوانی لە هەموو هێڵەکانی متوربەکراو بە ئایدیۆلۆجیا و ئێستێتیکا بگات، ئەو کاتە دەتوانێ شتە جوانەکان لە هەموو جێگەیەک ببینێ، ئەمەش ئەزموون و دیموکراسیەتی دەوێ لە بیرکردنەوە، کەسی نادیموکراسی لەبیرکردنەوەدا هەردەم ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بە تەنیا خۆی بە یەک قوتابخانەوە هەڵواسێ.

* لە هەشتاکاندا لە یەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری لێکۆڵینەوەیەکت لە بارەی چیرۆکی (هاوار)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بڵاو کردەوە، بۆ ئەو کات میتۆدێکی نوێ بوو، لەم لێکۆڵینەوەت بەدواوە چیت بۆ ئەدەبی کوردی کردووە و ئاراستەکانی کارکردنی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بە چ ئاستێکی بەرزبوونەوە، یان داکشان چووە؟

– ئەو ڕەخنەیەم لەربارەی چیرۆکی (هاوار)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل نووسی، یەکەم کاری ڕەخنەییم بوو، ئەو کاتە ئەو ڕەخنەیە بۆ ئەو سەردەمە نوێ بوو، یەکەمین میتۆدی ڕەخنەیی بوو لە ئەدەبی کوردیدا کە شێوەی لێکدانەوەی بنیاتگەری و دەروونناسی تێدا بێتە کارهێنان لە لێکۆڵینەوەی دەق دا، من لەو کارە ڕەخنەییەدا بە دەرکردنی نووسەر بۆ دەرەوەی لێکۆڵینەوە دەست بەکار بووم، واتە مامەڵەکردنێکی پەتی بوو لەگەڵ تێکستدا،

پاشـــان هەر ئەو کــارە هەوڵێک بــوو بۆ خـــوێندنـەوەی چیـــرۆک لە ڕوانگەی لێکدانەوەی قـوتابخانە دەروونییـەکانی سیگمۆند فرۆید و بـافلۆف، کە ئەم دوو قـوتابخـانەیە دوو قـوتابخـانەی دژ بـەیەک بوون لە ڕووی پەیڕەوکردنی مـیتـۆدی دەروونی بۆ شیکردنەوە دەروونییەکان.

ئەو کارە بۆ من ئەزموونێکی نوێ بـوو، هەروەها زۆر لە نووسەرانی ئەو کاتە باسـی ئـەو کارەی منـیـان کـرد، نەک هـەر ئەمـەش پاشــان هـەر لەو کـاتەدا من چەندان بابـەتی رەخنەییم لەبارەی رۆمـانی ئەمـەریکای لاتینی نووسـی. لـەگـەڵ دەرکردنی کۆواری" پرۆژە" هـەر بەردەوام بووم لە کاری رەخنەیی، لە رۆژنامـەی کوردستـانی نوێی ســاڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٤چەندان وتاری رەخنەیی و فەلسـەفین بڵاو کـردووەتەوە، مــانای وایە من لـە کـاری رەخنـەیی هـەر بەردەوامم و چـەند لێکۆڵینەوەم لەبارەی چیـرۆک و شـیـعری ئەم نووسـەرانە (ئەحـمـەد مـحـەمـەد ئیسماعیل، عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی، سەباح ڕەنجدەر، عەتا محەمەد، جەمال غـەمـبـار، مـەریوان و یاقــانیع...هتـد بـڵاوکـردووەتەوە، من وا هـەست دەکـەم شـێـوەی کــارکـردنـی رەخنەییم بەرەو پێـشـتـر دەڕوا و هەوڵ دەدەم بەپێی مـیتـۆدێکی زانسـتـییـانـە مـامـەڵە لەگەڵ هـەر تێکسـتێکی ئەدەبـی بکەم، رەخنە تەنیا خـوێندنەوە و هەڵهێنجانی نهێنییەکانی دەق نییە، رەخنە رۆچوونە بەرەو ناخی دەق، دەبێ رەخنـە نووسـەر تووشـی شـێوەییـەک لە سـەرسـوڕمـان بکات، من هـەوڵـم داوە ئەم سـەرسـوڕامـانـیـیـە لای ئەو نـووسـەرانـە دروست بکەم کـە رەخنەم لە تێکستەکانیان گرتووە، بێگومان ئەمە بە دان پێنانی خۆیاندا.

مـامـەڵەکـردنم لەگەڵ هـەر تێکسـتێکدا سـەرچاوەکـەی تەنیا بریتی نیـیـە لە خوێندنەوەیـەکی سـەرپێی، بگرە خۆ تـەرخـانکردنمە بۆ ئەو دەقـانـە، لەگەڵ ئەو دەقــانە دووبارە بژیم و بینووســـمـــەوە، دووبارە تۆمــارکـردنەوەی ئەو دەقـــەیە بەشێوەیەک کە من دەیبینم، داشکانی تێکستی کوردی کـاری کردووەتە سـەر داشکانی رەخنەش، رەخنـەی زیندوو لەگەڵ تێکسـتی زیندوودا زیاتر دروست دەبێ، بۆیە رەخنـەی باش دەیەوێ کار لەسـەر تێکستی زیندوو بکات.

* کردەی ناوونیشان چۆنە لای تۆ، لە ناوونیشانەوە (تیمە) رامانی سەرەکی دەقەکە دەبەخشێ، یان ناوونیشان ئیحایەکە بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوە، نموونە ناوونیشانی نۆڤلێتی (تۆڵە)ی محەمەد موکری (تیمە) دەقەکە دەبەخشێ، هەروەها ناوونیشانی چیرۆکی (تابلۆیەک) ی هەمان چیرۆکنووس ئیحایە بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوە، مەبەست و تێگەیشتنی خۆتمان لە کردەی ناوونیشان بۆ دیاری بکە؟

– هەندێ جار سەرتاپای دەقێک پابەند دەبێ بە تێمای ناوونیشانەکە واتە سەرتاپای رۆمانی تۆڵەی محەمەد موکری خۆئامادەکردنە بۆ ئەو تۆڵەیە، یان بەپێچەوانەوە هەموو تێکستەکە دەبێتە باسێک بۆ دۆزینەوەی ناوونیشانەکە، واتە دەق هەندێ جار هەوڵ دەدات گەڕان بێ بەدووی ناوونیشاندا. هەڵبژاردنی ناوونیشان پێوەستە بە سەرتاپای بنیاتی چیرۆک و رۆمانەوە، ناوونیشان بۆ تێکست وەک دڵ وایە، هەموو جەستەی تێکست بەهۆی ئەوەوە دەجووڵێ، لە هەندێ تێکستدا تۆ لە یەکەمین خوێندنەوەت ئاشنای ناوونیشان دەبی، لە هەندێ تێکستی تر زۆر درەنگ دەگەیتە ئەوەی کە ئەم ناوونیشانە ئاماژە بەچی دەکات.

لە هەندێ تێکستدا ناودانان رێک لە لەدایکبوونی منداڵێ دەچێ، کە ناوونیشانەکە پێوەندی بە دانانی ناوی ئەوەوە هەیە، هەوڵێکە بۆ دووبارە نووسینەوەی تێکست، پێم وایە هەندێ نووسەر ئەوەندەی بە دانانی ناوونیشانەوە ماندوو دەبن، ئەوەندە تێکستەکە ماندوویان ناکات، تێکستی بەتوانا خۆی سەرەتا ناوونیشانی خۆی دەسەپێنێ، خۆی دەباتە نێو هەموو کون و کەلەبەری تێکستەکەوە، دەکرێ تێکست هەندێ جار ملکەچی ناوونیشان بێ و هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە، دەکرێ ناوونیشان پاڵەوان بێت یان رووداو یان تێما یان بۆچوون یان شتێک، بەڵام هەر شتێک بێت دەبێ دەربڕینی هەبێ، زۆربەی ئەو کەسانەی بیر لە ناوونیشان دەکەنەوە ئەوانەن کە لە دنیای رووداو و بەسەرهاتەکاندا دەژین، بەڵام ئەوانەی کە سەرقاڵی گەڕانن

بەدووی ناوونیـــشـــان ئەوانە دەیانەوێ زەوییـــەک بدۆزنەوە بۆ بنیـــاتنانی ماڵەکانیان لەسەر ئەو زەوییە.

مـامـەڵەکـردن لەگـەڵ ناوونیـشـان ئـەرکێکی گـرانە، نووسـینی نـاوونیـشـان دەکرێ بۆ بابەت زۆر گرینگ بێ هەندێ جار ناوونیشانی سەرنجڕاکێشەر خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بەڵام دەبێ، بنیات و پێوەندیی ناوونیشان و بنیـاتی دەق ئەوەندە هاوتەریب بن، کە ناهـاوسـەنگی دروست نەبێ، ئەمـەش پێوەندی بە توانای نووسـەرەوە هـەیە لە شێوەی هەڵبژاردنی ئەو ناوونیـشـانە هونەرییانەی کە خۆی بەگرینگیان دەزانێ.

* ڕەگـەزی (ڕووداو، کـەسـایەتی، شـوێن، کـات) پێکهـێنەری دەقی چیرۆکن، ئایا دەکرێ یەک لەو ڕەگەزانە لە پێکهاتەی چیرۆکدا بوونی نەبێت، زمـان، یان ڕەگـەزێکی تر وەهـمی جێگەی بگرێتەوە دەقێکیش بێ لە رووی پێکهانەوە کەموکوڕی نەبێ؟

– ئەو ڕەگەزانەی کە تۆ دەیڵێی کۆمەڵێ پێکهاتەی بنەڕەتی چیرۆکی ئاسایی و تەقلیدین، دەکرێ بەهەمـوو ئەو ڕەگەزانەوە چیرۆکی گەورە و لە هەمـان کاتدا چیـــرۆکی ســست بێـتـــە کـایەوە، هـەروەها دەشکرێ هەر بـە هەمـــان ئەو ڕەگەزانەش چیرۆکی سست و پڕ لە کەموکوڕی بێتە ئاراوە، چیرۆکی زیندوو پێـویســتی بـەوە نیـیـە پابەند بـێ بە بوونی هەمـــوو ئەو ڕەگــەزانە، توانای چیـرۆکنووس لە سـەپاندنی لایەنێک بەسـەر لایەنێکی تردا گـرینگە، دەکرێ کەسێک بتوانێ، چیرۆکێ بنووسێ تەنیا بریتی بێ لە ڕووداو کەسایەتی بەبێ بوونی کات و شـوێن، ڕووداو دەکرێ ڕەنگدانەوەیەکی هەبێت لەسـەر کردار و هەڵسـوکەوت، دەکرێ ئەو هـەڵسوکەوتە چیـرۆکێک بێ، شێتی، یان شـادمـانی دەکـرێ پێـوەندی بە نـاخـەوە هەبێ و ڕووداوەکـان بریتی بـن لە گێـڕانەوە ناخ، یان نەبوونی کـاتیش دەکرێ بوونی هـەبێ، وای دەبینم ئەگەر نووسـەری چاک ئەو توانایەی هەبوو ئەو حاڵەتە دروست بکات، مـانای وایە باشـترین تێکسـتی هێناوەتە ئاراوە، ئـەگـەر بـتـوانێ ئەو تێکســتـانە دروست بکات مـانـای وایە

پێـویستـیـیـەکی بەجـێ هێناوە، بۆیە دەڵێـم چیرۆکی زیندوو وەڵامـی خـۆی لای خـــۆیەتـی و پێـــویســـتی بـەوە نیـــیـــە کـــە ســـەرچاوە بـێ بۆ هـیچ یـەک لەو دەسپێکردنانە.

لە چیرۆکی درێژدا رەنگە ئەرکەکە سەختر بێ، بەڵام لە چیرۆکی زۆر کورتدا توانای بـەکارهـێنانی یەک رەگـەز هـەیـە بۆ ئەنجـامـدانی ئەو مـەسـەلەیەی کـە نووســـەر دەیەوێ لـە کــارەکــانـیــدا رەنـگ بداتەوە، واتـە نووســـەر دەتوانـێ بە بەکارهێنانی توانا هونەرییەکانی خۆی تێکست بە سێ رەگەز یان تەنانەت بە دوو رەگـــەزیش بـەدی بێـنـێ، ئەمـــە ســــەرەڕای ئەوەی کـــە بـڕێکی زۆر لـە پێویستـیـیـەکان لەو سـەرچاوەیەوە سـەرهـەڵدەدەن کە رەنگدانەوەی مـەسـەلە گرینگەکانی ژیان چۆن لە کارەکـانتدا رەنگ دەدەنەوە، بۆیە من پێم وایـە کـە رەگەزەکانی رووداو و کەسایەتی و شـوێن و کـات مـەرج نییـە هـەر هـەموویان دەبێ لە کارێکی چیرۆکنووسیندا ئامادەییان هـەبێ، هـەروەها هـەندێ رەگەزی وەهـمـی هـەن جـێگەی کـەسـایـەتیـیـەکـان دەگـرنەوە و دەبنـە شـێـوەیـەک لە بیـرکـردنەوە لە پێـویسـتـیـیـەکـان، بیـرکـردنەوە و داهـێنان، هـەروەهـا دەبنە شێوەیەک لە بەدیهێنانی ئەو تێرمانەی ڕێگە بۆ ئەم شێوە بیرکردنەوانە خۆش دەکەن.

رەگـەزەکـانی کـات و شـوێن هـەندێ جـار لە قـالبی وەهـمـیـدا دەردەکـەون، کاتێکی وەهمی ئامێز زەمەن تێیدا ونە و شوێنێک کە بوونە مـاتەریالییـەکانی خـۆی لە دەست داوە، بـۆیە بواری ئەوە هـەیە کـە نووســەر ئەو بۆشــاییــانە بەشـێـوەی تر پڕ بکاتـەوە، بە شـێـوەیـەک کـە رەگـەزەکـان ون بـن و شــتـی تر شوێنیان بگرێتەوە.

* لە هونەری چیرۆکدا دەسپێک کرانەوەی سەرەتای دەقە و هونەرێکی کـاریگەرە، کـۆمـەڵێک ئامـاژە بە جـەسـتـەی دەقـدا بڵاو دەکـاتەوە. لە هـەندێک چیرۆکدا دەسپێک وەک کرانەوەی سەرەتای دەق لە کۆتاییی دەقیش دووبارە دەبێتـەوە، چیرۆکەکە داناخرێ و وەک دەقێکی کراوە

دەمێنێتەوە، ئەم بەکاربردنەش ئەوەندەی ئێمە ئاگەداربین شاعیر و چیرۆکنووس (سەلام محەمەد) لە چیرۆکی (گرێکوێرەی مەرگ) ساڵی ١٩٨٦ لە ژمارە (٥١) ی گۆواری کاروان دەست پێشخەری ئەم چەشنە بەکارهێنانەی کردووە. لە دوای ئەم بەکارهێنانەدا چیرۆکنووسی تر ئەم دووبارەکردنەوەیەی دەسپێکیان بەکار هێناوە و چیرۆکەکە لە نێوان دوو دەسپێکدا جومگەکانی خۆی پێشکێش دەکات، ئایا هونەری دەسپێک لە چیرۆک و رۆمانی کوردیدا چۆن بەرێوە چووە؟

– منیش بۆ خۆم کاتی خۆی کە ئەو چیرۆکەم خوێندەوە بەراوردکارییەکم لە نێوان ئەو چیرۆکە و چیرۆکەکانی پێشتر کرد، تێبینیم کرد کە هەندێ رەگەز لەو چیرۆکەدا ئامادەیە کە لە چیرۆکەکانی تری کوردی جیا دەکاتەوە، سەرەتا کارەکتەری ئەم چیرۆکە کە شێرکۆیە کەسایەتییەکی پڕ گرفت و ناجێگیرییە، چیرۆکنووس لە شێوەی سوورانەوە لە تێکستەکەدا مانایەکمان پێ دەبەخشێ، واتە بازنەیەک لە چیرۆکەکە تەواو دەبێ و پاش هێڵێک لە بازنەکەوە دەچێتە دەرێ، واتە دەسپێک لەم چیرۆکەدا هەمان ئەو کۆتاییەیە کە چیرۆکنووس بەکاری هێناوە، بەڵام ئەم شێوە بەکارهێنانە پێشتر لای چیرۆکنووس (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بە شێوەیەکی بەکار هاتووە، ئەگەر تۆ چیرۆکی "لە رۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارە"دا بخوێنیتەوە کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ نووسیوویەتی، دەبینی ئەو بەشێوەیەکی سادە و رووکەش بازنە دووبارە دەکاتەوە، واتە دەسپێک تەواو لە قوفڵی چیرۆکەکە دەچێ، بەڵام کۆتایی وەکو خۆی دووبارە نابێتەوە، بەڵام لەم چیرۆکەدا قوفڵەکە کۆتاییەکی بۆ زیاد کراوە کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەر گۆڕەکەی (پوورە ئایشێ) و بەیەک وشە ماناکە دەگۆڕێ، کەچی چیرۆکەکەی (سەلام محەمەد) کە لە ساڵی ١٩٨٥ ئەمیش هونەری بازنەی بەکا رهێناوە، بەڵام سەرەتا چیرۆکنووس دەڵێت پاڵەوانەکەی کە ناوی شێرکۆیە ئەو کەسەیە کە دەتوانێ ببێتە هەموو شتێک،

بەڵام هیچ نەبوو، ئەم کەسایەتییە بەوە دەست پێ دەکات کە هەموو شتێکە و هیچ نییە، بەڵام لە کۆتاییەکەدا پاڵەوان دەبێتە تەپۆڵە سەهۆڵێک هەروەک چۆن پوورە ئایشێ دەبێتە لاشەیەک و دوو درەخت دەبنە میوانی گۆڕەکەی، ئەمە مانای وایە لای (سەلام محەمەد) کۆتایی بەشێوەیەکی تەواو پێچەوانە دووبارە دەبێتەوە کە هەموو شتەکان هەڵدەگەڕێنەوە.

ئەوەی لەم دوو چیرۆکەدا تێبینی دەکرێ، بەکارهێنانی هونەری بازنەییە لە چیرۆکدا واتە دەسپێکردن بە پونتێک و گەڕانەوە بۆ هەمان پونت بە تێپەڕبوون بە کۆمەڵێ رووداو رابردووی پێش رووداوی بەیەککگەیشتنی بازنەکە، پاشان دەرچوون لەو بازنەیە بە بەدەستەوەدانی ئەنجام، کەواتە دەسپێک بەم شێوەیە لە چیرۆکی کوردی پێش ئەم دوو ئەزموونە بەدەگمەن بینراوە و دۆزینەوەی ئاستەنگ بوو، ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ دەرچوون لە تەکنیکە باوەکانی گێڕانەوە و بەکارهێنانی شێوازی کلاسیکی و سادەی گێڕانەوە.

چیرۆکی کوردی لە سەردەمی گێڕانەوەی راستەوخۆ و ستوونی و راستەهێڵەوە بۆ شێوازی بازنەیی برد و پاشان هاتنە دەرەوەی هێڵێک لەو بازنەیە ئەویش شێوەیەک بوو لە یاخیبوونی بازنە، هەرچەندە ئەو ئەزموونەی سەلام محەمەد ئەگەر بەو شێوەی دەبینرێ نزیکایەتییەکی شێوازی هەیە لەگەڵ چیرۆکەکەی محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل، بەڵام لای ئەحمەد کۆتاییی چیرۆکەکەی وەک خۆی دووبارە نابێتەوە، بەڵام سەلام توانیوویەتی هونەرییانە و کاریگەریانە و شارەزاتر لە تەکنیک ئەو شێوە بازنەیە دروست بکات و پاشانیش بمانباتە دەرەوەی بازنەکە، توانیویەتی پێوەندییەکان بپچڕێ و شێوە شێوازێکی تر و بنیاتنانێکی تری هەیکەلی چیرۆک بێنێتە ئاراوە، بەڵام من ئەو گومانەم لایە کە ئەم میتۆدە پێشتر لە چیرۆکی بیانیدا هەبووە. هەردوو چیرۆکنووس لە ئەدەبی بیانی فێری بوونە، بەڵام سەلام هونەریتر لە ئەحمەد بەکاریهێناوە.

بوونی شێوازەکانی ستوونی و ئاسۆیی هەر لە سەردەمی حەسەن قزڵچی

و محەمەد مەولوود مەم و مستەفا ساڵح کەریم و کاوێس قەفتان پیادە کراوە، بەڵام بەکارهێنانی شێوە بازنەیی گێڕانەوە لای حوسێن عارف و عەبدوڵا سەراج و کاکە مەم بۆتانی و سەدرەدین عارف و جەلیل کاکە وەیس و رەئوف بێگەرد و سەلاح شوانیش بەکار هاتووە.

چیرۆکی کوردی گرفتەکەی ئەوە بوو کە نەیدەتوانیٚ زۆر بەپەلە فۆرمەکانی خۆی بە تەواوی بگۆڕێ، زیاتر لەرووی شێوەکانی جووڵەوە دەگۆڕا، واتە چیرۆک بزووتنی گیرانەوەی خۆی دەگۆڕی، لە سەرەتا و گرێ و کۆتاییەوە رۆیشتووە بۆ کۆتایی و سەرەتا و گرێ، یان گرێ و کۆتایی و سەرەتا، بەڵام پاشان ئەم هێڵانە گۆڕانییان بەسەردا هاتووە، لە شێوەی گێرانەوە و تەوزیفکردنی شێوەکانی تری گێرانەوە هەوڵی داوە، هێڵی گێرانەوە تێکەڵەیەک بێ لە چیرۆک و شیکردنەوەی دەروونی و شیعر، بەم کارەشی خواستوویەتی شێوەکانی دارشتن بگۆڕێ، بۆیە ئەو شێوە بازنەیەی کە لەلای بەرهەمەکانی سەلام محەمەد و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دەبینرێ، شێوەیەکە لە پەنابردنە بەر شێوە گێرانەوەکانی تر.

* ئایا نووسین لای تۆ چییە؟ لە کوێوە دەڕوا و لە کوێوە دێتەوە و لە چ جێگەیەکەوە کۆتایی دێت، ئایا نووسین تەنیا رەشبوونی سەر سپییە، یان گەڕانە لەنێو هەموو ژانرەکان بۆ پێکهێنانی ژانری تایبەت بە خۆت؟

وەڵام: ئەوەی لە تووڵەڕێگەکانی ژیاندا خۆی لەگەڵ مندا دەبات، تەنیا ئەدەب نییە، لای من ئەدەب رێچکەیەکە دەمبەستێتەوە بەهەموو بەشەکانی تری بیر و ئەندێشە و لێکدانەوە، لە دەرگەی هەموو زانستێکی مرۆیی دەدەم، تا بتوانم پەیامێک وەرگرم و پەیامێک بگەیەنم، بیرکردنەوە و هز و لێکدانەوەی من لە ئاستێکی رۆشتبیری تایبەتدا ناوەستێ، بگرە گەردش دەکات و سووچەکانی مێژوو، سایکۆلۆجیا و کۆمەڵناسی و ڕوح و سۆفیزمیش دەخوێنێتەوە، سەرچڵی نووسینەکانی من، سەرچڵی خۆمن لە لێکدانەوە و بیرکردنەوە و

گـەڕان و پشکنیندا، سـەرچڵـین لەپێناو دۆزینەوەی مـانا نـوێیـەکـانـی ژیان، دۆزینەوەی ئەو پرسـیـارانەی کە سـەردەمـانێکە وەڵامـەکـانیـان لام ئاشکران، گـەڕان بـەدووی ئەو گـوڵانـەی لەنێـو گـوڵسـتـانەکـانماندا ونن و دەرنـاکـەون، دۆزینەوەی ئەو چڵە درەختانەیە کە لەنێو دارستانی مـەزنی ژیاندا کەس بۆنی گەڵاکانی نەکردووە.

گەڕانی من لە نووسـیندا، گەڕانی کەسـێکە چووەتە نێـو قـووڵاییی دەریاوە، تەنیـا بەدووی مـاسـیـیـە زەبەلاحـەکـاندا نـاگـەڕێ، بگرە دەیـەوێ ئەو وردە مـاسـیـیـانەش بدۆزیتـەوە، کە نەبـوونی ئەوان گەورەکانیش لەنـاو دەبا، لێرەوە جارێکی تر دەڵێم ئەوەی وای لە من کردووە، وەکو کەسـێک لە نووسینەکانمدا بەدووی ئـەو بابەتانـە بگەڕێم کـە باس نەکـراون، یان کـەمـتـر بەلایدا چوون، هەوڵدانە بۆ خـۆجـیاکردنەوە و خـۆخـسـتنە نێو خـانەی جیـهانێکی تایبـەتەوە، وشـەکانی من وشـەی پاکیزە نین، وشـەی پاراو نین، وشـەیەکن کۆمـەڵێ گوناهـی گەورەیان لە کۆڵ گرتـووە، بە دوو دەسـتی پڕ تاوانەوە لەنێو دنـیـای نووسـینی کوردیدا بەرگی ڕەش لەبەر دەکەن و دەگەڕێن .

نووسین لای مـن سـەرەڕای ئەوەی بـانگێـشـێکە بۆ بەرپاکـردنی کـەرنەڤـاڵی نێوان ڕەنگەکان، لە هەمان کاتیشدا هەوڵە بۆ بەمـەزنکردنی نووسین، نووسین یاخـیـبـوونە لەپێنـاوی یاخـیـبـوون، حـەز بەوە نـاکـەم نووسین دۆڕاوێکی نێـو گۆڕەپان بێ و سەرشۆڕانە دەست بخاتە نێو ئەو کونانەی هەنگوینی لووتکەیی پێ دەبەخـشن، لای من جـوانتـرین تێکست لەو کـاتەوە دەست پێ دەکـات کـە سەرەتا بـێ، نەکۆتاتیی، گەیشتن بە بالآیی لە نووسیندا جـۆرێکە لە زیادەڕۆیی و شـێـوەیەکـە لە بڕیاردانی مـەرگ بەسـەرخـۆدا، مـەزنی نووسین لـەوەدایە لە دڵەڕاوکێیەکی هەمیشەییدا بژی .

بەردەوام بەرانبەر دوا خشپەی نووکی قەڵەم و دوا چکەی پیـتی سـەربۆردی تایپ و کۆمـپیوتەرەکان دانیشتـووم و بەدووی کەسـایەتی و وشـە شـاراوەکان دەگەڕێم لە سـفرەوە دەست پێ دەکەم. نووسـینی بێ دڵەڕاوکێ و نووسـەری بێ دڵەڕاوکێ، دوو شـتن و لە بازنەی داخـراودا دەسـووڕێنەوە، دەبێ دووبارە مـەرگ

و ژیان لە بەرانبەر یەکترا دانێین، نووسین وەکو لە ناخی درەختی سروشت و ستوونی ساختمان و بەشەکانی ڕوحە، دەبێ گەشتی بۆ بکەی تا بیدۆزیتەوە.

جارێکی تر دەگەڕێمەوە دەڵێم، ئەوەی لای من تایبەتە ئەوەیە نووسین لە مەودایەکدا ناسووڕێتەوە، سنووری نووسین ئەوە دەبڕێ تەنیا دەنگ هەڵبڕین و وتنی وشەکان بێت، بگرە نووسین پەیامە. نووسین کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە نووسین شێوەیەکە لە هەڵکشان و دابەزین بۆ نێوەندی پێوەندییەکان نووسین دووبارەکردنەوە نییە بە ئەندازەی ئەوەی چاوخشانە بەخود و ئەو شێوە بیرکردنەوانەی کە دەوریان داوین، بیرکردنەوەیە لە شێوەی پێوەندی و دابڕان و گەڕانەوە.

نووسین لای من ئاوڕدانەوەیە لە عەقڵ و فەرامۆشنەکردنی هەستە، من بەڕوح دەنووسم، ڕوحیش ئەگەر لێکدانەوەی ئایدیالیستەکان بێت ئەوە بەشداربوونی هەموو جەستەیە و ئەگەر بە لێکدانەوەی ماتەریالیستەکانیش بێ ئەوە ئەو خەون و هەست و بیرکردنەوانەن کە لە واقیعدا ڕەنگ دەدەنەوە، بیرکردنەوەی من وەک هەموو نووسەرێک تەنیا تەسلیم بوون نییە بە لایەنێک بیرکردنەوەی من خۆبەدەستەوەدانە بەهەموو واقیع و بوونەکان، پەرەوازەبوونە لە نێوان واقیعی بوون و نەبوون.

نووسین و هەست وەک هەناسەدان وەک هەناسەوەرگرتن وان، ئەگەر یەکێکیان نەبن، ئەوی تریان پەکیان دەکەوێ، کاتێ بۆ یەکەمین جار دەستم دایە قەڵەم ئەوەندە بە سەختی وشەکانم بۆ نووسران، وایان لێ کردم هەموو جارێ کە توخنی قەڵەم بکەوم سەراپای جەستەم بێتە لەرزین، لە بەرانبەر ئەو وشانە سڵ بکەمەوە کە وەک کۆیلە دەیانکەم بە کۆیلەی خۆم، سڵ لەو رستانە بکەمەوە یەک لە دوای یەک دەوەستن و یادەوەری و بۆچوون و خەونەکانم بۆ دەگێڕنەوە، لە یەکەمین ڕۆژەوە کە ئاشنای نووسین بووم لە نووسین دەترسم، وەک بازنەیەکی داخراو دەیبینم، ئەگەر تێی کەوم دەرچوونم مەحاڵە ئەگەر تێی کەوم دەستەکانم شل دەبن. ئەگەر تێی کەوم برینەکانم دەکولێنەوە ئەگەر تێی کەوم وەک ئاوارەیەکم بێ زمان و بێ ناوونیشانم لێ دێ. هەر لەو ڕۆژەوە وشە

و رستـه بوون بە كـاميـرا و چاوەدێرى جـووڵە و بيـركـردنەوەكانم دەكـەن، بە سـووک تەمـاشـاكـردنى نووسـين لاى مـن ئەو شـتـە ياسـاغـەيە كـە بوونى نـيـيـە، هەرگيز نەمزانيووە ئاسانى نووسين چييە.

* زۆر زاراوە هەيە لە نووسـينى لێكۆڵينەوەى رەخنـەيـى كوردى كـە لە بـارەى شـــيـــعـــر و چيـــرۆک و رۆمـــان و تـەنـانـەت لـێكۆڵينـەوەش بەكارهاتوون، ئايا ئەو هەولانەى لـە نێو رۆشـنبيـرى ئێمـەدا دەدرێ بۆ خولقاندى ئەو شێوە زاراوانە تۆ چۆنى دەبينى؟

– ژمـــارەيەكـى زۆر لەو هەوڵدانانەى بـۆ پێناســـەكـــردنى تێكســـتـى مـــەزن و نووســـەرى مـــەزن و تێكسـتـى لووتكە و نـووســـەرى لـووتكە دەدرێ، بڕيـاردانى مەرگى نووسـەرە، بڕياردانى لەچاڵنانى جوانييـەكانە. بڕوا ناكەم كـەس بتوانێ لەو سنوورە درێژبووانەى ژيان ئەوەندە بە توانا بێت كە لەنێو بوخچـەى زەمەن و تايبەتمەندى رۆژگاردا مەودايەک بۆ هەموو جوانييەكان داگير بكا و بڵێ من ئەو خـوايەم و ئاگـرم لە بەهەشـتـەوە بۆ مـرۆڤـايەتى هێناوە، يان بـڵێت من ئەو فريشـتـە باڵدارەم كە باڵى فـڕينم دەبەخشـمـە هەر هەمووتان تا بەسـەر مەزراى ژياندا بفڕن و دەمـامكى خوا بپۆشن، دەسـتيش بەسـەر هەر شـتێكدا بێنين بێ سێ و دوو ببێ بەو شتەى كە هەموو لە چيرۆكە ئەفسانەيەكاندا دەيبينين، يان سەفەرێكم لە داهێنان و دەستى جوانى و قەشـەنگى و ناسكيم بەسـەر ئازار و گەشگەيـەكانى ڕوحى هەمووان نـاوەوە، هەر من دەبمە ئەو رزگاركـەرەى ئەگەر مەسيحيش نەبم، ئەوا موسايەكم و عەسايى سيحريم پێيە.

* زۆر لە نووسـەران لە هاوتەمەنى تۆ بڕێكى زۆر بەرهەمى نووسـينيان هـەيە، بـەڵام بەرهـەمـــەكـــانى تـۆ ئەوەنـدە زۆر نين، چ هـۆكـــارێک لـە پشتەوەى ئەو كەم نووسينەى تۆدا هەيە؟

– ئەگەر تەمـاشـاى بەرهـەم و زۆرى بەرهـەم بكـەين، ناتوانين ئەوە بكـەينە پێوانە

بۆ باشی و توانای نووسەر، نووسەر دەتوانێ دنیایەک تێکست بخاتەوە، بەڵام چ تێکستێ، ئەمە رێک لەوە دەچێ، ژن و پیاوێ هەر منداڵ دروست کەن و بیر لە جۆرایەتی پەروەردەیان نەکەنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ئێمە تووشی خۆینبەربوونی نووسین بوون، ئێستاش مۆدەی ئەوەیە کە زۆرترین کتێب بەرهەم بێن، وا دەزانن نووسین کارگەیە و بەرهەم دێنێ، هەر نووسەرێ دەیەوێ ساڵانە ٢ تا ٤ کتێب بەرهەم بهێنێ، کورد دەڵێ زۆری و بۆری، من دژ بە بەرهەمی زۆر نیم، بەڵام دژ بە بەرهەمی خراپم، ئایا نووسەرێ ئەگەر ئەکادیمیانە لێکۆڵینەوە بکات بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە ساڵانێک هەیە تا بەرهەمەکەی پوخت بێ، رۆماننووس هەیە لە دوو ساڵ یان ٣ ساڵ جارێ رۆمانێک دەنووسێ، بەڵام رۆمانەکەی بەپێز و دەوڵەمەندە، هەشە هەموو ساڵێ رۆمانێکی سەقەت بەرهەم دێنێ، بەرهەمی چاک و کەسی داهێنەر تەماشای زۆری ناکات و ناروانێتە بڕی شتەکان، بڕوانە مایاکۆفسکی و ئانائاخماتۆفا و رامبۆ و دەیان نموونەی تری دنیای شیعر و نووسین کە تەنیا بەرهەمێ، یان دیوانێک بووەتە هۆی ئەوەی ناوبانگ بن و لەسەر ئاستی دنیادا بڵاو بنەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی پێوەندی بەشێوەی بیرکردنەوەی ئەو نووسەرە و شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتەکەی هەیە.

* چۆن لێکچوواندن دەبینی لەنێو ئەدەب و بیرکردنەوەی کوردیدا، ئایا ئەو لێکچوواندنە سەرچاوەکەی لە دەقئامێزانبوونەوەیە، یان لە دووبارە کۆپیکردنەوەی بیر و بۆچوون و شێوازی نووسینی یەکتری؟

– بمانەوێ و نەمانەوێ دیاردەی دەقئامێزانبوون بە درێژاییی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە، بڕوانە فەیلەسووفە ئەغریقییەکان دەبینی لە نێوانیاندا شێوە لێکچوواندنێک هەیە لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیان و شێوەی بیرکردنەوە و داهێنان، هەروەها شێوە بیرکردنەوەیەک هەیە لە ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکانی ڕوح و هەست و بوون و نەبوون، ئەم دیاردەیە لە ئەدەب و هونەریشدا بوونی خۆی هەیە، هەر دەقێک لە سەردەمێکدا درێژبوونەوەی

دەقــەکـانی ســەردەمی پێش خـۆیەتی، واتە هەر دەقـێک کـەم تـا زۆر دووبارە زیادکردن و بەبەرگاکردنێکی نوێی دەقەکانی پێش خۆیەتی. لە ئەدەبی کوردی ئەم دیاردەیە لە شـیـعـر و چیـرۆک و لێکۆڵینەوە سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتی و ئەدەبیـەکـانیـشـدا دەردەکـەوێ، بـەپێی بۆچوونی رۆڵان بارت دەقـێک نـیـیـە بەشـێوەیەک لە شـێوەکان پێوەندیی بە دەقـەکانی پێش خـۆیەوە نەبێ، کەواتە دەتوانـین بڵـێین لێکچـواندن دووبارە نووسـینەوەی پێـوەندییـەکـان نـیـیـە، لێکچـوواندن وەپشـتـخـسـتنی ئەو هەمـوو مـانـایانەیە کـە دەیانەوێ لـە ناخی خـۆیانەوە مـاناییـیـەکی تر بدۆزنەوە، دواخـستنی ئەو ئامـاژانەیە کـە دەیانەوێ ببەنە مانا و نیـشـانەی مانادار، لێکچوواندن بە مـانا تەندروسـتەکەی دووبارە کۆپیکردن نییـە، بەڵام لە هەندێ کاردا ئەم کـارە کە بەشـێوەیەکی جـوان بەکار ناهێنرێ دەبێتە کۆپیکردن.

لە ئەدەبی کوردی بەتـایبـەت لە نووسین و لێکۆڵینـەوەکـاندا مـاوەیەکە شـێوە کـۆپیکردنێکی بیـر هـەیە، کـۆپیکردنی لێکدانەوە و بۆچوون و بەگـشـتـیکردنی هـەندێ ئایدیـا و لێکدانەوە، هـەندێکیش بازاڕگـەرمی بۆ ئەو شـێوە نـووسـینانە دەکـەن، کـە ئەوەش بۆ خـۆی دەرئەنجـامی کۆپیکردنی لێ دەبێتـەوە، هـەروەها دەبێـتـە هـۆی بڵاوبـوونەوەی یەک رایی و یـەک بۆچوون و یەک حـوکـمی بیـری دیموکراتییـەتی نووسین نامێنێ و سـەرتاگیـرییـەک لە شـێوە روانینەکان بڵاو دەبێتـەوە، ئەو نووسـەرانەشی کـە توانـای رۆشنبـیـرییـان بە هێزە هـەوڵ دەدەن خۆیان لەو شێوە کۆپیکردنانە بپچڕێنن.

لە ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا کۆمـەڵێ زاراوە و بۆچوون و لێکدانەوە هـەن تایبـەت بـە سـەردەمـێکن بۆیە بـڵاوبوونەوەی ئەوانە لـەو سـەردەمـانەدا مـانای کـۆپیکردن نییە بە مـەرجێ هـەرکـەسێک لای خۆیەوە شـێوەیە مامـەڵەکردنێکی تایبـەتی لەگـەڵ ئەو زاراوانە هـەبێت، واتە هـەریەکـە لای خـۆیەوە لێکدانەوە و بیرکردنەوەی خـۆی لە نووسینەکانیدا بخـاتە روو، نەک شێوە گشتگیرییەک لە یەک رەخنە ویەک دەستەواژەییـە و یەک هێرشـی هـەبێ، ئەوەی کەلەم سـاڵانەی دواییدا لە ئەدەبی کوردی روویان دا شـایەدی ئەم بۆچوونەی مـنن.

پرسیار: داهێنان بۆ تۆ چ مانایەک دەگەیەنێ، ئایا داهێنان دووبارە نووسینەوەی پرسیارە گرینگەکانی ژیانە، یان ئاشنابوونە لەگەڵ شتە شاراوەکان؟

وەڵام: قسەکردن لەبارەی هەر داهێنانی ئەدەبی و رۆشنبیری، مەرج نییە قسەکردن بێ لەبارەی ئەزموونی خۆت، قسەکردنە لەسەر گۆشەنیگا و روانینێک لە ئەنجامی کۆمەڵێ ئەزموون لات گەڵاڵە بووە، واتە قسەکردنە لەسەر ئەو فەزایەی کە پەلکێشت دەکات بەرەو رامان و بیرکردنەوەی قووڵ لەمەڕ لێکدانەوە و بۆچوونەکانت، دیارە گۆشەنیگای خوێنەرێ لەربارەی ئەزموونی خوێندنەوەی خۆی جیاوازە لە ئەزموونی نووسەرێک لەربارەی نووسینی خۆی و مێژووی نووسینی خۆی، لە هەردوو حاڵەکەدا گۆشەنیگایەک گەڵاڵە دەبێ، رەنگە نزیک بن لەیەکەوە و رەنگە دووریش بن، بەڵام هەردووکیان خوێندنەوەن بۆ مێژووی ئەزموونێک، خوێنەر لە روانگەی کاریگەرییەکانییەوە قسان دەکات و نووسەر لە روانگەی کارتێکردنەوەکانی خۆیەوە، لەم روانگەیەوە مەسەلەی داهێنان و نووسین و بەرهەمهێنان لە سایەی سیستەمێکی تایبەتدا روو دەدا، ئەو سیستەمە پێی دەوترێ دووبارەبوونەوە، دووبارەبوونەوە بە مانای ژیان و پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ ئەو پانتاییەی کە لە ژیانی ئاساییدا هەموو کەس وەک رووداوێکی سروشتی دەبینێ، بەڵام لای نووسەر ژیانێکی ترە، ئەو ئەزموونانەی تایبەتمەندییەکان و نهێنییەکانی خۆی بۆ کەس ئاشکرا ناکات، لەوێدا و لەگەڵ ئەو ئەزموونانەدا کەسی داهێنەر دێتە پێشێ تا سوود لە تایبەتمەندییەکانی ئەو رووداوانە وەرگرێ و بیانکات بە سەرەتای دەسپێکردن بۆ ئاشکراکردن.

بۆیە ئەوەی کە هەڵدەستێ بە دووبارە نووسینەوەی رووداوەکان کەسێک نییە کە کۆپی دەکات، بگرە کەسێکە وێنەیەکی بەرجەستەبووی ئەو رووداوە دەگێڕێتەوە، واتە کەسێکە پەیام و بەرهەمی خۆی هەیەو لەگەڵ خۆی و ناخی خۆی لە جۆش و خرۆشێکی تایبەتییە و هەردەم لەو پانتاییە دەسوورێتەوە کە

پێی دەگوترێ دووبارە دروستکردنەوە، دووبارە بەرهەمهێنانی جۆش و خرۆش و بەرهەمی تایبەت.

داهێنان لە ئەدەبی کوردی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو ئەدەبەی کە پێوەندییەکان دیاری دەکات، تا ئێستا لە ئەدەبی کوردی پێوەندییەکان بەجوانی نەخوێندراوەتەوە پێوەندی نێوان ژانرەکان و چەمکەکانی ژیان بە جوانی دیاری نەکراوە، پێوەندییەکان نەخراوەتە نێو قاڵبێکی بەرفراوانی لێکدانەوە و بژارکردن. کاتێ کە ئەمە نییە کەواتە پچڕانێک لە بازنەی زنجیرەکانی کردەی داهێنان هەیە.

مادام پرسیارەکە لەبارەی کردەی داهێنانە، کەواتە دەبێ ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین کە هەموو وتارێک و بەرهەمێک خەسڵەتی خۆی هەیە و فەزا و دەوروبەری خۆی هەیە، هەریەک لە ئێمە لە هەوڵی ئەوەدایە فەزایەک دروست بکات کە پڕ بێت لە نهێنی، پڕ بێ لە دۆزینەوە، تەژی بێ لە هەناسەو وزە و هەڵگیرساندن. شلومیت ریمۆن لەمەڕ دەق زۆر بە سادەیی دەڵێ: دەق ئەو دەقەیە کە بخوێنرێتەوە، منیش دەڵێم کردەی داهێنان ئەوەیە کە بەرهەم نەهێڵێ لە دەستی هەڵبێ، کردەی داهێنان ئەو گۆشەنیگایەیە کە بتکاتە بەشێک لە بەسەرهات و لێکدانەوەکان، بتکاتە بەشێک لە پێوەندی و لێکدانەوە، وات لێ نەکات کە تۆ لە دەرەوە بیت و داهێنانەکەش لە ناوەوە.

زۆربەی کارە داهێنانەکان باس لە پێوەندی دەکەن، پێوەندی نێوان ئەم سەردەم و ئەو سەردەم، باس لە جیاوازی نێوان پێوەندیەکان دەکەن، پێوەندی مرۆڤ بە هەموو ئەو رەگەزانەی کە بەشدار دەبن لە کردەی پێکهێنانی بەرهەمە زیندووەکان، پێوەندی نێوان بیرکردنەوە و بەشداریکردن لە رەگەزەکانی ژیان، بۆیە مەسەلەی پێکهێنانی پێوەندی گرینگترین رەگەزە بۆ داهێنان، واتە پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان هەموو رەگەزەکان پێوەندی نێوان داهێنەر و ئەوانەی بەشدار دەبن لە داهێنانەکان.

* دە ناو لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا هەڵبژێرە کە خۆت حەز بکەیت پێناسە و بۆچوونت لەربارەیان هەبێ؟

– تەنیا لێرەدا دەتوانم چەند توانایەک بخەمە ڕوو، کە نموونەی تریشم لە دڵە:

لەتیف هەڵمەت: ئەو نموونە و شێوانەی هێنایە ناو شیعری کوردی پێشتر باس نەکرابوون، لە ڕووی تەکنیک و وێنە و کاراکتەرە شیعرییەکانی نوێکەرەوە و یاخین، بەڵام لە زماندا کەسانی تر لەو لەپێشترن.

سەباح ڕەنجدەر: لای ئەو سامانی وشە و هەناسەی درێژ و گەمەکردن بە زمان، ناوەندێکن شیعر دەکەن بە داهێنان.

عەتا محەمەد: یەکەمین چیرۆکنووس بوو مامەڵەی لەگەڵ سێ مەودایی کردووە لەنێو چیرۆکی کوردی.

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی: وردبینترین لێکۆڵەرە لە ئاشکراکردنی کەلێنەکانی شیعر و چیرۆک و مەوداکانی بیرکردنەوە لە نێو رۆشنبیری کورد.

ئازاد بەرزنجی: دەکرێ زمانی وەرگێڕانی ئەو سەرچاوەی دەوڵەمەندی بێ بۆ ئێمە.

کەژاڵ ئەحمەد: پاش مەستوورەی کوردستانی بەجورئەتترین شاعیری ژنە لە باسکردنی هەست و جەستەی مێ.

محەمەد کەمال: زمان و تێگەیشتنی وا دەکات فەلسەفە لای خوێنەری کورد شیرین بێ.

ماردین ئیبراهیم: گەنجێکە بەرامبەر بۆچوون و گێڕانەوەی تووشی رامان دەبم.

ئیسماعیل خەیات: فەلسەفەی ژیان و مەرگ لە هێڵ و رەنگدا وێنا دەکات.

ئازاد ئەحمەد: کەمنووسی جواننووسە لە شیعردا.

# پێرست


وردبوونەوەیەک ..... 5

سپی و ڕەش ..... 11

سێبەر و گۆڕینەوە ..... 18

ڕووبەری تاریکی و ڕوون ..... 27

بازنەکانی دووبارەبوونەوە ..... 33

فۆرمەکانی بازنە ..... 38

سەد و یەک بیرەوەهاتن ..... 41

بەشیعربوونی کەسایەتییەکان ..... 47

کەسایەتییەکانی تر ..... 56

زمانی ئاوێنە ..... 62

سروشتگەرایی لە نێوان ئاو و وشکاییدا ..... 68

لینزی شیعریی لە شیعری نوێی کوردیدا ..... 75

ڕەخنە و چیرۆک لە دیمانەیەکدا ..... 129